# ژنان

گۆڤاری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

**ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ**

ژمارە: 33

رەشەمەی 90 - March 2012



- سەرکوتی ژنان سوژەی سەرەکی 33 ساڵ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی
- دەسکەوتە یاساییەکانی ژنان
- کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ دواوە
- بە بۆنەی 10 ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ژنان
- دیمانە لەگەڵ خاتو سوڕەییا فەللاح سەرۆکی ڕێکخراوی ژنان بۆ پاراستنی ژیان






Woman Wonderful Wilfulness Wisdom Winner

## بەبۆنەی رۆژی جیهانی زمانی دایک 21ی فیوریە بەرانبەر بە دووی ڕەشەمە

نەتەوەی بنگلادش لە ڕۆژی 21ی فیوریەی ساڵی 1952ی زایینیدا دژ بە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی دەوڵەتی پاکستان دەستی دایە خۆپیشاندان و خوازیاری ئازادیی زمانی دایکی بوون. باڵام بەرەنگاری هەڕەشە و توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتی پاکستانەوە بوون و لە ئاکامدا چەندکەس کوژران. سەرەڕای ئەم ڕووداوە نەتەوەی بەنگلادش درێژەیان بە ڕێگەکەیان داو کۆڵیان نەدا و نەتەنیا دواتر توانیان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، بەڵکوو وڵاتەکەشیان لە ژێردەستەیی رزگار و سەربەخۆ کرد. دواتر ڕێکخراوی جیهانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە مەبەستی یادی شەهیدانی ئەو ڕێگایە 21ی فیوریەیان وەک ڕۆژی زمانی دایکی ناودێر کرد. زمانی هەڵگری شوناس و مێژوویی هەر نەتەوەیەکە، دابڕان لەزمانی دایکی بەواتای سڕینەوەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتی وخنکاندنی یەکەم هەناسەی ئازادییە، زمان دەتوانێ یارمەتی بەدروست کردنی بیرو هزری مرۆڤ بگەیەنێ زمانی دایکی یەکێک لە مافەسەرەتاییەکان و لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدانی ناسنامە و فەرهەنگی هەر گەل و کۆمەڵگایەکە. گەلی کورد لەمێژە لەم مافە سەرەتاییە بێ بەشە و زۆرجار بەهۆی بەکاربردنی زمانی زگماکی هێرشی کراوەتە سەر. بەدوای دروست بوونی ڕژیمی پەهلەوی، هەوڵدرا زمانێکی یەکگرتوو لە ئێراندا ساز بکرێت و ببێتە زمانی فەرمی، واتە زمانی فارسی و بەم چەشنە زمانی نەتەوەکانیتر کەوتە ژێر ڕەهێڵەی تواندنەوە. بەپێی ئەو پێوەرانەی کە بۆ بوونی زمانێک ڕەچاوی دەکەن زمانی کوردی زمانێکی زیندووە کە نزیکەی 40ملیۆن کەس پێی دەدوێن، بەڵام بە هۆگەلی جۆراوجۆر کەوتۆتە پەراوێزەوە. لە ڕاستیدا هەروەک لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتووە خوێندن بە زمانی زگماکی مافی هەر مرۆڤێکە و کەس بۆی نییە ئەم مافەی لێ زەوت بکات.

بەداخەوە دەسەڵاتداران هەمیشە بۆ لەناوبردنی ناسنامەی کورد هەوڵی سڕینەوەی زمانی کوردییان داوە لە ئێراندا بواری بەکارهێنانی ئەم زمانە بەرتەسک و سنووردارە هەرچەند بەپێی ئەسڵی 15ی یاسای بنەڕەتی وڵاتی ئێران کەڵک وەرگرتن لە زمانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە گۆڤار و بڵاوکراوە گشتییەکان و هەروەها خوێندنیان لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا لە قەراغ زمانی فارسی ئازاد ڕاگەیێندراوە، بەڵام تا ئێستا ئەم ئەسڵە گرینگەی یاسا نەچۆتە خانەی جێبەجێ کردنەوە. لەدەستدانی زمان لەدەستدانی گرینگترین کۆڵەکەی نەتەوەییە. بۆیە هەر نەتەوەیەک زمانەکەی خۆی خۆشدەوێ و بەشیرینترین زمانی دەزانێ و بایەخ و ڕێزی لای هەیە و پارێزگاریی لێدەکات. بە باوەی زۆرێک لە شارەزایانی زمانەوانی، زمانی کوردی تایبەتمەندییەکی دێرینی پێوە دیارە کە بەم هۆیەوە وەک زمانێکی لە مێژینە و ڕەسەن دەناسرێت، دەگوترێ هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی جیهان واژۆ دەکات" زمان نەک هەر تەنیا هۆکارێکی دەربڕینە بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا دروستکەری ناسنامە و شوناسی مرۆڤە. قوتابخانە زۆر کاریگەری لەسەر دروست بوونی کەسایەتی منداڵ هەیە، بەڵام مافی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێراندا تەنیا بەیەک زمان (زمانی فارسی) هەیە و منداڵانی کوردیش وەک باقی منداڵانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان بێ بەشن. بەئاواتی هاتنی ڕۆژێک کەچی دیکە شاهیدی زوڵم و هەڵاواردنی نەتەوەکەمان لە گشت بوارەکاندا نەبین.

**سەرنووسەر**

«بەیاننامە بەبۆنەی هەشتی مارس رۆژی جیهانی ژنان» ٢

پەیام بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە ٣

پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ٤

**کۆمەڵایەتی**

سەرکوتی ژنان سووژەی سەرەکی ٣٣ ساڵ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ٥

دەسکەوتە یاساییەکانی ژنان، کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ دواوە ٧

با هەر (٨ی مارس)یادی ژن نەکەینەوە ٩

بەبۆنەی ١٠ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری «ژنان»وە ١١

راستەقینەی ژن و حەقیقەتی مرۆڤ ١٣

خۆکوژی، هۆکارو گرفتەکان ١٥

«زاوتەی بیرکردنەوە و هێزی نووسین» ١٧

«زاوتەی بیرکردنەوە و هێزی نووسین» ١٧

ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان ١٨

کۆڕیادێک بۆ یادکردنەوەی١٠ ساڵەی کوژرانی فادیمە شاهیندال لە ستۆکهۆڵم ١٩

تێڕوانینێک بۆ هۆکارەکانی پەرەسەندنی خۆسوتاندنی کچان و ژنان
لە وتوویژ لەگەڵ گۆڤاری ژنان دا ٢٠

خەتەنە کردنی ژنان ئەو توندوتیژیەی کە بوو بە کەلتوور ٢٣

باوکم وتی ئەگەر لەمەولا بچیت بۆ زانکۆ، ئیتر کچی من نیت و هیچ
یارمەتیەکیشت نادەم» ٢٤

وتوویژ لەگەڵ سورەیا فەللاح ٢٥

توندوتیژی لەدژی ژنان ڕەوتێکی ئاساییەو
هەموو رۆژێک لە ژیانی ژنان دووپات دەبێتەوە ٢٧

**ئەدەبی** ٢٨

**هەڵدانەوەی لاپەری ژیانی ژنێک** ٣٩

**ژنی کورد لە دنیای نێت دا** ٤٠

**ژن ئەستێرە** ٤١

**کەیبانوو** ٤٣

**زانستی** ٤٤

**هەواڵەکانی دەرەوە** ٥١

**هەواڵ و ڕاپۆرت** ٥٥

**فارسی** ٥٨

**ئینگلیسی** ٦٠



**سەرنووسەر:**
حەلیمە ڕەسوڵی
**دەستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، عیسمەت نەستانی، ڕۆژە عەزیزی

**هاوکارانی ئەو ژمارەیە:**
شەونم هەمزەیی، بێگەرد عەلی پور،


# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە


**دیزاینی بەرگ:**
پێشەوا عەلیپوور
**دیزاینی ناوەوە:** مینا سوڵتانزادە
**تایپ:** ڕەزیە ڕەحیمی



**ئیمەیلی «ژنان»:**
Yjd.kurdistan@yahoo.com
ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی
ژنانی دێموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121




# بەیاننامە بەبۆنەی هەشتی مارس

# ڕۆژی جیهانی ژنان

زیاتر لە سەدەیەک لە دیاری کردنی ڕۆژی هەشتی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان تێپەڕ دەبێت.

ڕۆژێک کە دەگوترێ لە کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان ساڵی ١٩٠٨ی زایینی لە وڵاتی دانیمارک «کلارازاتکین» پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕۆژێک بۆژنان تەرخان بکرێ و ببێت بە ڕۆژی جیهانی ژنان، بەڵام پاش تێپەڕبوونی پتر لە یەک سەدە سەرەڕای ئەوەکە تێکۆشانی ژنان لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان هەرلە ڕێدایە و ڕێگایەکی زۆری بریوە، بەڵام بەداخەوە تا بەئێستاکە لە سەرتاسەری جیهان ژنان لەلایەن بیروڕای دواکەوتووانە و سوونەتی کۆمەڵگا و لەلایەن ڕژیمە دیکتاتۆرەکاندا لە ژێر زوڵم وزۆری و چەوسانەوەدان، بەگشتی ئەگەر هێندێک لە وڵاتانی گەشەسەندوو لە بوارە فەرهەنگی وکۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە ژنانیان ماف و ئازادییەکی زیاتریان وەدەست هێناوە، بەڵام بەوحاڵەش لەڕووی پراکتیکییەوە هێشتا مافگەلێکی یەکجار زۆر ماوە وەدەستی بێنن.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕادەی ستەم کردن لە ژنان و مەیدانی بێ مافی ئەوان یەکجار بەربڵاو و بەرچاوە. لەماوەی دەسەڵات داریەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دا بەردەوام ژنان بەشێوەی سیستماتیک سەرکوت کراون. ژنانی کوردیش وەک باقی ژنانی ئێران بە تێگەیشتن لەو زوڵم و زۆرییەی کە دژ بە ژنان دەکرێ و بەهەست کردن بەو پێشێلکاریانە هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی خەبات و بەشکاندنی نۆرمەکان دەور و ڕۆڵیان هەیە لە خەباتی نەتەوەیی و خەبات بۆ یەکسانی مرۆیی.

هەڵبەت دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی جیاوازدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ژنی کورد دەبێتەوە هێندێک جار جیاواز بن، بەڵام بەو حاڵەش بزوتنەوەی ژنانی کورد سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبروزەنگێک دەوری هەیە و حاشای لێناکرێت. بێ گومان جووڵانەوەی ژنانی کورد هەرگیز ناکەوێتە فەزای ترس و وەحشەتی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان و ئەم جووڵانەوەیە لە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی ڕزگاری بەخشی خۆی هەنگاو دەنێ، بەداخەوە هەتا ئێستاش زۆر دیاردەی نەرێنی ونێگێتیڤ لە کۆمەڵگای کوردستان دا وەک بەشوودانی زۆرەملێ، قەتڵە ناموسییەکان و خۆسووتاندنی ژنان بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ئیلام، خەتەنە و توندوتیژی بەرچاو دەکەون و پێویستە کار بۆ نەهێشتنیان بکرێ. لە کۆتایی دا سەری ڕێز بۆ هەموو چالاکانی ژنان لە جیهان و کوردستان دادەنوێنین و پەیمان نوێ دەکەینەوە لەگەڵ ئەو ژنانەی کە وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان خەباتیان کردووە و لەو ڕێگایەدا بوون بەقوربانی و پشتیوانی لە هەموو ئەو چالاکانەی کە لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا دەست بەسەرن دەکەین.

بەهیوای بنبڕ بوونی هەڵاواردنی ڕەگەز، یاسای بەردەباران و بەدەیان یاساو گەلاڵەی قێزێوونی دیکە لە ئاستی جیهان دا.

**ڕزگاری ژن ڕزگاری کۆمەڵگایە.**
**پیرۆزبێ هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان**

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێمۆکراتی کوردستان**
**٢٠١٢/٣/٨**
**١٣٩٠/١٢/١٧**



# پەیام بە بۆنەی

# ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە

**خوشک و برایانی خۆشەویست!**
**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!**
چالاکان و تێکۆشەرانی بواری مافەکانی ژنان!
بەبۆنەی شێست و شەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین سڵاو ص پیرۆزباییتان پێشکێش دەکەین. بەم بۆنە پیرۆزەیەوە سڵاو دەنێرین بۆ ژنانی ئازادیخواز و ماندوویی نەناسی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مافی ڕەوای ژنان و مافی بەرابەریی ژنان لەگەڵ پیاوان دا هەیە.

شێست و شەش ساڵ لەوەپێش لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤دا لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە هاندان و پشتیوانیی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر، سەرۆککۆماری کوردستان و بە هیممەتی پۆلێک لە ژنانی چالاک لە سەرووی هەموویانەوە مینا خانمی قازی، ئەم ڕێکخراوە دامەزرا. بۆیە جێی خۆیەتی سەری ڕێز و ئەمەگناسیان لەبەرامبەردا دانەوێنین سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکیان.

**بەڕێزان!**
گرنگیی دامەزرانی ڕێکخراوێک بۆ ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان کاتێک زیاتر بۆ دەردەکەوێ کە بزانین ئەم ڕێکخراوە لە هەلومەرجێک دا دەمەزرا کە کۆمەڵگەی کوردەواری پێوەندییە کۆن و سوننەتی و عەشایرییەکانی بە تەواوی بەسەر دا زاڵ بوو، لە کۆمەڵگای پیاوسالارانەی ئەوکات دا خوێندەواری لە نێو پیاوانیش دا کەم بوو تاکوو لە نێو ژنان دا هەبێ. هێشتا زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی لەبار بۆ ژنان پێک نەهاتبوو کە ئەم ڕێکخراوە دامەزرا. ئەوەی یارمەتیی بە دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە کرد کەش و هەوای ئازادانە و پێشکەتنخوازانەی سیاسیی ئەو کاتی کۆمار بوو کە ئەم دەسکەوتە مێژوویەیەی لێ کەوتەوە.

لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمجار ڕێکخراوێکی سینفیی تایبەت بە ژنان وێڕای ڕێکخراوی لاوان دامەزرا. گرنگ نیە ئەم ڕێکخراوە لەو سەردەمەدا و لەو ماوەکورتەیەی دا کە لە سایەی کۆماری کوردستان دا تێکۆشانی هەبوو چەندەی خزمەت بە چارەسەری کێشەکانی ژنان کردوە، گرنگ ئەوەیە کە سەرەتایەک بوو بۆ هێنانەگۆڕی فکری ئەوە کە ژنان دەبێ وەک پیاوان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بەشدار بن و نەتەوەی کورد لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی ژیانی خۆیدا کەڵک لە هەموو زەرفیەتەکانی وەربگرێ و ئیدارەی دەوڵەت و کۆمەڵ هەر بەتەنیا نەکەوێتە ئەستۆی نیوەکەی، واتە پیاوان. کورد هەقیەتی شانازی بە پێگەیشتوویی ڕێبەران و نوخبە سیاسییەکانی خۆی بکا کە لەو سەردەمەدا ڕێگایەکی ئەوتۆیان بۆ ژنان خۆش کرد. بە تایبەتی ئەگەر سەرنج بدەینە ئەوەی دوای شێست و شەش ساڵ لەو ناوچەیەی کۆماری کوردستانی تێدا دەمەزرا هێشتا ژنان بە تەوای خاوەنی سەرەتایی ترین مافە ئینسانییەکانیان وەک پێناسە، مافی دەنگدان، مافە خاوەندارەتی و ... نین.

ڕێکخراوێکی سینفیی وەک یەکیەتیی ژنان زیاتر بەرهەمی ژینگەیەکی دێموکراتیکە، هەر بۆیەش لە سەردەمی کۆماری کوردستان¬دا کە کەشءهەوایەکی دیموکراتیک باڵی بەسەر کوردستان دا کێشابوو، دامەزرا. بێگومان ئەگەر تەمەنی ئەم کۆمارە درێژەی هەبووایە ئەم ڕێکخراوەیە گەشەی دەکرد و کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بوارە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی ژنان دەبوو. ئێستاش کە ئەم ڕێکخراوەیە تێکۆشانی هەیە لە سایەی ژینگەیەکی دیموکراتێک دایە ـ هەرچەند لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی تەسک دا ـ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکی هێناوە. کەوابوو ئەم ڕێکخراوەیە لە داهاتوودا بە لاچوونی دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی دەتوانێ دەوری شایانی خۆی بگێڕێ و خزمەتی گەورە بە مەسەلەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بکا.

تێکۆشەران و لایەنگرانی بواری مافەکانی ژنان!
ئەوە جێگەی داخە کە شێست و شەش ساڵ لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنان تێ دەپەڕێ و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان لە گۆڕێ دایە، بەڵام ئێستاش مافەکانی ژنان لە کۆمەڵدا بە تەواوی نەچەسپاون و نیهادینە نەبوون، تەنانەت ئێستاش ژنان و کچانی کوردستان قوربانیی پێوەندییە کۆن و سوننەتییەکانن. ئێستاش کۆمەڵگەی کوردەواری و سەرانسەری ئێران لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خۆی دا لە بەرەورووبوونەوەی سوننەت و مۆدێرنیتەدا ژنان دەبنە قوربانیی سەرەکی. هەربۆیە دەبینین ڕێژەی خۆسووتاندن و خۆکوژی و دیاردەی نگریس و نەنگینی « ژنکوژی» هەروا لە سەرێیە. ئەوەی زیاتر بۆتە باعیس و خەتابار لەم بارودۆخە تراژیدییەدا لە دژی ژنان، تێڕوانینی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران دایە کە جگە لە مندابوون، چێشتلێنان، خاوێن کردنەوە ماڵێ، مافێکی دیکە بۆ ژنان بە ڕەسمی و ڕەوا نازانێ. ئەم سیاسەتە، کوورەی سوونەت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی نێڵ داوە و هەڵەسوونەی بەو سیستەمە رزیو و پەککەوتوویە هێناوەتەوە کە لە وڵاتانی پەرەگرتوو یان لە حاڵی پەرەگرتوو دا یان مردووە یان خەریکە لە نێو دەچێ.

**خۆشە ویستان!**
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەم هەلومەرجەدا زیاتر دەتوانێ بە گوێرەی توانای خۆی دەنگی زیندووی ژنانی ستەملێکرا و مافخوراوی کوردستان بێ و بەرنامەی شیا و گونجاوی بۆ چارەسەری مەسەلەی ژنان هەبێ. لەم بارەیەوە کارنامەی یەکیەتیی ژنان جێگەی شانازییە. یەکیەتیی ژنان و هەر ڕێکخراوێکی سینفی و مەدەنیی دیکە ئەو کاتە دەتوانن ئیمتیازێک بۆ سینفیی خۆیان و تاکەکانی خۆیان لە کۆمەڵ بستێنن کە بەستێنێکی دیموکراتیک لە وڵات دا هەبێ. تا دیکتاتۆری لەسەر کارە مافی هەموو چین و توێژێک و هەموو سینفێک پێشێل کراوە، بۆیە لە ڕەوتی خەبات لە دژێ ڕێژیمێکی کۆنەپەرستی وەک کۆماری ئیسلامی دا ئەرکێکی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی ژنان، هەروەک بە خۆشیەوە لەم ڕووداوانەی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە ئێران دا دیارە ژنان هەستیان بەو ئەرکە کردوە کە مێژوو خستوویەتە سەر شانیان.

ژنانی کوردستان سەبارەت بەوەی نیوەی نەتەوەیەکی بێ ماف و ستەملێکراو پێک دێنن ئەرکی زیاتریشیان لەسەر شانە. گومانی تێدا نیە بەو ڕادەیەی ژنانی کورد لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان دا دەوریان هەبێ، بەو ڕادەیەش لە دەسکەوتەکانی بەهرەمەند دەبن.

لە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دا جارێکی دیکە سڵاو دەنێرین بۆ ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز،

سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو ژنانەی بە ناڕوا بوونە قوربانیی پێوەندیی کۆن و زاڵمانەی کۆمەڵایەتی لە دژی ژنان،

سڵاو دەنێرین بۆ ئەو ژنانەی بەدەست دیکتاتۆری و ئازار جەزرەبەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییەوە دەناڵن،

**سڵاو لە ڕێبوارانی ڕێگای بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و بەرامبەرریی مافەکانی ژنان و پیاوان.**

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**
**٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٠**

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و

# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان



**میوانە بەڕێزەکان!**
**هاوڕێیانی شۆڕشگێر و نیشتمان پەروەر!**
**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

بە بۆنەی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەمەد، لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پیرۆز باییی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ژنانی تێکۆشەری گەلەکەمان و لاوانی بەهەستی گەلی کورد و ئێوە میوانە بەڕێزەکان دەکەین.

بەسەرنج دان بە مێژووی پڕ سەروەری گەلی کورد، دەبینین کە یەکێک لە مەزنترین دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان دامەزرانی کۆماری کوردستان بووە. کۆماری کوردستان ٦ مانگ دوای دامەزرانی حیزبێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێر، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوای زانا، قازی محەمەدی هەمیشە زیندوو لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. کۆماری کوردستان گرینگیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو لەو کەشوهەوایەی ئەو سەردەمەدا، لە سەردەمێکدا کە ڕاگەیاندنی گشتی دەوری نەبوو و بۆلێک نزیک بوونەوەی خەڵک لەدەوری یەک و کۆبوونەوەی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان تاکە شتێک کە دەیتوانی هەموو لە شوێنێک دا کۆ بکاتەوە، دامەزرانی حکوومەتێکی کوردی بوو.

هەر ئەوە بوو بە هۆی لێک نزیک بوونەوەی کوردەکانی باشووری کوردستان بە ڕێبەری بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لە دەوری پێشەوا قازی محەمەد بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان.

ئەگەرچی تەمەنی کۆمار زۆر کەم بوو، بەڵام لە عەینی حاڵ دا کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخی لەو ماوەدا بەدەست هێنا کە ئەوە خۆی نیشاندەری گەورەی و بلیمەتی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی بوو.

لە سەردەمێک دا کە گرینگیەکی ئەوتۆ بە ژنان نەک هەر لە کوردستان بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان نەدەدرا و زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، پێشەوا قازی محەمەد کەوتە بیری هەوڵێکی مرۆڤ دۆستانە و نیشتمان پەروەرانە کە بتوانێ ژن وڵاوی کورد لەو قەیرانە ڕزگار بکات. دوو هەوڵی بەنرخ و مێژووی کە لە دەسکەوتە بەنرخەکانی کۆماری کوردستان هەژمار دەکرێن، دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. دامەزرانی ئەم دوو ڕێکخراوە لەو سەردەمە دا توانی هەستی نەتەوایەتی و پێشکەوتن خوازی لاوان و ژنانی کورد بزوێنێ و هانیان بدا کە لە مەیدان دا خۆیان نیشان بدەن و تواناکانیان بخەنە گەڕ، هەر ئەوە بوو کە ژنان و لاوانی کورد هاتنە مەیدان و سەلماندیان کە گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانەوە سەرکەوتووە و دەریانخست کە کۆماری کوردستان تایبەت بە چینێک نییە و هەموو بەشدارن. بایەخدان بە لاوان و ژنان لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دەنگدانەوەیەکی بەسوودی بۆ گەلی کورد هەبوو و پێشکەوتنخوازی گەلی کوردی بۆ وڵاتانی دەوروبەر نیشان دەدا. ئێستا کە ٦٦ ساڵ تێپەڕ دەبێ بەسەر ئەو ڕۆژە مێژووییەدا، دەسکەوتەکانی کۆمار نەک هەر لە یاد نەکراون بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان گرینگیی تایبەت بەخۆی پێدراوە و ڕۆژ بەرۆژ بەرەو پێشتر دەچێ. یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حزوریان لە مەیدان دا ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە.

لاوان و ژنانی ئازادیخواز

بە نزیک بوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێران و هەڵبژاردنی شوڕای شارەکان، دەبێ بزانین کە ئەرکی ئێمە لەو پێوەندیەدا چیە. لەم هەلومەرجە دا کە زۆر لە وڵاتانی دەرەوە تەحریمیان لە سەر حکوومەتی ئێران داناوە و تەنانەت لە نێو بەشەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ناکۆکی و ناتەبایی پێوە دیارە و لە نێو خۆی ئێرانیش دا ئیسلاح تەڵەبەکان هیچ ئومێدێکیان بە چاک سازی و گۆڕانکاری نەماوە. هەروەها زۆربەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەم هەڵبژاردنانەیان بایکۆت کردووە.

ئێمە وەک دوو ڕێکخراوی لاوان و ژنان پشتگیری خۆمان لە بایکۆتی هەڵبژاردنی شوراکان دەکەین و داواش لە خەڵکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر دەکەین کە بە بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنە هاودەنگی خۆیان بخەنە پاڵ هاودەنگیەکەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و بۆ جارێکی دیکە نارەزایەتی خۆتان لە بەرانبەر دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرببڕن.

پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدان وپێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد

**کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ بەرانبەر بە ٢٢ ژانویەی٢٠١٢**

# سەرکوتی ژنان، سووژەی سەرەکی ٣٣ ساڵ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران

کوێستان فتوحی



ساڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد، ژنان شان بە شانی پیاوان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوییدا دا کرد، بە هیوای ئەوەی خەڵکی ئێران ماف و ئازادییەکانیان لە ڕێژیمی تازەدا وەدی بێ. بەڵام بەداخەوە خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەو شۆڕشە سەرکەوتووەی وێران کرد و بە مەبەستی قایمکردنی بناغەی دەسەڵاتەکەی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاریان دەستی کرد بە سەرکوتی ئازادیخوازان و بەهەزاران مرۆڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا سەرکوت و لەناو برد کە ئەم پرۆسەیە پاش ٣٣ ساڵ هەر بەردەوامە.

یەکێک لەو توێژانەی کە هەر لەسەرەتاوە کەوتەبەر شاڵاوی سەرکوت و بێدەنگ کردن، ژنان بوون. ئەم توێژە گەورەی کۆمەڵگەی ئێران ئەو ماف و ئازادییانە کە پێشتریش بە هۆی ئاگایی و هەوڵ و تێکۆشانی مافخوازانەیان لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیدا وەدەستیان هێنابوو، لە لایەن ڕێژیمی خومەینییەوە دانەدانە لێیان زەوتکراوە و پێشێل کران. خومەینی زۆر باش دەیزانی بۆ قایمکردنی پایەکانی دەسەڵاتە مەزهەبییەکەی دەبوو لە چ فاکتۆرێک کەڵک وەربگرێ. فاکتۆری مەزهەب. ژنان باشترین نێچیر بوون بۆ ئەو، تاکوو ئامانجەکانی خۆیانی پێ بپێکێ. ڕێژیمی خومەینی هێشتا بە تەواوەتی دەسەڵاتەکەی تەسویب نەببوو، هێرشی کردە سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان و حیجاب کە نمادی کۆیلەیی ژنە بەسەر ژنانیدا داسەپاند. ئەمە سەرەتایەک بوو لە دژایەتی لەگەڵ ژنان لە ڕێژیمی تازەدا.

ماف و ئازادییەکانی ژنان بە هیچ جۆر لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەی ئەوان نەدەهاتەوە. بەتایبەتی کە دەیانزانی ژنانی ئاگا و وشیاری کۆمەڵگە چ نەخشێکی بێوێنەیان لە شۆڕشدا هەبووە. ئەوان نیگەران بوون لەو هێزە زۆر و بەربڵاوە کە نەکا ڕۆژێک ببێتە هۆی مەترسی بۆسەر دەسەڵاتە مەزهەبییەکەیان. مەزهەبێک کە وەک کەرەسەیەک کەڵکیان لێوەرگرت بۆ بەدەسەوەگرتنی دەسەڵات. بە دەستووری خۆمەینی، سەرکوتی ئازادیخوازن بەگشتی و، ژنان بەتایبەتی خرایە ئەولەوییەتی کاری حکوومەتی تازەوە.

ئەو قانوونە کۆنەپەرستانەیەی ئەمڕۆش سێبەری کێشاوە بەسەر ژنانی ئێرانەوە، بەرهەمی هەمان بیرکردنەوەی خومەینی و دارودەستەکەی بوو بە دژی ژنان بۆئەوەی بیانکاتە بوونەوەرێکی گۆشەگیر و گوێڕایەڵ و بێدەنگ.

ئەگەر چاو لە ئولگووە ڕەفتارییە داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا بۆ سەر کۆمەڵگەگەی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانیەوە هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا بکەین، زۆر بە ئاسانی ئەو ڕاستییەمان بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێ کە سەرکوتی ژن سووژەی سەرەکی سیاسەتەکانیان بووە.

بە پشتیوانی و فەرمانی خومەینی دارودەستە گۆپاڵ بەدەستەکانی لە سەرەتاوە بە دروشمی « یا ڕوسری یا توسری» دەستیان بە ئازاردانی ژنان کرد. دواتر بە دەیان و سەدان گەڵاڵەی پەسندکراوی وەک: داسەپاندنی جلوبەرگی ئیسلامییانە، هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پشتیوانی لەبنەماڵە کە لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢ پەسند کرا بوو و هێندێک مافی کۆمەڵایەتی ژنی تێدا پارێزرابوو، قەدەغەکردنی زۆر شوغڵ و دەیان لقی جۆراوجۆری خوێندن لە کچان و ژنان، هاندانی بنەماڵە بۆ زۆر کردنی ڕێژەی منداڵ و هەڵگرتنی باخچەی ساوایان (مهد کودک)، بەمەبەستی خزاندنەوەی ژنان بۆ نێو ماڵ و دوورکردنەوەیان لە بوارەجۆرەکانی کار لە کۆمەڵگەدا، ئاسانکردنەوەی چەند هاوسەری بۆ پیاوان، هەڵاوادنی جنسییەتی لە کتێبە دەرسییەکانی پەروەردە و فێرکردن و.... هەموو ئەوانە سیاسەت و بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ ئەوەی ژنان لە تێکۆشانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زیاتر دوور بخاتەوە یان وەک مرۆڤی لاواز و پلە دوو لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵیان بۆ دیاری بکرێ. دیارە نە بە قسە و نە بە نووسین ناتوانرێ تەعبیر لەوهەموو بێحورمەتییەی لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەرانبەر بە ژنان کراوە بکرێ، تەنیا مەگەر ئەوەی ژن بیت و لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا ژیابی هەست پێدەکەی کە ژنان لە ئێران لەگەڵ چ ستەم و ناعەداڵەتییەک بەرەوروو بوونەتەوە . کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٣ ساڵ دەسەڵاتی پڕ لە شەڕ و ئاژاوە و توندوتیژییدا، پەروەندەیەکی تەواو ڕەش و بێزراوی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا بووە و ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

### بەربەرەکانی و خۆراگری ژنان

ژنان یەکێک لەتوێژە هەرە چالاک و زیندووەکانی کۆمەڵگەی ئێران ژنان بوون و هەن. کاتێک لە ڕەشەمەی ١٣٥٧ فەرمانی حیجابی زۆرەملی بۆ ژنان لایەن خومەینییەوە دەرکرا، ژنان هەر وا بێدەنگ نەبوون. چەند ڕۆژ دواتر لە ١٧ ڕەشەمە ڕۆژی جیهانی ژن دا گەورەترین خۆپیشاندانیان لە شاری تاران و زۆر شاری دیکەی ئێران بە دژی ئەو فەرمانەی خومەینی بەڕێوە برد. ئەمەش سەرەتایەک بوو لە



ژناندا، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زۆریان هەوڵ دا نموونە (الگو)یەکی تایبەت دیاری بکەن بۆ شێوەی جلوبەرگ پۆشینی ژنان لە ئێران. بە پێکهێنان و سازماندانی هێزی جۆراوجۆری گەشتەکانی «امر به معروف و نهی از منکر»! لە شاقامەکان وتەرخان کردنی هەزینەیەکی زۆر بۆ کۆنترۆڵ و چاوەدێری شێوەی پۆشینی جلوبەرگەکان (رووسەری و مانتۆ و تەنانەت کەوشی! ژنان)، جگە لەوە ساڵانە پووڵێکی زۆر خەرجی نووسینی دروشمی پرووپووچی جۆراوجۆر لە پەسنی حیجاب و زەم و سەرکۆنەی بێ حیجابیی لەسەر دارو دیواری شەقام و ناوەند و شوێنە گشتییەکان دا کردوە، بەڵام لەلایەن ژنانەوە کەمترین بەربەرەکانیی لە دژی بڕیار و فەرمانەکانی خومەینی و حکوومەتەکەی لە لایەن ژنانی ئاگا وشیارەوە.

کۆماری ئیسلامی بیەوێ و نەیەوێ، ئەمڕۆ ژنانی ئێران لە ریزی پێشەوەی خەباتێکدان کە ژنانی سەرانسەری جیهان لەم سێ دەیەی رابردوودا لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بەرەوپێشیان بردوە. خەباتی ژنانی ئێران بە پشتبەستن بە یاسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، خەباتی دژی جەهل و خورافات و پیاوسالارییان کردۆتە ئامانج کە مێژوویەکی درێژی هەیە و تەنانەت بە ناوی ئایینەوە نیوەی کۆمەڵگەی بەشەری کردۆتە کۆیلە. هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە ژێر پەردەی دین بۆ دوور خستنەوەی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، دەتوانین بڵێین لە گەڵ شکست بەرەوروو بۆتەوە. سەرەڕای نواندنی هەموو زەبر و زەنگێک، نەیان توانیوە بەرنامە و پرۆژەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵاواردنی جینسییەتیدا، بە ئاسانی بەرنە پێشێ. لە راستیدا بە زۆریی و بە و هەڕەشە داسەپاندنی گەڵاڵە و پرۆژەیەک، نیشانەی ئەوەیە ئەو سیاسەتەیە وەرناگیرێ و ئەو کۆمەڵگایە پەسەندی نەکردوە . تاکوو ڕێژیم زۆرتر زەبر وزەنگی نواندبێ، ژنانیش، بەربڵاوتر و ڕێکخراوتر لەسەر خەباتی مافخوازانە و ئازادیخوازانەیان سوورتر بوون. هەرچەند ئەم خەبات و خۆڕاگرییە نەیتوانیوە بە تەواوی بە ئامانجەکانیان بگەیەنێ، بەڵام هەر ئەوە کە نەچوونەتە ژێر باری سیاسەتە پڕ لە هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. تەنانەت لە زۆر بوارەوە توانیویانە پاشەکشە بە کۆنەخوازان بکەن، گرنگە و شکستە بۆ ئەو دەسەڵاتە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە زۆریان هەوڵداوە ژنان و کچان واز لە خوێندن لە لق و بەشی جۆراوجۆردا



بێنن و بیاننێرێتەوە کونجی ماڵەکان یان لانی کەم بە هێندیک پۆست و شوغڵی نەزمتر رازیان بکەن. لەم پێوەندییەدا بۆ هاتنەدیی مەبەستەکانیان، دەیان گەڵاڵەی جۆراوجۆری جینسییەتییان پەسند کردوە. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا دەرکەوت کە ڕێژەی کچان و ژنان لە خوێندنگاکاندا چەندە بەرز بووە.

نزیک بە ۸۰ ساڵە دانشگا لە ئێراندا دامەزراوە. تا ساڵی ۱۳۷۷ هەمیشە کوڕان زۆرینەی خوێندکارانی دانشگاکانیان پێک هێناوە. بەڵام لە ساڵی ۱۳۷۷ بە دواوە کچان ڕێژەیان لە کوڕان بەرزتر بووە و ڕێکوردیان شکاند. تەنانەت لەم چەند ساڵەی ئاخردا بە پێی ئامارەکانی خودی ڕێژیم ڕێژەی خوێندکارانی کچ زیاتر لە ٦٠ لەسەدی تێپەڕاند. ڕێژەی زۆرتری کچانی خوێندکار لە چاو کوڕان، نەک بەدڵی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی مەزهەبیی ئێران نەبووە، بەڵکوو بە ئاشکرا هەوڵیان دا ڕێگە لەم پرۆسەیە بگرن. دارشتنی گەڵاڵەی «بومی گزینی» و دانانی سەهمییەی جینسییەتی لەم ساڵانەی دواییدا هەر لە راستای ئەم سیاسەتە پڕلە هەڵاواردنەی ڕێژیم دایە.

یان بۆ نموونە لەپێوەندی لەگەڵ حیجابی

سەرنجیان پێ دراوە. هەر ئەوەی ژنان هەر رۆژەی مۆدێلێک بە مانتۆ رووسەرییەکانیان دەردێنن لە دەمدانەوە و گاڵتە پێکردنە بەم هەوڵە شەرماوییانەی دەسەڵاتداران لە ئێران.

ژنانی ئێران ئەمڕۆ جگە لەوەی لە گۆڕینی کەلتووی پیاوسالاری و بنیاتنانی کەلتوورێکی یەکسانیخوازانەدا نەخشێکی سەرەکییان هەیە، بە بەشێکی گەورەش لە خەباتگێرانی مافەکانی مرۆڤ و خەباتی دێمۆکراسیخوازانە لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەژمێردرێن و لە ریزی پێشەوەی ئەو خەباتەدا دیارن. هەر ئەوەی لەم ساڵانەدا بەشێک لە خەڵاتە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بە ژنە چالاکانی ئێرانی دەبەخشرێ نیشانەی ئەم راسییەیە.

ئەوەی ژنان لە ئێران لە ماوەی ۳۳ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا کردوویانە، نرخێکی زۆریان لە پێناویدا داوە و لەگەڵ ئەوەش دەسکەوتی کەمیان بووە، بەڵام نەشیان هێشتوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو ئامانجە بگا کە خومەینیی کۆنەپەرەست پرۆژەکەی بۆ دارشت.

# دەسکەوتە یاساییەکانی ژنان، کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ دواوە

عیسمەت نستانی



به درێژایی مێژووی هاوچەرخی ئێران ژنان بۆ دەستەبەربوونی مافەکانیان هەوڵیان داوە لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکاندا بەشدار بن. هەرچەند لەو پێناوەدا لەگەڵ زۆر کەندوکۆسپ و سیاسەتی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان و هەروەها دابونەریتەکانی کۆمەڵگا بەرەوڕوو بوون، بەڵام کۆڵیان نەداوە و لە سەر چەسپاندن و بەدیهێنانی خەونە ڕەواکانیان سوور بوون.

سەردەمی مەشرووتە

مەشرووتە لە مێژووی ئێراندا بە خاڵێکی وەرچەرخان بە ئەژمار دێ کە خەڵکی ئێران دژی دەسەڵاتی رەهای شا وەدەنگ هاتن و سنووری دەسەڵاتی شا و حکوومەتیان بە دانانی یاسای بنەڕەتی دیاری کرد. یاسای بنەڕەتی وەک دیارەیەکی نوێ لە ئێراندا بەرهەمی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکی ئێران و بە تایبەت چینی ناوەڕاستی تازەپێگەیشتوو بوو کە لە لایەن رووناکبیرانی ئێران لە رۆژئاواوە هاتبوە وڵات و بوو بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا.

یەکێک لە کەموکوورییە بەرچاوەکانی مەشرووتە و یاسای بنەڕەتی لەو سەردەمەدا پرسی ژنان بوو. لەو یاسایەدا مافی دەنگدان بە ژنان نەدرابوو و بە روونی هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە رۆڵ و بەشداریی ژنان لە یاسای بنەڕەتی سەردەمی مەشرووتەدا نەهاتبوو، بەڵام فەزای فەرهەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگای ئێران بە شێوەیەکی سروشتی بەشداریی ژنان و مافی دەنگدانیانی لە سەردەمی مەشرووتە و ساڵانی دوایی دا هێنایە گۆڕێ. ژنان و لایەنگرانی مافەکانیان بە کەڵک وەرگرتن لە رستەیەک کە لە یاسای بنەڕەتی دا هاتبوو داوای مافی دەنگدان بوون. لە یاسای بنەڕەتی دا هاتبوو: «نوێنەری مەجلیسی شوورای میللی، نوێنەری (قاطبه اهالی مملکت)ە«، واتە نوێنەری هەموو خەڵکی ئێرانە. ئەو رستەیە بەو مانایە لێک درایەوە کە ژنانیش بە پێی ئەو یاسایە دەتوانن مافی دەنگدانیان هەبێ. هەرچەند دژبەرانی ئەو بۆچوونە مانایەکی جیاوازیان بۆ ئەو دەقە هەبوو و دەیانگوت کە مەبەست لەو یاسایە ئەوەیە کە نوێنەری هەر شارێک نوێنەری تەواوی گەلی ئێرانە.

تا پەنجا ساڵ دوای مەشرووتە زۆربەی خەڵکی ئێران و تەنانەت کەسایەتییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیش بڕوایان بە پرسی ژنان و مافەکانیان نەبوو، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پێشەنگانی ئەو بوارە لە ژنان و لە پیاوان کە زیاتر پەیرەویان لە رۆژئاوا دەکرد مافی دەنگدانی ژنانیان دەهێنایە گۆڕێ کە بە کردەوە هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە.

یاسای هەڵبژاردنی سەردەمی مەشرووتە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی داڕێژرابوو، ژنانی لە مافی دەنگدان بێ-بەش کردبوو. لە یاساکەدا ژنان لە ریزی «صغار»، «مجانین» و «جانیان» دانرابوون. لە ماددەی ١٠ی یاساکەدا کە ساڵی ١٣٢٩ی کۆچی مانگی لە مەجلیسی شوورای میللی پەسەند کرا ژنان لە مافی دەنگدان و لە ماددەی ١٣ی هەمان یاسادا لە مافی خۆپاڵاوتن بێبەش کرابوون.

ئایەتوڵڵا «حەسەن مدرس» کە یەکێک بوو لە موجتەهیدانی خاوەن نفووزی ئەوکات لە یەکێک بوو لە نوێنەرانی مەجلیسی دووەمی مەشرووتە، دەڵێ: «کاتێک لە یەکێک لە دانیشتنەکانی مەجلیس دا مەسەلەی ژنان هاتە گۆڕێ، لە ژیانم دا مچوڕک بە لەشم دا نەهاتبوو، بەڵام لەو کاتەدا هەموو لەشم کەوتە لەرزین.» مدرس دەیگوت: «کەسانێک مافی هەڵبژاردنیان نییە کە نسوانن(ژنان)، خوا مافی ئەوەی پێنەداون و شایانی مافی هەڵبژاردن نین.» ناوبراو چینە کەم داهاتەکانی کۆمەڵ و ژنانی بە کەم توانا و تەنانەت کەم عەقڵ دەزانی.

پرسی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردن دا جارێکی دیکە لە دەیەی ٣٠ی هەتاوی دا هاتە گۆڕێ و لەگەڵ دژایەتیی توندی پیاوە ئایینییە ناسراو و بە نفووزەکانی ئەوکات بەرەوڕوو بۆوە، لە بەرانبەر ئەو داوایەدا «مراجع تقلید» بە پشتبەستن بە قورئان و حەدیس، بەشداریی ژنانیان لەو چەشنە چالاکییە کۆمەڵایەتیانە، دژی شەرع و رێنوێنییەکانی ئایینی ئیسلام لە قەڵەم دا.

**سەردەمی پەهلەوی**

ئەو سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە یاساکانی ئێراندا، رۆژی ١٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی رەزاخان فەرمانی کەشفی حیجابی دەرکرد و ئەو رۆژە لە مێژووی ئێراندا تا ساڵی ١٣٥٧ بە رۆژی «ئازادی ژنانی ئێران» ناوزەد دەکرا. لە ٦ی رێبەندانی ١٣٤١ی هەتاویدا، یاسای هەڵبژاردن لە چوارچێوەی «شۆڕشی سپی»دا چاکسازی تێدا کرا. لە ئەسڵی پێنجەمی «شۆڕشی شا و خەڵک» (شۆڕشی سپی)دا مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ ژنان دەستەبەر کرا کە بۆ یەکەم جار ژنان بوونە خاوەنی ئەو مافانە.

دەرچوونی یاسای «پارێزگاری لە بنەماڵە« لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢ی هەتاوی، هاوکات بوو لەگەڵ پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان و خۆپاڵاوتنیان بۆ مەجلیسی شووڕای میللی. ئەوە لە دوای پەسندکردنی ئەسڵی پێنجەمی شۆڕشی سپی دا بوو کە ژنان توانیان لە هەموو کارە میللیەکاندا بەشدار بن و پۆستەکانی وەزارەت، سەفارەت، نوێنەرایەتی لە دوو مەجلیسی شووڕای میللی و سەنا، مامۆستایەتی زانکۆ، قەزاوەت، وەکالەتی دادگوستەری، شارەداری، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان و پۆستە باڵاکان و ... هتد وەرگرن.

**پاش شۆڕشی ١٣٥٧و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی**

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ژنانی ئێران ئەو دەسکەوتانەی لە سەردەمی پێشوو بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان وەدەستیان هێنابوون، لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە لێیان زەوت کرا. رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ و بە یاسایی کردنی، ستاندنەوەی مافی قەزاوەت لە ژنان و دارشتنی یاسایەک کە تەواو دژایەتی لەگەڵ



## یاسای هەڵبژاردنی سەردەمی مەشرووتە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی داڕێژرابوو، ژنانی لە مافی دەنگدان بێبەش کردبوو

ماف و ئازادییەکانی ژنان دا هەبوو ...تاد بۆ جارێکی دیکە ژنانی ئێرانیان لە هەنگاونان بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بێ هیوا کرد.

لە ئەسڵی ٢٠ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا باس لە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بە پێی ئایینی ئیسلام کراوە، لەو یاسایەدا هاتووە کە هەموو کەس لە ژن و لە پیاو لە هەموو مافە ئینسانییەکانی وەک مافە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان بەهرەمەندن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ماددەی ١١٥ی یاسای بنەڕەتی دا ژنان لە خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆک کۆمار بێبەش کراون و ئەو مافە تەنیا بۆ پیاوانە، بەو مەرجەی بڕوای بە وەلی فەقیە و لە شیعەی ١٢ ئیمامی بێ.

رووحانیان (مەلایانی ئایینی) لە مێژووی ئێراندا جاروبار بۆ بەرژەوەندی و بەشداری لە دەسەڵات لیان بۆ هەندێک لە پێویستییەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو راکێشاوە، یەکێک لەو پاشەکشانە قەبووڵ کردنی مافی دەنگدانی ژنان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە بوو، ناوبراو لە سەرەتای دەیەی چلی هەتاوی یەکێک لە سەرسەختترین نارازیان لە گۆڕانکاری لە یاسای هەڵبژاردن و پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان بوو، بەڵام لە دوای شۆڕشی ٥٧ لەم رووەوە بێ دەنگی هەڵبژارد.

ژنانی ئێران سەرەڕای بەربەستی زۆر لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوون و ڕۆڵی خۆیان لە هەموو مەیدانەکان دا سەلماندووە. ڕۆڵ و حوزووری ژنان لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی نموونەی ئەو خەبات و تێکۆشانە لە بواری سیاسی دایە. هەرچەندە ڕێژەیەکی کەم لە ژنان توانیویانە بچنە سەر کورسی پارلەمان، بەڵام کەم و زۆر چوونەتە پاڕلەمان.

لە مەجلیسی یەکەمی شووڕای ئیسلامی دا تەنیا چوار نوێنەری ژن لە بەرانبەر ٣٢٣ نوێنەری پیاو چوونەتە مەجلیس، کە ئەو چوار نوێنەرە ژنە لە دەورەکانی دووەم و سێیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیش دا بەشدار بوون.

لە دەورەی چوارەمی مەجلیس دا لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی نوێنەران کەم کرایەوە بۆ ٢٧٤ کەس، بەڵام ڕێژەی نوێنەرانی ژن بوو بە ٩ ژن. زیاترین بەشداریی ژنان لە مەجلیسی ئێراندا لە دەورەی پێنجەمدا بوو کە ١٤ ژن چوونە مەجلیس.

مەجلیسی شەشەم کە بە مەجلیسی چاکسازی ناوبانگی دەرکرد، لەو مەجلیسەدا بوو کە خاتوو ئیلاهەی کوولایی نوێنەری شاری تاران یەکەم ژن بوو کە بە بێ چارشێو و بە سەرپۆشی سپی و مانتۆ چووە مەجلیس و لەگەڵ نارەزایەتیی توندی دەسەڵات بەرەوڕوو بوو، بەڵام ئازایانە و بە بێ گوێدان بەو نارەزایەتیانە چووە مەجلیس و تا کۆتایی تەمەنی مەجلیس وەک نوێنەرێکی چالاک مایەوە. لە هەر دوو مەجلیسی شەشەم و حەوتەمدا ١٣ نوێنەری ژن چووە مەجلیس.

لە مەجلیسی هەشتەمدا کە یەکەمین مەجلیسی دوای بوونە سەرکۆماری ئەحمەدی نەژاد بوو، ڕێژەی نوێنەرانی ژن بۆ ٨ کەس دابەزی کە ٥ نوێنەری شاری تاران و ٣ نوێنەرەکەی دیکە هی شارەکانی کەرەج، ئیسفەهان و مەشهەد بوون.

لە راستیدا نوێنەرانی ژن لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێراندا هەوڵی زۆریان داوە بۆ بە پەسەند گەیاندنی چەندین پڕۆژە یاسا لە پەیوەندی لەگەڵ ژناندا، کە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانیان هەر جارەو بە بیانوویەک و بە تایبەتی دژایەتی لەگەڵ شەرع رەت کراونەتەوە.

١٢ی رەشەممەی ئەوساڵ هاوکاتە لەگەڵ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دەوری نۆیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بڵاو کراونەتەوە ئاماری ناونووسی ژنان لەو دەورەیەدا بە بەراورد لەگەڵ دەورەکانی پێشوو ٣٣٪ دابەزیوە. لەو راستایەدا سکرتێری «جامعە زینب» (ڕێکخراوێکی ژنانی سەر بە ئوسوولگەراکانە) گەڵاڵەیەکی بە مەجلیس پێشنیار کردوە کە تێیدا داوای میکانیزمێک بۆ بردنە سەری ڕێژەی نوێنەرانی ژن لە مەجلیس دەکا. بە پێی ئەو میکانیزمە لەو ناوەندانەی هەڵبژاردن کە ڕێژەی نوێنەرەکانیان زیاتر لە ٢ نوێنەرە، یەکیان دەبێ ژن بێ، لەو ناوەندانەی کە لە نێوان ٥-١٠ نوێنەریان هەیە دوو نوێنەریان ژن بن و سەرەنجام لە شاری تاران لانیکەم ١٠ نوێنەری ژن لە کۆی ٣٠ نوێنەرەکە بچنە مەجلیس. ڕێکخراوی ناوبراو داوای کردو٩وە کە ئەو پێشنیارە وەک پاشکۆی یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەند بکرێ.

لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی دەوری نۆیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دا روون نییە ئاخۆ ژنان تا چ رادەیەک بەشدار دەبن و دەتوانن چ کاریگەرییەک لە سەر پرسی ژنان لە ٤ ساڵی داهاتوو دا بگێڕن.

# با هەر ٨ی مارس یادی ژن نەکەینەوە!

ڕۆژە عەزیزی



یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵ کە لەناو خەڵک ومیللەتاندا گرینگی پێدەدرێت و باسی دەکرێت ڕۆژی (٨ی مارس) یان (١٧ی ڕەشەممەیە) کە بەڕۆژێکی گرینگ و پیرۆز دادەنرێت.

لەوەها ڕۆژێکدا واتە(٨ مارسی ١٨٧٥) ژنانی کرێکار لە کارخانەکای ڕستن و چنین لە شاری نیویورکی ئەمریکا بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی ڕێوشوێنی کار یان بڕی دەرامەتەکەیان، دەستیان دایە ڕێپێوان بەڕێوەبردن. ئەم ڕێپێوانە زۆر بە خراپی لەلایەن پۆلیسی ئەمریکاوە سەرکوت کراو بەشێکی زۆر لە ژنەکان لێیان¬دراو بریندار بوون.

ئەم بابەتە بووبەهۆی ئەوەی کە بەشێکی دیکە لە ژنانی کریکار هۆشیار بینەوە لە بارەی هەلومەرجی کارو شێوازی پێ ڕانەگەیشتنیان لەلایەن ساحەب کارەکانەوە، تا بەو ئەنجامە گەیشتن کە ئەم ڕێگایە درێژە پێ بدەن. ئەم جموجۆڵە ئیحترازیانە ساڵ بە ساڵ جا بەشێوەی ئاشکرا یان شاراوە زیاتر پەرەی دەسەندو چالاک بوو لەناو کارخانەکاندا. تا لە ڕۆژی(٨ مارس١٩٠٧) بۆ جارێکی دیکە ژنانی کارخانەی ڕستن و چنین لە ئەمریکا داوای کەم کردنەوەی کاتژمێرەکانی کاریان کرد بۆ(١٠) سەعات و هەر بۆ ئەم مەبەستە دەستیان دایە ئەنجامدانی ڕێپێوان، کەئەم جارەش وەک جاری ڕابردوو لەلایەن پۆلیسەوە سەرکوت کراو بەشێک لە ژنانی کرێکار گیران و ڕەوانەی بەندیخانە کران. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت ئەم ڕێپێوانە ڕەخنەییە بە بەشداری چەند پیاوی کرێکارو ژنانی دیکە لەچینەکانی کۆمەڵگا پێک هاتبوو.

ساڵێک دوای ڕێپێوانەکە واتە لە ساڵی (١٩٠٨) حیزبی سوسیالیستی ئەمریکا کۆمیتەیەکی گشتی ژنانی پێکهێنا بۆ ئەوەی ژنان بتوانن مافی دەنگدانیان هەبێت، لەمارسی هەمان ساڵدا ژنانی کرێکار لە کارخانەی چنین بۆ داواکاری کارنەکردنی منداڵ و دانی مافی دەنگدان لە نیویۆرک بۆ جارێکی دیکە دەستیان دایەوە ڕێپێوان ئەنجام دان.

ئەم هەموو ڕوداوانەی(٨)ی مارس ئەوسا ئەوە بوو نە هۆکارێک کە لەساڵی داهاتوو واتە ساڵی (١٩٠٩) ئەم ڕۆژە بۆیەکەمجار بەڕۆژی ملی ژنان لە ئەمریکا تەسویب کرا.

ئەم ڕۆژە وردە وردە بووبە ڕۆژێکی ڕەسمی بۆ ژنانی کرێکار کە لەو ڕۆژەدا دەنگی نارەزایەتیان لە دەوڵەت و ساحەب کارەکانیان بەرز بکەنەوە، بۆباشتر بوونی بواری کارو بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتیە گشتی یەکانی ژنان لە هەموو بوارەکانی پیشە سازی. لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی سوسیالیستەکان لە ساڵی(١٩١٠) کە لە «کۆپنگهاکی»دانمارک بەڕێوە جوو، بۆیەکەم جار ژنە سوسیالیستی حیزبی دێموکراتی ئاڵمان‹‹کلارا زتکین›› پێشنیاری دیاریکردنی ڕۆژی (٨ی مارس) بە ڕۆژی جیهانی ژنان پێشکەش کرد. هەر لەو کۆنگریەدا ئەم پێشنیارە پەسند کراو ڕۆژی(٨ی مارسی) وەک ڕۆژی جیهانی ژن تۆمار کرا.

دەکرێ بڵێم یەکێک لە گەورەترین ئەو بۆنەو ڕێوڕەسمانەی کەلەمێژووی فەعالیەتی ژنانی جیهان تۆمار کراوە دەگەڕێتەوە بۆ(٨ی مارسی ١٩١١) کە لە وڵاتانی(ئاڵمان، دانمارک، سویس، ئۆستراليا) ڕێپێوانێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو. بەڕێوەبردنی جەژن و پێشکەش کردنی وتار، داوای مافی دەنگدان، مافی کارکردن، ئامووزشی باشیان بۆ ژنان کرد.

لەلایەکی دیکەوە لە ڕوسیە و چین لە هەمان ساڵ دا بەبۆنەی ڕۆژی(٨ی مارس) لە کارەساتی(تریانکل) لە شاری نیۆیۆرک بەهۆی نەبوونی کەل و پەلی باش و ئەمنیەتی و خراپی هەلومەرجی کار کە ئاگرێکی گەورە کەوتەوە لە کارخانەیەک و(١٤٩) ژنی کرێکار گیانیان لەدەستدا.

هەر ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کەلە ساڵی داهاتوو لە(٨ی مارسدا) لە هەموو جیهاندا ئەم ڕۆژە بە گرینگەوە یادبکرێتەوە،خراپی بواری کارو نەبوونی پێداویستی ئەمنیەتی و تەندروستی مەحکوم بکرێت، داوای باش بوونی بواری کارکردنی ژنان بکرێت.

بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەمی جیهان و ڕەوانە کردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان بۆ بەرەکانی شەڕ و گیانلەدەستدانیان و بێ سەرپەرشت بوونی بنەماڵەکانیان ژنان لە ڕۆژانی یادی(٨ی مارس) ڕێپێوانەکانیان بە دژی شەرو وێرانکاری و کوشتارەکانی دوای شەڕ بەڕێوە دەبرد.

دوا بە دوای دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە(٨ی مارسی ١٩١٧) لە ڕوسیا ژنان ئەمجارە بە دژی زیادبوونی نرخی شتومەک و داخرانی کارخانەکان و دەرکرانی ژنانی دوگیان،ڕێپێوان و چالاکیان نواند، ئەم ڕێپێوان و نارەزایەتیانە بەیەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی شۆرشی فەوریەی هەمان ساڵ ڕۆڵی بینی.

پێویستە ئاماژە بەوەبکەم کە لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم تاسەرەتاکانی دەیەکانی(٦٠) ڕۆژی جیهانی ژن زۆر بەشکۆوە یادی نەدەکرایەوە. چونکە ژنان توانیبوویان بە بەشێکی زۆر لە مافەکانیان بگەن. بەگەشە کردنەوەی جوڵانەوەکانی ژنان لە دەیەکانی(٦٠) دووبارە ڕۆژی (٨ی مارس)بۆ جارێکی دیکە گرینگی خۆی بەدەست هێنایەوە. لە ساڵی (١٩٧٥) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم ساڵە بەساڵی نێودەوڵەتی ژنان

**دوای ئەو هەمووهەوڵ و کۆششانەی کە ژنان لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان داویانە هێشتاش زۆرێک لەژنان رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوەو مافەکانیان پێشێل دەکرێت**




دیاریکرا و دووساڵ دواتر واتە لەساڵی(١٩٧٧)رێکخراوی یونسکۆ(٨ی مارس)ی بەرەسمی بەرۆژی جیهانی ژن ناساند. لەورۆژە بەدواوە پیاوان بەژنان دەستەگوڵ یان دیاری پێشکەش دەکەن و ئەو رۆژەیان لێ پیرۆز دەکەن، هەر بەم بۆنەوە رێز لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی ژنان دەگرن.

دوای ئەو هەمووهەوڵ و کۆششانەی کە ژنان لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان داویانە هێشتاش زۆرێک لەژنان روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوەو مافەکانیان پێشێل دەکرێت. بەجۆرێک کە دەڵێن تەنیا لە رۆژێکدا لەساڵ کە ئەویش رۆژی(٨ی مارس)ە یادی ژن دەکەنەوە و پەیمان نوێ دەکەنەوە کە مافی ژن پێشێل نەکرێت. بەڵام ئەی رۆژەکانی دیکەی ساڵ چی؟ بۆدەبێت رۆژانە چەندین هەواڵی دڵتەزێنی مەرگ و کوشتن و خۆسوتاندن و یا چەندین رووداوی دیکە ببیستین؟ بۆئەو ژنە مافی نیە کە وەک پیاو لە مافەکانی ژیان سوودمەند بێت. هەر تەنیا بەهۆی ئەوەی رەگەزەکەی ژنە؟.

بەخۆشیەوە لە وڵاتانی رۆژئاوا تا رادەیەک ئەم پێشێل کاری و هەڵاواردنانەی ژنان کەم بۆتەوە،بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە حکومەتێکی دینین تازە لەسەرەتای ئەو جموجۆڵانەن،




کە بۆدابین کردنی هەلومەرجی کارو ژیانێکی گونجاو تێدەکۆشن.

ژنانی ئێرانیش لەو هەوڵە بەنرخەی کەلە (٨ی مارسی٢٠٠٣) ئەنجامیاندا ئەویش بەهەڵگیرساندنی رێپێوان لە تاران و زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران، جگە لەوەی داوای مافی ئینسانی و کۆمەڵایەتی وئابوریيان دەکرد، داواکاری گونجاندنی رۆژی(٨)ی مارسیان لە رۆژ ژمێری رەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد وەک رۆژی جیهانی ژنان، بەڵام تا ئێستا ئەم داواکاریە پەسند نەکراوە.

لەکۆتاییدا دەمەوێت داوای ئەوە بکەم بابە هەموومان هەوڵ بدەین تەنیا رۆژی(٨ی مارس)رۆژی ژن نەبی، تەنیا لە(٨ی مارس)دا رێز لە ماف و ئازادیەکانی ژنان نەگیریَ،تەنیا لەو رۆژەدا وەبیرمان نەیەتەوە کە ژن هەیە و دەبێت ژن مافی بەرابەری لەگەل پیاوی هەبێت. هەوڵ بدەین هەموو رۆژەکانی ساڵ هەریەکەمان بە نۆرەی خۆمان باسی مافەکانی ژنان بکەین و رێز لە گەورەیی و پیرۆزی دایکان،هاوژینەکان وخوشکان و کچەکانمان بگرین.

بەهیوای بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمان بەتایبەت ژنان.

# بەبۆنەی ١٠ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری «ژنان»ەوە

نەسرین حەسەن زادە



گۆڤاری «ژنان» ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانە، کە هەر سێ مانگ جارێک چاپ و بڵاو دەبێتەوە. یەکەمین ژمارەی واتە ئۆبەرەکەی لە رەشەمەی ١٣٨٠ی هەتاوی (مارسی ٢٠٠٢ز)دا بڵاوکرایەوە کە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم و گوڕی ژنانی ناوکۆری خەبات و پیاوانی هۆگری ئازادی و سەربەستیی ژن بەرەوروو بوو.

## سووکە ئاوڕێک لە رابردوو

هەرچەند مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بۆ ٦٦ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژووی کاری راگەیاندن و دەرکردنی ئۆرگانی رەسمی لە یەکیەتیی ژناندا مێژوویەکی تازەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی تایبەتیی تێکۆشانی ئەم رێکخراوەیە. لە راستیدا تێکۆشانی رێکخراوێکی سینفی و مەدەنیی وەک یەکیەتیی ژنان هەلومەرجی تایبەتیی خۆی پێویستە. بە پێچەوانەی ئەحزابی سیاسی کە لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا دەتوانن خۆیان بگونجێنن و تاکتیکی جۆراوجۆر بگرنە بەر، رێکخراوێکی وەک یەکیەتیی ژنان لە بەرامبەر هەموو هەلومەرجێک دا ناتوانێ دەوامی هەبێ و ئەرکی واقعیی خۆی بەڕێوە بەرێ. رێکخراوی ژنان لە هەلومەرجێکدا دەتوانێ ئەرکی رێکخراوەیی خۆی بەڕێوە بەرێ کە گونجاو لەبار بێ.

بۆ وێنە ئەم رێکخراوە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا دەمەزرا کە دەسەڵاتی کوردی پشتی گرت و کەش و هەوایەکی لەبارو گونجاو هەبوو. بەڵام ئەم قۆناغە بەداخەوە زۆری نەخایاند تا یەکیەتیی ژنان بتوانێ ئەرکە رێکخراوەییەکانی خۆی یەک لەوان دەرکردنی بڵاو کردنەوەی بیر و باوەڕەکانی و وشیار کردنەوەی ژنانی کورد بەڕێوە بەرێ.

دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە کەشوهەوایەکی تارادەیەک ئازاد ژنان توانیان لە دەوری رێکخراوی خۆیان کۆببنەوە. لەم قۆناغەش دا تا زاڵبوونی کۆماری ئیسلامی ژنان لە شارو ناوچەکانی کوردستان چالاکیان هەبووو توانیان هێندێک بڵاوکراوەیان هەبێ . بڵاوکراوەیەک لە ساڵی١٣٥٨ دا بە ناوی « دەنگی ژنان» دەرچوو کە دوو ژمارەیەکی لێ بڵاو کرایەوە. پاشان بە هۆی سەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستان لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە ئەو هەوڵەش چەتی تێ کەوت و راوەستا.

ساڵی ١٣٨٠ کە یەکیەتیی ژنان بە شێوەیی رێکخراوەیی و سیستماتیک نوێ کرایەوە، یەکەم ژمارەی گۆڤاری « ژنان » بڵاو بۆوە و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامە.

یەکێک لە گرنگترین کارەکانی یەکیەتیی ژنان لە هەلومەرجی تاراوگەدا دەرکردنی بڵاو کراوەیەکە کە بتوانێ بەرنامە و بیروباوەڕەکانی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە و زانیاری و بیرو باوەڕی مافخوازانە بە قازانجی ژنانی ستەملێکرا و ماف پێشێلکراوی کورد بڵاو بکاتەوە و بە نۆرەی خۆی شوێن لەسەر بیر ورای گشتیی خەڵکی کوردستان دابنێ و ژنان لەگەڵ مافەکانیان ئاشنا بکا و پیاوان لە مافەکانی ژنان بگەیەنێ و نەیەڵێ مەسەلەی ژنان لە بەرچاو و گوێی رای گشتی ون بێ. لەم بارەوەیە گۆڤاری» ژنان» لە سنووری ناوچەی بڵاو بوونەوەی خۆی دا بێ تەئسیر نەبووە. بە هۆی تۆڕی ئینتێرنێتەوە ئەم گۆڤارە زیاتر توانیویەتی بە ئامانجەکانی بگا جوگرافیای بڵاو بوونەوەی زۆر بەرین بێ.

لایەنە بەهێزەکانی گۆڤاری « ژنان»

ئەم گۆڤارە تایبەتە بە مەسەلەکانی ژنان و لەم بارەوەیە گەلێک بابەتی پێوەندیدار بە کێشەکانی ژنان، هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ژنان دەگرێتە خۆ، بە تایبەتی لە بارەی ژنانی کوردستان و ئێرانەوە، بیر و باوەڕی مافخوازانەی لە بارەی ژنانەوە، ئاگادارکردنەوی ژنان لە مافەکانیان، بەرهەمی هونەری و ئەدەبیی ژنان...هتد

بەردەوامی لە دەرچوون و دانەبڕان لە خوێنەرانی کە سووربوون و نەفەسدرێژیی ژنانی خەباتکاری ئەم بوارە دەردەخا و بۆتە هۆی باوەڕ و متمانەی زیاتر بە کارو تێکۆشانی ژنان.

راکێشانی سەرنجی پیاوان و تەنانەت هاوکاریی ئەوان بۆ نووسین و وەرگێڕان لەم گۆڤارە دا کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان بتوانن لە توانا و فکر و ئینێرژیی پیاوانیش بە قازانجی مەسەلەی رەوای ژنان کەڵک وەربگرێ.

زمانی پاراو رەوانی ئەم گۆڤارە زیاتر سەرنجی خوێنەرانی بۆلای خۆی راکێشاوە و قورسایی و وەزنێکی تایبەتیی بەم گۆڤارەی بەخشیوە. جگە لەمەش لە حاڵێک کە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ خزمەت بە زمانەکەی بکا لە رووی نووسین و خوێندنەوە، ئەم گۆڤارەش بە نۆرەی خۆی بەردێکی لەسەر دیواری پتەو




و لە رووخان نەهاتووی فەرهەنگ و زمانی کوردی داناوە.

**مەحدوودیەت و کەمو کورتیەکانی « ژنان»**

بەشی هەر زۆری راگەیاندنی یەکیەتیی ژنان بە زمانی کوردییە کە لەم گۆڤارە دا بڵاو دەبێتەوە. لە حاڵێک دا رووی ئەم گۆڤارە لە هەموو ژنانی کوردستان و ئێرانە کە زمانی جۆراوجۆریان هەیە، وەک: فارسی، ئازەری، تەنانەت زمانێکی جیهانیی وەک ئینگلیسی. دیارە بە خۆشیەوە لەم دواییەدا چەند لاپەرێکی بە زمانی فارسی و ئینگلیسی هەیە بەو هیوایەی زیاتر پەرە بگرێ.

بە هۆی هێندێک گیر و گرفت کە بەشی زۆری دەگەرێتەوە بۆ ژیانی تاراوگەنشینیی رێکخراوی یەکیەتیی ژنان، ئەم گۆڤارە هەموو جارێ تەواو لە کاتی خۆی دا دەرنەچووە، جاری وایە تەئخیری هەبووە.

نووسەران و وەرگێرانی ئەم گۆڤارە دەبێ مایەیەکی زیاتر لە خۆیان دابنێن تاکوو دەربچێ، چونکە کار لەم گۆڤارە دا خۆبەخشانەیە و بە هیچ جۆر حیرفەیی نیە کە نووسەران و ئامادەکارانی لە رێگەی دەرکردنیەوە بژین.

ئەم گۆڤارە جگە لەبەرگەکەی هەر بە رەش و سپی دەردەچێ.ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لەباری ئابوورییەوە توانای ئەوەی نیە کە بتوانێ گۆڤارەکەی بە رەنگی دەربکا. بەڵام دیارە بەخۆشیەوە لەسەر ئەنتەرنێت بەم جۆرە نیە.

گومانی تێدا نیە یەکیەتیی ژنان توانا و زەرفیەتی ئەوەی هەیە لە داهاتوو دا کە ئازادی و دیموکراسی بەسەر وڵاتەکەماندا حاکم بوو، قەوارە و بەربڵاویی راگەیاندنەکەی زۆر بەرین و بەربڵاو بکاتەوە، جگە لە نووسین و گۆڤار و رۆژنامە لە بواری دەنگ و رەنگیشدا دەتوانێ قەڵەمبازی گەورە باوێ و لە توانای دا هەیە ببێتە دەنگێکی بە هێز و شوێندانەر لەسەر کۆمەڵگەی خۆی بە قازانجی ژنان. بەو هیوایەی.

# ڕاستەقینەی ژن ، حەقیقەتی مرۆڤ

**وریا ڕەحمانی**



کاتێک کەباس لە ژن دەکرێ، ئۆتوماتیکوار ناوی پیاویش لە پەنایەوە زەق دەبێتەوە و لە نێو مێشکدا جێدەگرێ. وەک ئەوەی ژن مەدلوولی پیاو بێ، یان بەواتایەکی دیکە بوونی خۆی لە پێناوی پەیوەست بوونی بە پیاوەوە بەدەست هێنابێ. کۆمەڵگەی ئێمە کەمتر توانیویەتی پێناسەیەکی سەربەخۆی شوناس خوازانەی دیاریکراوی بۆ ژن هەبێ و زۆربەی کات، کەم و زۆر، لەپەراوێز و تەنانەت لە پێناوی پیاودا پێناسەی کردۆتەوە. ڕەنگە هۆکاری بەشێکی زۆر لەم تێگەیشتنە نادروستانەش خود ڕیشەی لە دەروونی ئەو ڕوانگە گشتگیرە پیاوسالارانانە دا بێ کە لە قۆناغێکی مێژوویی‌دا وێڕای ئاڵووگۆڕەکان لە هەوڵی پێناسە کردنەوە (بازتعریف)ی دووبارەی چەمکەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌دا بوون. کێشەی زۆربەی ئەم چەشنە ڕوویکردانەش لە پیاوانە بوونی پانتایی و بەستێنی ڕوانگە جۆراوجۆرەکان دا خۆی دۆزیوەتەوە. بەجۆرێک کە، یان بڕیاردان و گەڵاڵە داڕێژەرانی سەرەکی ڕەوتەکە خود پیاو بوون، یان ئۆتوریتەی زاڵی حاکم بەسەر بارودۆخەکە لە کانگایەکی پیاوسالارانەوە ئاوی خواردۆتەوە و ژن و عەقڵانییەتی ژنانە بە گشتی دەورێکی ناکارامە(منفعل)ی گێڕاوە و لە هێندێک بواردا تەنانەت وەک «بەردە ئاو» لە مەقامی دژی خۆشیاندا دەرکەوتوون.

کاتێک کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو هەموو ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرانە لە ئاستی دنیادا سەر هەڵدەدەن و لە نێو ئەو هەموویەشدا پێغەمبەر یان لیدەرێ تەنانەت یەکیشیان ژن نابێ، زۆر سەیرنییە کە لە بەرنامە و ڕێڕەوەکانیشیاندا ژن بکەوێتە پەراوێزەوە و مافێکی لانی کەمانەی مرۆیی بۆ ڕەچاو بکرێ. ئینجا بۆ تەبیینی هەرچی زیاتری ئەو پەراوێز نشینییەش تەنانەت پاساوی مێژوویی ئەفسانەییش دەدۆزنەوە و ڕەهەندی وجوودیی پێ دەبەخشن.

بەشێکی زۆر لە ئەفسانە ئایینیە پیرۆزەکان لە گێڕانەوەی ڕازی پێکهاتنا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرکییەتی بوون بە پیاوەوە دەبەستنەوە و دەڵێن خودا لە سەرەتاوە پیاو و پاشان لە کەلەکەی ئەوەوە ژنی دروستکرد. ئینجا شەیتان کە بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی پیاو بەلاڕێدا بەرێ و فریوی بدا، دەستەوداوێنی ژن هات و لەم ڕێیەوە زەفەری پێ برد و لە خشتەی برد.

ئەم داستانە ئایینیە لە دەروونی خۆیدا سێ پەیامی سەرەکی تێدایە کە وێدەچێ لا لێ کردنەوەیان بێ‌سوود نەبێ:

١ــ ڕەسەنییەتی بوون هی پیاوە و ژن لە پەراوێزی پیاو وەک بەشێک لەو حیسابی بۆ دەکرێ و بوونی هەیە، دەنا وەک خۆی حیسابێکی وجوودیی سەربەخۆیی وەک مرۆڤێک بۆ ناکرێ.

٢ــ ژن ماهییەتێکی شەیتانی هەیە و هۆکار، یان لانیکەم کاناڵی سەرەکی ئەو تاوانانەشە کە تەنانەت پیاو دەیانکات. کەوایە پێویستە بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری ورد دا بێ و سەربەخۆیی کرداریی نەبێ.

٣ــ ژن تاوانبارێکی ئەزەلی و هۆکاری سەرەکی نەهامەتی و کێشەکانی پیاوە و تێکدەرێکی پێوەندی مەعنەوی نێوان عابید و مەعبوودە، هەر بۆیەش هەرگیز ناتوانێ (ڕێی ناکەوێ) ئەم دەورەبگێڕێ و لە مەقامی پێغەمبەرێکدا دەرکەوێ.

ڕووی گوتاری زۆربەی دەقە پیرۆزەکان بە گشتی لە مرۆڤ، وەک پیاوە و یادکردن لە ژن بە ناوهێنانەوە لە تەنیشت پیاودا زیاتر دووچەشنە بوونی جۆری مرۆڤ وەبیر دێنێتەوە، نەک کەسایەتی بەخشینێکی دانپێدەرانەی مرۆڤی.

جۆری ئەم چەشنە ڕوویکردە چەوتانە تەنانەت لە ئەدەبیاتی بەشێکی زۆر لە مەکتەب و ئایدیۆلۆژییە ئەمرۆییە نوێیەکانیشدا لە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە. بۆ وێنە دەرکەوتنی دیاردەیەکی وەک هەڵاواردنی ئەرێنی(تبعیض مثبت) لە چوارچێوەی بیرۆکەی چەپی ڕادیکاڵ بەتایبەت لە پاساوە سۆفیستاییەکەی لێنیندا. لێنین کۆمەڵگە بە میلەیەکی ئاسنین دەشوبهێنێ کە بەهۆی ئەو غەدروستەمە زۆرەی بەدرێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بەلای پیاودا شکاوەتەوە و خوار بووە. هەر بۆیەش بۆوەی ئەو میلەیە ڕاست بێتەوە و ڕەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بکەوێتە سەر ئاراستە ڕاست و دروستەکەی خۆی، پێویستە ئەوجار بە گوشاری زێدە(هەڵاواردنی ئەرێنی) میلەکە بەلای ژناندا بشکێتەوە و خواربێ، تا قەرەبوو بکرێتەوە.

ئەم تێبینییە لە جێدا هەڵەیە و دەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە. ئەساسەن ئەندیشەی چەپی مارکسیستی نوێنگەی خۆی لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیدا دەدۆزرێتەوە و بوونیشی لە جیاوازییە بەرینە کۆمەڵاتییەکاندا گەشە دەکات. هەر چەندەی پۆست مۆدێرنیزم و لیبرالیزمی نوێ لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و یەکێتی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کار دەکا، بە پێچەوانەوە کۆمۆنیزم لەسەر

ناکۆکی و جیاوازی نێوان مرۆڤ و توێژ و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کۆبۆتەوە و دیڤۆرمە بووە.

تەمسیلی میلەی ئاسنین بەجێی ئەوەی ژن و پیاو بەر لە هەموو شتێک وەک مرۆڤ ببینێ و لە هەوڵی چارەسەریی هاوکێشەکانی مرۆڤ لە ڕێی هاوپێوەندی بەردەوامی ژن و پیاو لە راستای رەوتی بەرەوپێشی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێ، راشکاوانە تیۆریی دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەی دژبەیەکی ئینسانییە کە خاوەنی شوناس و بەرژەوەندی جیاوازیشن. فەلسەفەی ئەم بیرۆکەیە دیدێکی ژێرخانی و دەروونیانەی ئەوتۆی لەمەر چارەسەری دواکەوتوویی و گرفتەکانی ژنان لەکۆڵگەدا تێدا نییە و هەوڵ نادا ژن لەگەڵ قووڵاییەکانی وجوود و دەروونی خۆی وەک مرۆڤ ئاشت بکاتەوە، بەڵکوو لە روانگەیەکی ئاسانگرانەوە بە پێشکەشکردنی چەند رێکارێکی رووکەشی زیاتر سیاسیانە، گەرای بەرەو ڕووبوونەوەیەکی نەخوازراوی

**هەوڵی من ئەوەیە کلیلی چارەسەریی کێشەو پرسی ژن بدرێتەوە بە دەستی خۆی. واتە ژن بەپەی بردن بە قوڵاییەکانی فەلسەفەی وجوودیی خۆی وەک مرۆڤ هەستێ و خاوەنداریەتی لە بوون و کەڵکەڵە و پرس و کێشەکانی خۆی بکا**

هەمیشەیی لە نێو مرۆڤ دا دەنێتەوە و کۆمەڵگە بەرەو دابەش بو ون و لێک بێگانەیی و ساغ نەبوونەوەیەکی بەردەوام ڕێنوێنی دەکا. ئەو جێگۆڕکێیەی کە لە دوورە دیمەنەکانی ئەو هاوکێشەیە بە سەر چەمکی مافدا دێ، لە لایەن وەحشەتناکەکانی دەرئەنجامی ئەم جیهان بینییەیە. واتە ژن بەجێی ئەوەی کە مافی ئینسانیی خۆی بە بەشێکی جیانەکراوەی فەلسەفەی وجوودیی خۆی بزانێ، بەردەوام لە هەوڵی ئەستاندن و وەرگرتنەوەی لە پیاو دەبێ. لە ئاکامی ئەم ڕوانگەیەدا ئیتر ناوەندێتیی ڕوانین لە خودەوە دەگوازرێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەرو بەستێنی کۆنتاکت و شەڕێکی بێ بنەمای نەشیاو لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا بەردەوام خۆش جێتر دەبێ.

هەوڵی من ئەوەیە کلیلی چارەسەریی کێشەو پرسی ژن بدرێتەوە بە دەستی خۆی. واتە ژن بەپەی بردن بە قوڵاییەکانی فەلسەفەی وجوودیی خۆی وەک مرۆڤ هەستێ و خاوەنداریەتی لە بوون و کەڵکەڵە و پرس و کێشەکانی خۆی بکا. ژن ناتوانێ (ناکرێ) چاوەڕوانی لە پیاو هەبێ و رکێفی تەنگەژەکانی خۆی بداتە دەست. نابێ لە روانگەی پیاوەوە سەیری خۆی و کێشە و گرفتەکانیشی بکا، بەڵکوو پێویستە بە گیانێکی مەیداندارانەوە بێتەپێش ورکێفی ژیانی خۆی وەک مرۆڤ بەدەستەوە بگری. کێشەی ژن و پیاو بەگشتی، کێشەگەلێکی هاوبەشن و لە خانە و بازنەی مرۆڤدا روودەدەن. کەوایە کاریگەری قووڵیان لەسەر یەکدا هەیە و راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ شوێن کەسەر یەکتر دادەنێن. هەربۆیە دەبێ بەگیانێکی هاوبەش و بەیەکەوە، نەک بەجیا و نەک بەجێی یەکتریش، لە هەوڵی چارەسەری سەرجەم کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم رێگای مرۆڤ، بە ژن و پیاوەوە، دابن. بە درێژایی مێژوو، بەگشتی پیاوان بیریان کردۆتەوە و کردوویانە و لێکیان داوەتەوە. ئینجا ژن زۆربری کات بە شێوەیەکی ناکارامە لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کە ئاخۆ لە هەرکام لەم خانانەدا، لە لایەن پیاوەوە چ پێگەیەکی بۆ لەنەزەر گیراوە و چۆن خوێندراوەتەوە. وڵامەکە خۆی روون و ئاشکرایە، پێگەیەکی پەیوەستەیی و خوێندنەوەیەکی پەڕاوێزانەی رێژەیی. بەڵام کاتێک کە بەدەگمەن ژنانێکی وەک مارگریت دۆراس، سیلویا پلات، مارگۆت بیکێل، فروغ فەرۆخزاد... لە دەورە مرۆڤییەکەی خۆیاندا (بەدەر لە ژن بوون و پیاو بوون) دەردەکەون و لە هەوڵی خوێندنەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان و بوون‌دان، ئیتر ئاڕاستەیەکی نوێ و جیاوازتر بە رەوتی مرۆڤایەتی دەبەخشن و روانگەیەکی دیکە لە ژیان و بوون وێنا دەکەن. گرینگ ئەوەیە کە ژنان شانازی بە ژنانە بوونی خۆیانەوە بکەن و واتایەکی مرۆڤانەتری پێ ببەخشن و ئیتر بوونی خۆیان لە بەرەوڕوو بوونەوەیەکی نەشیاو لەگەڵ پیاودا نەدۆزنەوە. کێشە و پرسی ژن بەرلەوەی کە رێگاو چارەسەری سەخت ئامێرانە و دەرەکی هەبێ، رێکاری نەرمئامێرانەی هەیە و پێویستی بە چارەسەری ژێرخانییە.



# خۆکوژی، هۆکارو گرفتەکان

شەونم هەمزەیی



خۆکوشتن کردەوەیەکە کە مرۆڤ بە ئانقەست و بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی ئەنجامی دەدا. زۆربەی ئەو مرۆڤانەی خۆیان دەکوژن بە هۆی بێ هیوایی لە ژیان و کەوتنە نێو بارودۆخێکی خراپی رۆحی ئەو ریگایە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان هەڵدەبژێرن.

لە راستیدا خۆکوژی دیاردەیەکی قێزەونی نێو دونیای مرۆڤایەتیە، دەتوانین بڵێین خۆکوژی دیاردەیەکە کە ڕیشەیەکی قووڵی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، ئەگەر جاران لە نێو وڵاتە هەژارەکانی جیهانیی سێهەم دا باو بووبێت، هەنووکە دیاردەیەکی باوی نێو کۆمەڵگە و وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهانیشە. بۆ نموونە ژاپۆن کە لە سەردەمی ئێستادا لە بواری پێشکەوتن و تێکنۆلۆژی و کارامەیی یەکێک لە گەورەترین و بەهێزترین وڵاتانی جیهانە، یان ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە سەرکردایەتی تەواوی جیهان دەکات، ئەم دیاردەیە نەک لەو وڵاتانەدا خاڵی نییە بەڵکوو ڕێژەی خۆکوشتن لەواندا زۆرە. بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان دەرکەوتووە کە ساڵانە لە جیهاندا یەک ملیۆن کەس خۆیان دەکوژن، بەم پێیەش هەر (٤٠) چرکەیەک کەسێک لە جیهاندا لەم ریگایەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی هەیە و بۆتە نەریتێکی نەرێنی لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا. هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە زۆرن، بەڵام بە گشتی سەرەکیترین هۆکارەکانی خۆکوژی بریتین لە نەبوونی و بارودۆخی خراپی ئابووری، خەمۆکی، کێشە کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکان، نەگەیشتن بە ئاوات و هیواکان و هەروەها ڕەشبینی و بێ هیوایی و تاد....

لەو بابەتەدا دەمەوێ لەوە بدوێم کە بۆچی مرۆڤەکان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، باس لە هەندێک لەو هۆکارانە بکەم کە دەوری سەرەکیان هەیە لە خوکوژی مرۆڤەکان.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکی و بەرچاوەکانی دیاردەی خۆکوشتن هۆکاری کۆمەڵایەتیە، لێرەدا دەتوانین بڵێین دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەت لە ئافرەتان دا هۆکارگەلێکن کە زۆربەی ئەو تاکانەی خۆیان دەکوژن دەبنە قوربانی ئەم دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیانە. بۆ نموونە بە تایبەت لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتیدا، ئەگەر باس لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەز بکەین لە هێندێک جاردا ئەو پەیوەندیانە دەبێتە هۆی خۆکوشتنی کەسێک.

لەو کۆمەڵگایانەدا کاتێک کچ و کوڕێک پەیوەندی خۆشەویستیان هەبێت و بنەماڵەکانیان پێیان بزانن جگە لەوەی ڕقێکی هەمیشەیی لە نێوان بنەماڵەکاندا دروست دەبێت زۆربەی کاتەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی فشارێکی دەروونی بۆ کچان و کوڕان. دابونەریتی هەڵەی نێو کۆمەڵگا و ناتەبایی ئەوان لەگەڵ سەردەمی ئێستا بە شێوەیەکی وەها کەسەکان لە ژیان بێزار دەکەن کە بۆ دەرباز بوون لە کێشە دەرونییەکانی پەنا ببەنە خۆکوشتن. هەروەک باس کرا خوکوژی بە هۆی پێشگرتن لە خۆشەویستی کوڕان و کچان زیاتر لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە کە ئایین و دابونەریت بە سەریاندا زاڵە. لەو کۆمەڵگایانەدا زۆر جار بۆ پاراستنی ناموس و خۆڕزگارکردن لەم گیروگرفتانە مرۆڤەکان خۆیان دەکوژن.

هۆکارێکی دیکەی ئەم دیاردەیە تەنیایی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتییە، ئەمە بە واتای دروست بوونی کەلێنی ڕۆحی لە کەسەکاندا، کاتێک مرۆڤ هەست بە تەنیایی دەکات گۆشەگیر دەبێت وبێ هیوایی لە ژیان رووی تێ دەکا، لەو کاتانەدا بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆی لە ناو بەرێت چونکە هەست دەکا ئازاری خۆکوشتن کەمترە لە ئازاری تەنیایی و گۆشەگیری. زۆربەی سەرژمێرییەکان دەریانخستووە ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن کەسانێکی کۆمەڵایەتی نین و حەز بە تێکەڵبونی کەسانی تر ناکەن .

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی پەنا بردنە بەر خۆکوشتن هۆکاری دەروونییە و بەشێک لەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن کەسانێکن کە تووشی نەخۆشیە دەرونییەکانی وەک خەمۆکی و گۆشەگیریی بەردەوام هاتوون. زۆربەی قورسایی هۆکارەکانی خۆکوشتن بۆ خەمۆکی دەگەڕێتەوە و توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سەدا ٨٠ ی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن خەمۆکیان لەگەڵە. ئەو نەخۆشییە دەروونیانە دەبنە هۆی تێکچوونی باری ئاسایی ژیان و هێندێک لە مرۆڤەکان وا لێ دەکەن کە هەستی خۆ بە کەم زانی لەواندا بەرز بێتەوە و بیر لە نەمان لە ژیان دا بکەنەوە.

لێرەدا دەکرێ باس لەوە بکەین کە لاوازی کەسەکان بەرانبەر بە کێشە و ڕووداوەکان دەگاتە ئەوەی ئەم کەسە نەتوانێت بە سەر کێشەکانی ژیانی دا زاڵ بێت.

هۆکارێکی قیزەونی دیکە کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لایەنە دەروونییەکانی تاکەکان و زیاتر رووبەڕووی رەگەزی مێ دەبێتەوە دەستدرێژی سێکسیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشی دەروونی کەسەکان و کاریگەرییەکی زۆر درێژخایەنی دەروونی لەسەر ئەواندا دادەنێ. ساڵانە ژمارەیەکی زۆر بەهۆی دەستدرێژی کردنی سێکسی خۆیان دەکوژن و توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زۆر لەو ژنانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەستدرێژیان لێ دەکرێت تا ماوەیەکی زۆر دەچنە لای دەروونناسان و پسپۆڕی تایبەت تاوەکوو خەسار و کاریگەرییەکانی بەو هۆیەوە تووشیان بووە کەم بکەنەوە.

کێشە ئابوورییەکان هۆکارێکی دیکەی



خۆکوژی تاکەکانە، ئەم کێشەیە وەک دوو هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی لە هۆکارە سەرەکیەکانی پەنا بردنی خەڵک بۆ خوکوژییە. زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی لەسەر ئەوە کۆکن کە هەژاری و بێکاری و نەبوونی و سەرجەم کێشە ئابوورییەکان کاریگەری زۆر خراپیان لە سەر خەڵک هەیە. بە پێی زۆرێک لە لێکۆلینەوەکان دەرکەوتووە کە ئەو وڵاتانەی ڕێژەی هەژاری خەڵکەکەیان لە ئاستێکی بەرز دایە  دیاردەی خۆکوژی زیاتر لەواندا لەچاو دەدا، چونکە هەژاری دەبێتە بەربەستێک بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤەکان و ئەوەش ژیانی ئەوان پڕ دەکا لە ناخۆشی و ناتەبایی و بۆ رزگاربوون لەو کێشەیە وایان لێ دەکات بیر لە خۆکوشتن بکەنەوە.

لێرەدا پێویستە بڵێم کە لە پاڵ ئەوەی کاریگەرییەکانی هەژاری لە سەر کەسەکان رەد ناکرێنەوە ناکرێ بوترێ هەژاری هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی دیاردەی خۆکوژی، چونکە بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکان پێیان وایە مرۆڤ تاوەکوو زیاتر بەرەو خۆشگوزەرانی بڕوات زیاتر بەرەو هەڵدێرو نامۆ بوون دەچێت و ئیتر بێزاری لە ژیانیش رووی تێ دەکات. ئەم هۆکارە ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕنگدانەوەی هەیە، نموونەیەکی زیندوو کە دەکرێ لەم بارەیەوە باسی بکەین زۆربەی وڵاتانی ئیسکاندیناڤی وەک (سوئێد، نۆروێژ و فینلاند)ە و لەگەڵ ئەوەدا کە لەو وڵاتانە خەڵک ژیانیان لەوپەڕی خۆشگوزەرانی دایە، بەڵام ڕێژەی خۆکوشتن زۆر بەرزە.

لە کوردستانیش کۆمەڵگای کوردەواری بێ بەش نیە لەم دیاردەیە و بەردەوام

**هۆکارێکی ڤیزەونی دیکە کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لایەنە دەروونییەکانی تاکەکان و زیاتر رووبەڕووی رەگەزی مێ دەبێتەوە دەستدرێژی سێکسیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشی دەروونی کەسەکان و کاریگەرییەکی زۆر درێژخایەنی دەروونی لەسەر ئەوان دادەنێ**

هەواڵگەلێک دەبیستین کە کەسێک بە فلان هۆکار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. خۆکوژی لە کوردستان بەتایبەت لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان زیاتر لەبەرچاوە و لەپاڵ هەمووی ئەو هۆکارانەی هێنامانە بەر باس هۆکارگەلێکی دیکە وەک چەوسانەوە لەباری سیاسیەوە و گەلێک هۆکاری فەرهەنگی و ئایینی لە خۆکوژی کەسەکان دا رۆڵ دەبینن. بە پێی لێکۆڵینەوەگەلێک کە لە ئێران ئەنجام دراون ژنان سێ بەرانبەری پیاوان خۆیان دەکوژن و بەداخەوە لەو نێوەشدا ژنان و کچانی کورد لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و هەمەدان زیاترین ئاماری خۆکوژی ژنانیان لە ئێران بۆخۆیان تەرخان کردوە. ئامارەکان لە ئێراندا پیشاندەری ئەو راستیەن کە ١٢ کەس لە نێو هەر هەزار کەس دا لە ڕێگای خۆکوژییەوە کۆتایی بەژیانیان دێنن. گرینگترین هۆکارەکانی خۆکوشتنیش لە ئێران بە هاوسەری دووهەمی پیاو بوون لە نێو ژناندا و کێشەگەلی ئابووری لە نێو پیاوان دایە.

بە ئاماژە بەم هۆکارگەلە دەتوانین بڵێین کە ئەو کەسانەی بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە و بۆ رزگاربوونیان لە دەست کێشەکان پەنا دەبەنە بەر ئەم دیاردەیە پێیان وایە کە خۆکوشتن خاڵی کۆتاییە و بەم شێوەیە دەتوانن لە هەمووی ئەم کێشانە خۆیان دەرباز بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەتوانرێت لە زۆر ڕێگاوە هەوڵ بدرێت ئەم دیاردەیە لە کەمیی بدا.

یەکێک لە رێگاکانی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم دیاردەیە ئاگادار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا و پێدانی زانیاری و هۆشیاری سەبارەت بە بیرکردنەوەی چەوتیان لەسەر کێشەکانە. هەروەها ڕێگا خۆشکردن بۆ چارەسەریی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی خەمۆکی و کێشە دەرونییەکان بوون دەتوانێ لە ئاستی پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە. لەم بارەیەوە ڕاگەیاندنەکانیش دەوری سەرەکیان هەیە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و دەتوانن هەوڵ بدەن بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەربەرەکانی بکەن.

لە کۆتاییدا بەو هیوایەم کە تاکەکان چی دیکە بیر لە خۆکوژی نەکەنەوە و هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و هەروەها کۆمەڵانی خەڵک بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە هەوڵەکانی خۆیان زیاتر وەگەڕ بخەن و مرۆڤەکانیش لە جیاتی هانا هێنان بۆ خۆکوژی بیر لە چۆنێتی زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکان دا بکەنەوە.

بە هیوای ژیانێکی ئاسوودە و خۆش بۆ هەمووان.

# «زاوتەی بیرکردنەوە و هێزی نووسین»

**ماپارە ئیبڕاهیمی**

ڕەنگە زۆر کەس بڵێ ژنانە نووسین یان ژنانە ڕۆانینمان نییە و هەموو شتێک لە دەوری مرۆوایەتی دایە. ئەمە زۆرتر ڕای ئەو پیاوانەیە کە دنیای تەنگەبەر و غەوارەی ژنانیان نەناسیوە و لەو دنیایە ناگەن.

ئەگەر وابێ کە ئەزموونەکان لە زماندا خۆ دەنوێنن، دیارە ئەزموونی کەم و کورت و ناتەواو، زمانی لاواز و نوقسان دادەڕێژێ. یانی ئەگەر ژنێکی نووسەر لای ئێمە بییەوێ ئەزموونەکانی لە زماندا بەیان بکا، زمانەکەی کەم وشەیە، وشەکان لە چەندڕەهەندی و فرەمانایی دەسڵەمێنەوە. وەها نووسەرێک دادەمێنێ بۆ ڕێکخستنی وشە و داڕشتنی ڕستە و وێناکردنی کنایە و خوازە و ڕەمز و هێما. چونکە ژنان و ئەزموونەکانی خۆی سنووردارن و لە جەغزێکی بە هێڵی سوور دیاریکراو دا باوەخولێ دەکا. دنیاکەی زۆر کەم شەبەقە وناتوانی شارەزایانە و بێباکانە ئەو گزنگانەی بەپێدزە خۆیان لە ناو جەغزەکە دەخزێنن،دەستەمۆ بکا.

لە کۆمەڵدا هەر لایەنێک جۆرێک زمان دادەڕێژێ، یانی دەسەڵاتی زاڵ زمانی تایبەتی هەیە و ژێردەستە و ئازادیخواز زمانی تایبەت. زمانی کۆمەڵگای ئێمە زمانێکی شەڕاشۆیە. زمانێک کە پڕ لە ڕەتکردنەوەی یەکتر و بێگانەبوون و دوالیزم لە زۆرتری لایەنی زماندا، یانی وشەسازی و یەکخستنی وشە و خوازە و تەعبیر و گرامێر و ئیماژ و دەنگ. زمانی شەڕاشۆ بە پێی هەلەمەرجی کۆمەڵایەتی ڕوو لە ڕوو ڕواڵەتی شکست یان حەماسە دەکا، چونکە ئەزموونەکە یان تێشکانە یان ئارەزووی سەرکەوتن و دەسەڵات. ڕەنگە لەبەر بوونی ئەم فەرهەنگە باوک پیاوسالارە بێ کە زمانی ئێمە ژنان، زمانی شکستە و دوورە لە حەماسە.بۆیە ئەبێ ژنان نووسەر وەک ژن دایک بکەونە ململانێ لە گەڵیدا و ڕەتی کەنەوە.

بێتو بەر بە ئازادیی کەسێک بگیرێ، ڕێگای نواندنی فەردییەت و سەربەخۆیی لێ زەوت دەکرێ، جا چ لە لایەن کۆمەڵگاوەبێ کۆمەڵگای باوک پیاوسالار، وەک کۆمەڵگای ئێمە یان لەلایەن خۆیەوە بێ(خودسانسۆری). خۆسانسۆر کردن لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئێمە دا تەنیا پێوەندی بە نووسینەوە نییە، بەڵکوو هەر لەو کاتەوە زمان دەگرین و بیر دەکەینەوە دەست پێدەکا. لایەنی ئاگایانە و خواستی خۆ سانسۆر کردن لە کاتی نووسیندا دەست پێدەکا، بەڵام لایەنی بێ ئاگایی لە دەروونماندایە. کچ زۆران ناگرێ، کچ لە دیوار سەرناکەوێ، پیاو ناگرێ،پیاو بەهێزە،... تا ئەو جێگایە کە کەسایەتی ژنی چیرۆکمان دەستەوەستان و شەرمێونە و پیاوەکە زۆردار و بەهێز و...، یانی بەبێ خواستی خۆمان و بێ ئاگا بیر لە بڕی شت دەکەینەوە و بیر لە بڕێکی تر ناکەینەوە. بڕێک وشە لە کار دەکەین و بڕێک لە کار ناکەین، یان لە نووسینیان پارێز دەکەین. یانی لەهەر حاڵێکدا تاپۆگەلێک زەین وزمانمان لاواز دەکەن.

هەرچەند ژنان لە ڕێگەی ژیانی تایبەتیدا خانەنشینی خۆیان ڕزگار کردووە و هاتوونەتە جەرگەی ژیانی گشتییەوە، بەڵام زۆربەی ئەو شوێنانەی ژن[تێیایدا] وەک کرێکار، کارگێڕ و تەنانەت مودیر و سەرپەرشت خەریکی هەڵسووڕانن، بەدەستی پیاوان و بۆ بەرژەوەندی پیاوان، یانی دەسەڵاتی باوک پیاو دابین کراون و ژنان لەو بارەوە لە ژێر دەسەڵات و چاوەدێری پیاوان دان. بۆیە زمانەکەش لەژێر دەسەڵاتی زمانی پیاوانە دایە، بکەری وێژەر کە بەپێی نەریت لە ناوەوە دەکەوێتە بەرخوێندنەوە بەگشتی کاردانەوەی پێوەندی ڕاستەوخۆ کۆمەڵایەتییە. با لە دەروونی خۆماندا پێوەندی شوان مێگەلی و لە کۆمەڵگادا دەسەڵاتی کاریزماتیکی باوک پیاو بسڕینەوە و لە بوونی یەکتر بگەین. لە وەها هەلومەرجێکدا ئیتر کەس بە سەرمانا ناقیژێنێ و جودامان ناکەنەوە و تەنیا گوناح و لاوازیمان نابینن. با بە زمانی ژنانە بێینە وتار، زمانی حەقیقەت و دیالۆگ داڕێژین. ئەگەر وا نەبێ «چندین هزاران سال شد تا من بە گفتار آمدم»،دوای چەندین ساڵ هاتووینەتە وتار، بەڵام ئەگەر بە چاویلکەی چاوی پیاوان لە دونیا بڕوانین و لە کلاوڕۆژنەی زەینی ئەوانەوە تیشکی خۆرمان وێکەوێ،وەک ئەوەیە نەهاتبینە وتار.

**ئەو نووسینە هەڵبژاردەیەکە لە وتاری زاوتەی بیرکردنەوە و هێزی نووسین**



# ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان

((کۆمەڵەی گشتی پشتی پێبەستووە و بۆ ئیمزاو متمانە پێبەخشین و پەیوەستبوون پێشکەشی کردووە، بەپێی بڕیاری ١٨٠/٣٤ لە بەرواری ١٨ ی کانونی یەکەم/دیسێمبەر ١٩٧٩ مێژووی دەستبەکاربوونی: لە بەرواری ٣ ی ئەیلولی ١٩٨١، بەپێی حوکمی ماددەی ٢٧))

دەوڵەتانی لایەندار لەم ڕێکەوتننامەیەدا، تێبینی ئەوە دەکات، پەیمانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەم باوەڕەی بەمافی مرۆڤ هەیەتی سەرلەنوێ جەخت لە کەرامەتی تاک و توانای دەکاتەوە و هەروەها مافی یەکسانی ژن وپیاو لە بوارەکانی ژیاندا.

تێبینی ئەوە دەکات جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ جەخت لە بنەمای نەهێشتنی هەڵاواردن دەکاتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات هەموان بە ئازادی لە دایک دەبن و لە کەرامەت و ماف دا یەکسانن، هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە چێژ لە هەموو ئەو ماف وئازادییانە وەربگرێت کە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دا هاتوون، بەبێ هیچ هەڵاواردنێک، لەوانە ئەو جیاکارییانەی لە دەرەنجامی سێکسەوە دەبێت.

هەموو ئەو ڕێکەوتننامانە بە هەند وەردەگرێت کە بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و بریکارە تایبەتمەندەکان دەبەسترێت و هانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەدات.

هەروەها هەموو ئەو بڕیار و ڕاسپاردە و بانگەوازانە بە هەند وەردەگرێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان و بریکارە تایبەتمەندەکان پشتی پێدەبەستن و کار بۆیەکسانی ژن و پیاو لە ماف دا دەکەن.

بەڵام هێشتا دڵەڕاوکێ هەیە، لەبەرئەوەی هێشتا لەگەڵ بوونی ئەو هەموو پرۆتوکۆڵە زۆرەدا هەڵاواردنێکی (جیاکاری) بەرفراوان دژی ژنان هەیە. کە ئاماژەدان بەوەی هەر جیاکارییەک دژی ژنان دەبێتە پێشێلکارییەک بۆ بنەمای یەکسانی ماف و ڕێزی کەرامەتی مرۆڤ، دەبێتە لەمپەر لەبەردەم بەشداری ئافرەت، بەیەکسانی لەگەڵ پیاو لەناو ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆشنبیری وڵاتەکەیدا گەشەی مەدەنی کۆمەڵگاو خێزان (گۆت دەکات).

دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەسەندنی تەواو بۆ تواناکانی ژنان بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی و مرۆڤایەتی.

هەروەها زۆرلەوە دودڵە کە ژنان لە حاڵەتی هەژاریدان وکەمترین بەشی لەخواردن و تەندروستی و فێرکردن و مەشق پێکردن و بواری کارو پێداویستییەکانی تری بەردەکەوێت، بڕوای بەوە هەیە کە سیستەمی ئابووری نێودەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای دادو دادوەری دامەزراوە، هەروەها بە شدارییەکی تەواو لە هەستانەوەی یەکسانی نێوان ژن وپیاودا دەکات.

ئاگاداردەکاتەوە پێویستە هەموو شێوازەکانی جیاکاری ڕەگەزی و هەموو شێوازەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری ڕەگەزی و داگیرکەری نوێ و داگیرکردن وداگیرکاری بیانی و کۆنترۆلکردنی بیانی و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت ژنان و پیاوان چێژ لە هەموو مافەکانیان وەربگرن لە ڕیشە دەربهێنن.

جەخت لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکاتەوە هەروەها دڵەڕاوکێی نێودەوڵەتی کەمبکاتەوە هەروەها هاوکاری لە نێوان هەموو دەوڵەتاندا بگۆڕێتەوە بەدەر لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری کە هەیەتی، هەروەها هەوڵی چەک داماڵینی گشتی دەدات بەتایبەتی چەکی ئەتۆمی لە ژێرسایەی سانسۆری توندو کارای نێودەوڵەتی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی سود گۆڕینەوەی نێوان پەیوەندی دەوڵەتان جێگیر دەکات.

هەروەها کارکردن بۆ ئەو گەلانەی لەژێر دەستی دەسەڵاتی داگیرکەرو کۆلۆنیالی و دەسەڵاتی بێگانەدا، مافی چارەی خۆنوسین و سەربەخۆییان بۆ دابین بکات، هەروەها ڕێز لە سەروەری نیشتمانی و سەلامەتی هەرێمی بگیرێت، هەروەها کار بۆ هەستانەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندن بکات، لە دەرەنجامی هەموو ئەمانە بەشداری لە بەدەستهێنانی یەکسانی تەواوی نێوان ژن وپیاو بکات.

لەو باوەڕەی هەیەتی بۆ گەشەسەندنی تەواو بۆ هەر وڵاتێک و خۆشنودی جیهان و مەسەلەی ئاشتی، هەموو داوای ئەوە دەکەن ژن شانبەشانی پیاو یەکسان بن و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشداری بکەن، هەروەها چاوی لەوەیە ژنان ڕۆڵێکی مەزن لە خۆشنودی خێزان و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا دەگێڕن، کەتاکو ئێستا دان بەم ڕۆڵە گرنگەیدا نەنراوە و گرنگی کۆمەڵایەتی دایکایەتی و ڕۆڵی دایک وباوک لە گەشەپێدانی منداڵەکانیان لەبەر ئەوە درک بەوە دەکات کاری نابەرهەمهێن(لێرەدا مەبەست لەو کارەیە کە لەبواری جەندەردا بەکاری(الانجابی) ناسراوە) نابێتە بنەمای هەڵاواردن (جیاکاری) بەڵکو بەخێوکردنی منداڵ پێویستی بە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی هەیە لە نێوان ژن وپیاودا لە نێوان هەموو کۆمەڵگادا بەگشتی.

درکیشی بەوە کردووە جێبەجێکردنی یەکسانی تەواوی نێوان ژن وپیاو پێویستی بە گۆڕانکاری ڕۆڵی تەقلیدی پیاو هەروەها ڕۆڵی ژنیش هەیە لەناو کۆمەڵگاو خێزاندا. عەزمی داوەتە خۆی بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو بنەمایانەی لە بانگەوازی ڕیشەکێشکردنی هەڵاواردنی(جیاکاری) ڕەگەزیدا هاتووە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕێوشوێنێک کە پێویستە بۆ ڕیشەکێشکردنی هەڵاواردنی( جیاکاری) بە هەموو شێوەو ڕوخسارەکانیەوە بگیرێتەبەر.

**ماددەی یەکەم:**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە مانای زاراوەی « هەڵاواردن دژی ژن» بریتی یە لە جیاکاری کردن، یان دوورخستنەوە، یان وابەستەکردنێک لەسەر بنەمای ڕەگەز پێکهاتبێت، کەبۆ وورۆژاندن، یان سووکایەتی پێکردن و دارمانی(داننانە) بەمافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری و مەدەنیدا یان لەهەر بوارێکی تردا یان سووکایەتی و تێکشکان بۆ چێژ وەرگرتن لەو مافانەو مومارەسەکردنی ئەو مافانە، ئەویش بە چاوپۆشین لە حاڵەتی هاوسەرێتی و لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان ژن وپیاو.

# کۆڕیادێک بۆ یادکردنەوەی١٠ ساڵەی

# کوژرانی فادیمە شاهیندالْ لە ستۆکهۆلْم

کومیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و چەند ڕێکخراوی دیکەی ژنانی کوردی سەر بە پارچەکانی ڕۆژهەڵات، باشوور و باکوری کوردستان، ڕۆژی شەممە، ٥ی ڕێبەندان ١٠ ساڵ دوای کوژرانی فادیمە لە وڵاتی سوێد بەدەست باوکی خۆی بە بیانوی پاراستنی شەرەف یادی ئەو قوربانییەی دەستی نەزانییان کردەوە و کۆڕیادێکیان بۆ باس لە سەر قەتلی نامووسی پێک هێنا.

ئەو کۆڕیادە بە مۆسیقای کلارنێت و بە پیشاندانی کورتە فیلمێک لە سەر ژیانی فادیمە دەستی پێ کرد. دواتر ئەحمەد ئەسکەندری، دوکتور مینو عەلینیا و سەیران دوران لە سەر ئەو ڕووداوە و هۆکار و بەستێنی ڕوودانی قەتڵی نامووسی بۆ بەشداران دوان.

لە درێژەی ئەو کۆڕیادەدا بەیان ناسێح لە سەر ئەو ئاڵوگۆرە یاساییانە دوا کە دوای کوژرانی فادیمە لە یاسای سوئێدی بۆ بەرگری لە ژنانی پەنابەر بە هەولی چالاکانانی ژنی کورد لەو وڵاتە هاتوونەدی.

لە کۆتایی ئەو کۆڕیادەدا بڕیارنامەیەک پەسند کرا و هەر لە کۆڕەکەدا بە زمانی کوردی و بە سوئێدی لە لایەن خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی و جینا توتئاغاجی خوێندرایەوە.

**ئەمەش دەقی بڕیارنامەکە:**

## بڕیارنامەی ڕێورەسمی یادکردنەوەی دەساڵەی کوژرانی فادیمە شاهیندالْ

١٠ ساڵ دوای ڕووداوی دڵتەزێنی کوژرانی فادیمە بە دەستی باوکی خۆی بە بیانوی پاراستنی شەرەف، ئێستاش جار و بار دەبیسین و ئاگادار دەبین کە ژنێکی دیکە، کچێکی دیکەی کورد هەر لەم دەور و بەرانە، لە تاراوگە، تەنانەت لە سکاندیناوی بە دەست خزم و کەسی خۆی، بە دەست باوکی، برای یان مێردی بە بیانوی ناموس دەکوژرێ و ئەو نەهامەتییە هیشتاش بەرۆکی بەر نەداوین. ئێمە وەکوو چەند ڕێکخراوی ژنانی کورد دەتوانین لە خۆمان بپرسین ئەو ١٠ ساڵە چمان کرد؟ چەندە سەرکەوتووین؟ چەندە بۆ خاشەبڕ کردنی ئەم نەخۆشییە هەوڵ مان داوە و دەتوانین چ بکەین؟ گومان لەوە دا نییە کە تەواوی ئەو کەمپین و باسانەی بە دوای قەتلت فادیمە دا ڕێکخران، سرنجێکی زۆری تەنانەت لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئەوەی گرینگە ئێمە وەک چەند ڕێکخراوی ژنانی کورد لە یادی فادیمە دا دەتوانین بەڵێن بدەین:

- نەک تەنیا لە یاد کردنەوە و ڕێزلێنان بەڵکو لە بەرەنگارە بوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان و لە دارشتنی بەرنامەی چر و پڕ بۆ گۆرینی عەقلییەتی نەخۆشی کۆمەڵگاکەمان سەبارەت بە چەمکی شەرەف کاری هاوبەش بکەین و هاوکار و هاو پەیمان بین.
- هەوڵ بدەین زمان و شێوەی باس کردن و کار کردنمان لە مەر ئەم دیاردەیە واقیع بینانە و بە دوور لە هەر جۆرە کەمرەنگ کردنەوە یان پڕ ڕەنگ کردنەوەی ڕووداوەکە بێت. نە لە ئاماژە پێکردنی پێمان وابێ کوردی پێی بەد نێو دەبێ و نە واشی لێ بکەین ئەوە تەنیا کلتوری دواکەوتوی کوردە ئەوە دەخولقێنێ. کوشتنی ژنان تەنیا ئی کۆمەڵگای کوردەواری نییە و لە کۆمەڵگای دیکەش ڕوو دەدا بەڵام ڕەنگە لە شێواز دا زۆری جیاوازی هەبێت. پێویستە ئەم دیاردە یە وەک خۆی ببینین و بە هەل سەنگاندنێکی هەمە لایەنە، بۆ بن بر کردنی پلەن و بەرنامەی کاری



خۆماڵی دابرێژین.

- هەموو ڕستە جوانەکانی ناو بەرنامە و ئەساسنامەکانی خۆمان وەک ڕێکخراوی ژنان بکەین بە هەوێنی کاری عەمەلی و لە مەیدانی کردەوەدا لە رووی لێکۆڵینەوە و بابەتی زانستی سەبارەت بە هۆکارەکان، ڕێگا و شێوەی چارەسەی ئەم نەخۆشییە بەردەوام هاوکاری بکەین. با تواناکانی هەموومان بۆ خاشە بر کردنی ئەم نەخۆشییە بە شێوەی زانستی و لە قەوارەی کۆنفرانسی گەورە و هەمەلایەندا وەگەر بخەین.
- پەیامی سەرەکی ئێمە دەبێ بۆ بنەماڵەکان ئەوە بێ کە لە پەروەردەی نەوەی نوێدا خۆیان لە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بپارێزن. یەکسانی ژن و پیاو، کور و کچ دەبێ پەیامی سەرەکی ڕێکخراوی ژنان بێ بۆ هەموو بنەماڵەکانی کورد.
- وەک چەند ڕێکخراوی ژنانی کورد گرینگە هەوڵ بدەین بۆ دابین کردنی میدیایەکی ژنانەی کوردی کە دەنگی ئێمە بێ بۆ وەدیهێنانی ئاڵ و گۆری بنەڕەتی لە نریتەکان و عەقلیەتی کۆمەڵگاکەمان سەبارەت بە چەمکی شەرەف، دەوری ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا و یەکسانی و تەنانەت پێناسەی نەتەوەیی و خەباتی ژنان بۆ وەدیهێنانی ئاواتی کورد.
- با هەوڵ بدەین بە هاوکاری ڕیکخراوەکان و کۆمەڵگای وڵاتی خانەخوێ بەرهەڵستکاری ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بکەین و لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی دروست و لە دیالۆگێکی شیاو و هاوشان لە نێوان ئێمە و ئەواندا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.
- لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە ئێمەش تووشی ئەم هەڵەیە نەبین کە دیاردەی کوشتنی ناموسی وەک دیاردەیەکی کلتوری پێناسە بکەین. کوشتن بە بیانوی ناموس لە کلتور را نایە و ڕەگ و ڕیشەی لە دواکەوتوویی و نریتی نارەوا و پیاوەزنی و .... دایە.
- وەک خاڵی کۆتایی با کات بە فیرۆ نەدەین و لە هەوەڵین فورسەت دا هاوکات لەگەڵ هەوڵ بۆ بەشداری ژنان لە ژیان سیاسی کۆمەڵگای کوردەواریدا و خەبات بۆ یەکسانی، خەبات بە دژی کوشتن بە بیانوی شەرەف وەک خاڵی سەرەکی ڕۆژەڤی کاریمان چاو لێ بکەین.

یەکێتی ژنانی کوردستان لە سوئێد
ڕێکخراوی مافی ژنی کورد
یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان
ڕێکخراوی گەشەی ژنی کورد
ڕێکخراوی ژنی کورد لە ئوپسالا
سەنتەری نینا و چەند کەسایەتی سەربەخۆی کورد

# تێڕوانینێک بۆ هۆکارەکانی

# پەرەسەندنی خۆسوتاندنی کچان و ژنان

ن: لەیلا سەمەدی

وەرگێڕان بۆ کوردی: مینا سوڵتانزادە

**خۆکوژی هاوارێکە بۆ یارمەتی کە لە قوڕگی مرۆڤێک دێتە دەرێ، خۆکوژی پێش ئەوەی کە بەرەو پیری مردن بچێ ڕاکردنە لە ڕاستییەکانی ژیان، خۆکوژی تەنیا مردنی مرۆڤێک نییە، بەڵکوو مردنی ژیانێکە، کۆتایی ژیانی ئەو ژنانەی کە دوای چەندین ساڵ خۆڕاگری و چاوەڕوانی بۆ ڕزگار بوون لە تاڵیەکانی ژیان جگەلە خۆکوشتن هیچ ڕێگایەکی دیکەیان نەدۆزییەوە و لە نێوەش دا خۆسووتاندن دڵتەزێنترین کارەساتە لە ژیانی ژنان دا و ئەو ژنانەی کە دەست دەدەنە خۆسووتاندن و لە ڕاستی دا دردناکترین ڕێگای خۆکوژیی هەڵدەبژێرن تاکوو بە یارمەتی ئاگر بتوانن بێ تاوانی خۆیان بە هەموو بسەلمێنن.**

**هەموو ڕۆژێ لە نەخۆشخانەکان دا هاواری جەرگ بڕی کچان و ژنانی سووتاو دەبیسین کە لە چوارچێوەیەکی بچووک و بێدەنگ دا بە ڕوخسارو جەستەیەکی هەڵقرچاوەوە لە چاوەڕوانی مردن دان.**

دەنگێگی پەشۆکاو تێکەڵ بە هەنگاوی بە پەلە کە دەتگوت ڕادەکا، بێدەنگیی نەخۆشخانەکەی تێک دەدا و جەستەیەکی سوتاوکە لە پەتۆیەک پێچرابوو، لە سەر دەستی چەند کەس بەرەو بەشی فریاکەوتن بەڕێ کرا. پەرستارەکان بە چاوێکی پڕلە قسە یەکتریان تێدەگەیاند کە دیسانیش سوتاوێکی دیکەیان هێنا! بەشی فریا کەوتن پڕ بووە لە بۆنی ئەڵکۆڵ و مادەی خاوێن کردنەوە تێکەڵ بە بۆنی قژە سەر و گۆشتی سووتاوی لاوێک کە لەسەر قەرەوێڵەکە درێژ کرابوو.

**شاردنەوەی ڕاستییەکان:**

ژن و پیاوێک پەرێشان و نیگەران بە لای قەرەوێڵەکەوە ڕاوەستاون و خۆیان لە جواب دانەوە بە پرسیاری پەرستارەکان لە بارەی چۆنیەتی ئەو ڕووداوە دەدزنەوە. ژنە کە خۆی وەک خەسووی ژنە سووتاوەکە دەناسێنێ، لە حاڵێکدا کە قسەکانی بە سەقەتی و پچڕ پچڕ لە زاری دێنە دەرێ بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بشارێتەوە دەڵێ: یاسەمەن بە تەباخ وای بەسەر هاتووە. ئەو کە خۆشی بڕوای بەو قسانە نیە هەموو هەوڵی خۆی دا ڕاستییەکان تەنانەت ئەو پەشۆکاوییەی خۆشی بشارێتەوە و دەڵێ: یاسەمەن لە یەکێک لە شارە گەورەکان لە دایک بووەو تازە هاتۆتە ئەو گوندەی ئێمە و نازانێ چۆن تەباخ بەکار بێنێ. دەیەوەست نەوتی تێکا، جلەکانی نەوتاوی بووە و هەر کە شەمچەکەی هەڵکردوە ئاگر لە جلەکانی بەربووە. پەرستارەکان کە زۆریان گوێ لەو چیرۆکانە بووە، چوونە لای ژنە سووتاوەکەو دەستیان دایە مقەست تا ئەو پارچانەی کە پێش سووتان وەک جل کەڵکی لێ وەرگرتبوون، لە برینەکانی بکەنەوە. جیاکردنەوەی ئەو پارچانە کە بە برینەکەیەوە نووسابوون زۆر بە دژواری لێ دەبوونەوە. دەبوو ئەو پێستە سووتاوانە لێکرابانەوە نەخۆش زۆر هیلاک بوو بەڵام هێشتا هۆشی هەبوو. «خاتوو! ئەمن نامرم وا نیە؟ خودایە گیان من هەڵەم کردوە« ئەوانە چەند وشە بوون کە یاسەمەن بەردەوام دوپاتی دەکردنەوە و کاتێک پەرستار مقەست بەدەست دەچوو بۆ لای سەری، نەخۆش بەهەموو هێزییەوە هاوار دەکا: توخودا... قژم مەبڕنەوە. یاسەمەن هێشتاش هیوای بە ژیان مابوو. ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە نامرێ و دیسان دەست دەکاتەوە بە ژیانێکی نوێ. هیوایەک کە پێش ئەوەی کە ئەو خۆی بسووتێنێ، سووتابوو. پەرستار قژەکانی یاسەمەنی بە دەرزیلە لە پشت سەری کۆ کردەوەو بە هاوکارەکەی گوت سووتانەکەی ٩٠ لە سەدە. دوای چەند کاتژمێر جەستەی یاسەمەن کە تەواوی بە برینپێچی سپی پێچرابوو، بەرەو بەشی سووتاوەکان ڕاگوێزرا.

یەکێک لە پەرستارەکان بە دڵگرانی نەک بە هۆی ماندوویەتی لەشی، بەڵکوو بە هۆی ماندوویەتی ڕووحی لەوەی کە حەوتووی چەند جار دەبوایە برینی ئەو مرۆڤانە تیمار بکا کە لەبەربێ دەرەتانی و ناهومێدی لە ژیان جەستەی خۆیان بە ئاگر دەسپێرن تاکوو بۆ هەمیشە بحەسێنەوە گوتی:

نەزانینی بەکارهێنانی تەباخ ٩٠ لەسەدی جەستەی یاسەمەنی نەسووتاندوە بەڵکوو لەوانەیە چوارچێوەی ژیانیان ئەوەندە لێ بچووک کردبێتەوە کە ناچار بووبێ ئاگر لە جەستەی خۆی بەربدا. پەرستار بەردەوام دەبێ و دەڵێ: زۆربەی کات هاوڕێیانی نەخۆش لە وتنی ڕاستییەکان خۆ دەبوێرن، چونکە ئەگەر دەرکەوێ ئەو کەسە خۆی سووتاندوە کەسوکاری لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێ و بیمەش پووڵی داودەرمان و نەخۆشخانەکە نادا. ئەو پەرستارە بە ئاماژە بەوەی کە سووتانی ئانقەست یان بە هۆی ڕووداوەوە بە باشی لێک جیایە دەڵێ: زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەسووتێنن ئاستی سووتانەکە دەگاتە دەرەجە ٣ کە دەبێتە هۆی لە نێوچوونی شادەمارەکان، هەر بۆیە ئەو کەسانە هەست بە هیچ ئازارێک ناکەن. هەروەها دەڵێ: لەگەڵ ئەوەدا سووتاو لە ڕۆژانی یەکەمی ڕووداوەکە بە تەواوی هۆشی هەیە و هێندێک جاریش بە پێی خۆی هاتوچۆ دەکا بەڵام کەمتر ئەوە ڕوودەدا کە سووتاوی دەرەجە ٣ بە زیندوویی بمێنێتەوە و ئەگەر هەشبێ بە هۆی لە نێوچوونی جوانی

روخساریان دیسان خۆیان دەسووتێنن. بە وتەی ناوبراو، ئەستوور بوونی سەرو دەم چاو، چلک و زیان بەرکەوتنی گورچیلەکان دەبێتە هۆی مردنی ئەو کەسانەکە سووتاوی دەرەجە سێن.

**قوربانییە سەرەکییەکانی خۆسووتاندن:**

زۆربەی قەرەویڵەکانی بەشی سووتاوی ئەو نەخۆشخانەیەی یاسەمەن تێیدا خەوێندراوە، پڕە لەو کچ و ژنانە کە بارودۆخی سەخت و تاقەت پڕوکێنی ژیان ئەوان وا لێدەکا کە ئاگر لە جەستەی خۆیان بەردەن. هەڵبەت لە نێو ئەوانیش دا هێندێک پیاویش هەیە کە بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی وەک ئێعتیاد و بێکاری لە ژیانی خۆیان بێزارن و دەست بۆ خۆسووتاندن دەبەن.

بە وتەی کارناسان ٧٠ لە سەدی ئامارەکانی خۆسووتاندن لە ئێران دا لە ژنان و کچان پێک هاتووە. هەر لەو بەشە لە دیوێکی دیکەدا دو ئافرەتی سپی ڕەنگ ڕاکشابوون یەکیان کچێک بوو کە لە ملەوە بۆ خوارێ بە برینپێچ داپۆشرابوو. دایکی بەلایەوە دانیشتبوو بەبێ دەنگی دەگریا. دایکە دەڵێ: مریەمی من لە دەستم چووە ئەو دەرسی دەخوێند و خۆی بۆ کۆنکور ئامادە دەکرد، ئەو مێردە نا پیاوەم تاوانبارە کە کچەکەم ئاوای بەسەر هات. دایکی مریەم ئاوا باس لە ژیانی خۆی دەکا و دەڵێ: مێردەکەم لە سەر بچووکترین شت لێم دەدا و لە ماڵێ وەدەرم دەنێ. ئەو ڕۆژەش کە لێیدام مریەم بە هات و هاوار نەوتی بە خۆی داکرد و گوتی ئەگەر دایکم ئازار بدەی خۆم دەسووتێنم. مێردەکەم منی دەرکرد و ڕۆیشتم بۆ ماڵی یەکێ لە خزمەکانم. ئەو دایکە دڵسووتاوە دوای هەڵ کێشانی هەناسەیەکی قووڵ دەڵێ: یەک دوو کاتژمێر دواتر براکەی مریەم بە شۆخی بە مریەم دەڵێ ئەدی بۆ خۆت نەسووتاند؟ و مریەمیش پێی وایە کە جلەکانی وشک بوونەتەوە و ئیدی جێی مەترسی نییە شەمچەکە هەڵدەکا و... ئەو سەرقاڵی قسە کردنە و لەو کاتەدا براکەی بە نایلۆنێک داودەرمانەوە دێ. ئەویش زۆر خەمبار و چاو بە فرمێسکە وخۆی بە تاوانبار دەزانێ. هەر لەلای مریەمەوە ژنێکی دیکە ڕاکشاوە کە ناوی گوڵنازە لە داخی دڵپیسی مێردەکەی بێزار بووە و ویستوویە کە بمرێ تاکوو لەو هەموو شک و گومانەی مێردەکەی ڕزگاری بێ، بەڵام ویدەچێ پەشیمان بووبێتەوە چونکە بەردەوام دەڵێ: خودایە گیان من هەڵەم کرد نامهەوێ لەبەر منداڵەکانم بمرم. لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکانی گەورە بوون و کچەکەی دەسگیرانی هەیە بەڵام دیسانیش مێردەکەی هەر دڵپیسی لێدەکا و بەردەوام بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ئازاری دەدا...

پەرستارەکانی ئەو بەشە دەڵێن: هێندێک جار ئەو نەخۆشانە بۆ گێرانەوەی بەسەرهاتی ژیانی لە دەست چووی خۆیان دەردە دڵمان لەگەڵ دەکەن و تەنیا باسی گۆشەیەک لە دەردو مەینەتییەکانی ژیانیان دەکەن.

ئەوان دەڵێن: هەرچەند لە قسەکانیان دا باسی ژیانی سەر لە نوێ و جوانییەکانیمان بۆ دەکەن و هیوامان پێ دەبەخشن بەڵام ئێمە بڕوامان بەو قسانەیان نییە. بە بڕوای ئەوان چارەنووسی ئەو مرۆڤە سەقەتانە قەدەری کۆمەڵایەتییە کە بەسەریان دا سەپاوە.

پەرستارانی بەخش دەڵێن: چەند ڕۆژ لەمەوبەر لاوێکیان هێنا کە ١٥ ساڵی تەمەن بوو ئەوەندە لە ژیان ناهۆمێد بوو کە بە

**کۆمەڵناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە جۆری ژیانی پڕ لە توندوتیژی عەشیرەیی دەبێتە هۆ تا ئەو ژنانەی لە شوێنێک دەژین کە کولتووری عەشیرەیی بە سەری دا زاڵە، خۆسووتاندن وەک شتێکی باش بۆ ڕزگار بوون لەو ژیانە هەڵدەبژێرن**

رووتی لە جێیەکی چۆڵ ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو. ڕێژەی سووتاوییەکەی بە ڕادەیەک بوو ئەوان کە زۆر جار لەگەڵ ڕووداوی ئاوا بەرەوڕوو دەبن توانای دیتنی ئەو لاوەیان نەبوو. ئەو لاوە چەند ساتێک دوای هێنانی بۆ نەخۆشخانە بەهۆی لە کار کەوتنی گورچیلەکان و ڕیخۆڵەکانی گیانی لە دەست دا، وا دیار بوو بەرهەمی ژیانێکی لێک هەڵوەشاو بوو چونکە نەکەس هەبوو بیر لە چارەنووسی بکاتەوە و نە دڵی بۆی بسووتێ تا ئەو جێگایەی بەو تەمەنە کەمەوە گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان بوو.

**ئاگردژایەتی و هەڵاواردن:**

پێویست ناکا کارناسی پرسە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یان دەروونناس بی تا هۆی سەرەکی خۆسووتاندن بە تایبەتی لە شارە بچووکەکان و ئەو گوندانەی کە هێشتاش نالێکی کۆمەڵاتی، هەژاری فەرهەنگ و خراپی باری ئابووری بە ئاشکرا خۆیان نیشان دەدەن بزانێ. هێندێک لە دەروونناسان هۆکاری زۆربوونی خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەگەڕێننەوە بۆ کێشە ڕۆحی و ڕەوانییەکان. بەڵام جگە لە خەمۆکیی نەگەیشتن بە خواستەکان، هەڵاواردن، هەژاری، توندوتیژی، ئێعتیاد لە نێو بنەماڵەدا لە نێو ئەو مرۆڤانەی کە دەست دەدەنە خۆکوشتن یان خۆسووتاندن نەخۆشی ڕۆحی و ڕەوانی نابیندرێ.

چوونەسەریی ئاستی خوێندنی ژنان، کۆچ کردنیان بۆ شارەکان، دووربوونەوە لە فەرهەنگی عەشیرەیی و پێوەندی بەربڵاوی ڕاگەیەندنەکان، ئەوانی لەگەڵ نالێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئەو مرۆڤانە لە ڕێگای تەلەفزیونەوە لەگەڵ هێندێک ژن ئاشنا دەبن کە هاووڵاتی ئەوانن بەڵام ژیانیان بە تەواوی لەگەڵ ژیانی ئەوان جیاوازە. ئەوان لە ڕێگای شاشە و نووسینەکانەوە لەگەڵ پێشێل کردنی مافەکانیان ئاشنا دەبن، لە حاڵێکدا پیاوانی گەورەی بنەماڵە هێشتاش هەر پێبەندی ئەو فەرهەنگە عەشیرەییەن. ئەو ژنانە بۆ فریدانی ئەو کولتورو فەرهەنگە لەگەڵ دژایەتی بنەماڵە بەتایبەت پیاوان بەرەوڕوو دەبنەوە چونکە ڕێگای چۆنیەتی خەبات کردن بە دژی ئەو فەرهەنگە نازانن، زۆر زوو ماندوو دەبن. ئەو مرۆڤانە هێندێک جار بۆ ئەوەی کە بمرن و لەو کێشانە ڕزگاریان بێ و هێندێک جاریش بۆ هەڕەشە کردن لەو کەسانەی کە بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگایان، جەستەی خۆیان بە بڵێسەی ئاگر دەسپێرن.

**خۆسووتاندن و ژیانی پڕ لە توندوتیژی عەشیرەیی:**

کۆمەڵناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە جۆری ژیانی پڕ لە توندوتیژی عەشیرەیی دەبێتە هۆ تا ئەو ژنانەی لە شوێنێک دەژین کە کولتووری عەشیرەیی بە سەری دا زاڵە، خۆسووتاندن وەک شتێکی باش بۆ ڕزگار بوون لەو ژیانە هەڵدەبژێرن.

کۆمەڵناسێکی دیکە خۆسووتاندنی ژنان بە تایبەت لە ڕۆژئاوای ئێران کە هێشتا کولتووری عەشیرەیی بەسەری دا زاڵە



و هەژاری فەرهەنگی و ئابووری بەهۆی سەرەکی دەزانێ.

ئێستا زۆرترین ڕێژەی خۆسووتاندن لە پارێزگای ئیلام ڕوو دەدا و بە وتەی ڕاوێژکاری ئەو پارێزگایە: لەو پارێزگایە کە ڕادەی دانیشتوانی ٥٨٠ هەزار کەسە. ساڵانە ٤٠٠ مرۆڤ هەوڵی خۆسووتاندن دەدەن کە ٢٢٠ کەسیان ژنن. پارێزگای کرماشان، سنە، هەمەدان، لۆرستان، خوزستان، گوڵستانیش دوای ئیلام زۆرترین ڕێژەی خۆسووتاندنیان تێدا ڕوودەدا.

لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانکۆیی، خۆسووتاندن سێیەمین ڕێگای خۆکوژییە کە بەشداری ژنان تێیدا ٦٠ لەسەدە. هەر ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریخستوە کە ڕێژەی خۆسووتاندنی ئەو ژنانەی کە هاوسەریان هەیە ٦٤ لە سەدە و کچانیش ٣٦ لەسەدی پێک دێنێ و تەمەنیشیان ١٥ تا ٣٠ ساڵە.

دوکتور «داوەر شێخاوەندی» لەو بارەیەوە دەڵێ: کۆچکردنی سنوورنشینەکان بۆ شارەکان، ناساندنی ژیانی شاری بە ژنان و وەرگرتنی ئەو ژیانە لە حاڵێکدا هێشتا داسەپاندنی ژیانی زۆرەملی هەرماوە و پیاوان بە توندی پێبەندی ئەون، لەلایەکی دیکەشەوە کێشەی ٨ ساڵ شەڕی ئێران عێراق کە بۆ ئەوانی دروست کرد، بۆتە هۆی پێکهاتنی دژایەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران، ناوبراو هەر لەو بارەیەوە دەڵێ: ژنانی ئەو ناوچەیە چی دیکە ناتوانن لەگەڵ توندوتیژی و ئازاردانی جەستەیی لەلایەن مێردەکانیانەوە، یاسای چەند هاوسەری، بە زۆر بە شودان... و دا هەڵ بکەن، لە حاڵێکدا کە پیاوەکانیان هێشتاش هەر خوازیاری فەرهەنگ و کولتووری عەشیرەیین.

ئەو کۆمەڵناسە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: هێندێک جار ئەو کەسانە بۆ هەڕەشە لە بنەماڵەکانیان ئەو کارە دەکەن هەر بۆیە کاتێک ئاگر لە خۆیان بەردەدەن کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەیان لە ماڵەوەبن، بەڵام نازانێ کاتێک جەستەی ئاگر دەگرێ ئیدی هیچ ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوونی نیە.

شێخاوەندی دەڵێ: بە داخەوە ئێران پێشکەوتنی فەرهەنگی بە خۆیەوە نەبینیوە بۆیە زۆربەی ژنانی ئەو نیشتمانە لە چۆنیەتی مافی خۆیان ئاگادار نین. هەروەها دەڵێ: لە شارێکی وەک تارانیش ژنانێک هەن کە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دەکەونە بەر هێرش و ئازاردان، بەڵام ئەوان بە جێی خۆسوتاندن پەنا بۆ ناوەندە قەزاییەکان دەبەن، تاکوو مافەکانیان وەربگرن، بەڵام لە زۆربەی شارەکان هێشتا شوێنێک بەنێوی دادگای بنەماڵە بوونی نییە چونکە خەڵکەکەی هەر لەسەر باوەڕی سازان و سوتانن و، بنیادە کۆمەڵایەتییەکانیش تا ئێستا ژنانیان لەگەڵ مافەکانیان ئاشنا نەکردوە.

# خەتەنە کردنی ژنان ئەو توندوتیژیەی کە بوو بە کەلتوور

شۆخان ڕامان

ڕۆژی(٦)فوریه لەلایەن لیژنەی ولاتە ئەفریقیەکان (IAC) لە ساڵی ٢٠٠٣ لە نەیجیریا کۆنفرانسێک ڕێکخرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە لە جیهاندا، بەهەماهەنگی نوێنەرانی ڕێکخراوە جیهانییەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاردرا ڕۆژی (٦) فوریە تەرخان بکرێت وەک ڕۆژێکی جیهانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە، دواتر لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتوەکان بە فەرمی ئەم ڕۆژە دیاریکرا و ناونرا بە «International Day of Zero Tolerance of Female Genital Mutilation (FGM» ڕۆژی جیهانی سڕینەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە.

توندوتیژی بەگشتی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بەتایبەتی پێش ئەوەی کە دیاردەیەکی تایبەت بە ناوچە و هەرێمێک بێت ئەوە دیاردەیەکی جیهانیە و ڕەنگە لە شێوە و ئاستی بە کار هێنانی لە جۆگرافیا و کۆمەڵگایەک جیاواز بێت بەڵام ئەوەی کە دیارە ئامانج و زیانەکانی چ لە بواری جەستەیی و چ لە بواری دەروونیەوە مەترسی بۆ سەر کەسی ژن دروست دەکات. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستەمی ئاینیی و عەشیرەتی لە ناویدا زاڵە دیاردەی خەتەنە کردنی ژن بە شێوەیەکی بەر بڵاو بوونی هەیە کە لە ڕاستیدا هەردوو سیستەم بەیەک ئەندازە گرێدراو و بەرهەمی زێهنیەت و چەمکی پیاو سالارین. خەتەنە کردنی کچان کە بریتیە لە برینی بەشێک لە کۆئەندامی سێکسی لە خۆیدا دیاردەیەکە کە تا دواڕادە مەبەستێکی کوێلەکردنی لە پشتەوەیە و پیاو لەو ڕێگەوە هەوڵی بە دیلکردن و خستنە ژێر فەرمانی کەسی ژن دەدات لە ڕێگەی نامۆ کردنی ڕەگەزی خۆیەوە. ئەم دیاردەیە بەهۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ جەستەو دەروونی ژن دەکاتە ئامانج، کاریگەریەکانی لە جۆرەکانی تری توندوتیژی ئەگەر کەمتر نەبێت زیاترە چونکە ئەو زیانانەی کە بە مرۆڤ ژنی دەگەیێنێت بە هیچ شێویەیەک جوبران ناکرێتەوە واتا زیانەکانی بە هیچ شێوەیەک دەرمان ناکرێت و تا دوایین ساتەکانی ژیانی مرۆڤ لە گەڵیدا دەژیت.

لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەو کردەوە، ژیانی خێزانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری و خۆی لە خۆیدا یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی ژیانێکی تەندروستی جنسیە لە ناو خێزاندا کە لە ئاستێکی بەرچاودا هۆکاری زۆربەی جیابوونەوەکانە لەو کۆمەڵگایانەی کە خەتەنە کردنی تێدا باوە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن هیچ تام و چێژێک لە پەیوەندی جنسی نێوان خۆی و هاوژینەکەی نابینێت و ئەوەش وا دەکات کە هەمیشە و بەدرێژایی ژیانی وەکوو ئامرازێک بۆ بەتاڵکردنەوەی نەفسی پیاو بەکاربێت و ژنیش لەو پەیوەندیە هەمیشە لە حاڵی هەڵاتندا بێت کە ئەوەش ژیانی هاوسەریەتی بە شێوەیەکی بەرچاو سارد دەکاتەوە. لێرەدا کاریگەریەکانی لە سەر خێزان تەنیا بەژن و پیاوەوە سنووردار نابێت و تەنانەت تەندروستی منداڵیش دەخاتە ژێر کاریگەریەوە چونکە یەکەم: منداڵی کچ هەمیشە وەکوو فاکتەرو سووژەیەکە کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبەڕووی خەتەنە کردن ببێتەوە. دووهەم: دایکیش بەهۆی نامۆبوونی لە ئەو هەستە کە خۆی بە هۆی خەتەنە کردنەوە لێ بەدوور بووە توانای مامەڵەکردنێکی تەندروستی لەگەڵ داخوازیە جنسیەکانی منداڵەکەیدا نییە.

مێژووی خەتەنەکردنی ژن بە تەواوەتی ڕوون نییە و هەندێک لە ئەو کەسانە کە کار لە سەر زانستی مێژووی ((ئەنسرۆپۆلۆژی)) دەکەن مێژووی خەتەنە کردنی ژن دەگەڕێننەوە بۆ ولاتانی ئەفریقاو ئەو هۆزانەی کە لەوێدا دەژین و بەشێکیش خەتەنە کردن وەکوو کەلتوورێکی فیرعەونەکانی میسر دەبینن و پێیان وایە کە خوێن ڕشتنی ژنان کەموکوڕیەکی جەستەییە و تەنانەت بەشێکی تریشیان ئەوە وەکوو کەلتووری سامیەکان بەناو دەکەن. برێکی تریش لە ئەو کەسانە کە هەڵسەنگاندن و پێناسەیەکی جیاوازیان بۆ ئەو بابەتە دۆزیوەتەوە. برینی ئەو بەشەی جەستە لە ژندا کە وەکوو خەتەنە کردن بە ناو دەکرێت لە ڕاستیدا بەشێکە لە کلتووری کۆیلایەتی و کۆیلەداری و لە سەردەمەکانی جیاوازدا بە بیانوو و مەترسی ئەوەی کە ژن هەست بە تواناکاریە سێکسیەکانی خۆی نەکات و نەتوانێت وەکوو پێویست ئەوە بکاتە ئامرازێک بۆ بەردەوام بوونی ژیانی هاوبەش، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوەش وەکوو بەشێکە لە هەمان زەنیەتی پیاوسالار کە هەوڵی دیلکردنی ژن و کەسایەتی و ڕەگەزی ژن دەدات بۆ ئەوەی کە تەنیا ئەوبێت کە ناوەندی بڕیاردان و بەڕێوبەر بێت و دەسەڵاتەکەی بەڕێوە بات و پەرەی پێبدات. لە ڕاستیدا ئەوەی کە بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ مانەوەی ئەو دیاردەیە ئەوە گرێدانیەتی بە بابەتی ئاینەوە و ئەوە وەکوو کارێکی شەرعی و ڕێگەپێدراوی ئاین بە ناو دەکرێت. لێرەدا باس کردن لە زیانەکانی خەتەنە کردنی ژن بابەتێکی گرنگە لەبەر ئەوەی چەندە کاریگەری لەسەر کەسی ژن دەکات ئەوەندەش کاریگەری نگاتیڤی لە سەر کۆمەڵگا هەیە و هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ گرێدانی چارەنووسی کۆمەڵگا بە ژن و کەسی مرۆڤ ژن واتا هەر کردەوەیەک کە زیان بە کەسی ژن دەگەیێنێت ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا دەکات و ڕووبەڕووی زەرەری دەکاتەوە. بۆیە ڕاوەستە کردن لە سەر بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە لە ڕاستیدا ڕزگار کردنی کۆمەڵگایە لە قەیرانێکی گەورە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنانەت لە ڕۆژی ئەمڕۆدا تێدا دەژیت و ئەوەش تەنیا لە ڕێگای هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگا بە گشتی و کەسی ژن بەتایبەتیە دەبێت ڕێنەدەن بە بەردەوام بوونی ئەو دیاردەیە و خودی ژن ببێتە بڕیاردەر بۆ لە ناو بردنی ئەو کلتوورە ناشیرین و باوانە کە ژن دەکاتە ئامانج. خاڵێکی دیکەی گرنگ لە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە ڕێگریە لە ڕێگەی یاساوە کە بە داخەوە بە هۆی زاڵبوونی پیاوو زەنیەتی پیاو لە سەر سیستەمی یاسا و داڕشتنی یاساکان لەو بوارەدا، لێرەشدا پێویستە بە شێوەیەکی هاوبەش کار و چالاکی لەو بوارەدا بکرێت. لە کۆتاییدا بە پێویستی دەبینم کە بانگەوازیەک ئاراستەی دایک و باوکانی بەڕێز بکەم کە بە چاوێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان بە تایبەت کچان بکەن چونکە چارەنووسی دوارۆژی ئەم کۆمەڵگایە بە دەستی کچانی ئەمڕۆ و دایکانی سبەینێیە و بە دەستی خۆیان چارەرەشی پێشکەشی منداڵەکانیان نەکەن.

# « ئەگەر لەمەولا بچیت بۆ زانکۆ، ئیتر کچی من نیت و هیچ یارمەتیەکیشت نادەم»

و.شلێر مەحموودی

حەمیدە ناوی خوازراوی کچێکە کە سەرەرای بوونی هەڕەشەی تالیبان و دژایەتی باوکی بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی کۆنکور هاتۆتەشار. کچێک کە لە شوێنێکی نائەمن بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەکانی کۆنکور لە شارە دەڵێ، لە هەل و مەرجێکی یەکجار دژوار و نائەمنی و نیگەرانی دەروونی دەرسم دەخوێند و لەتاقیکردنەوەی کۆنکور ئامادە بووم».

حەمیدە دەڵێت: «چەندین جار تالیبان ئاگاداریان کردوومەتەوە و جارێکیش پیاوانی چەکدار لە ڕێگەی قوتابخانە گرتوویانە و پێیان گوتووە ئەگەر دەست لە خوێندن هەڵنەگریت ئەوا لاق و گوێکانت دەبڕین». ئەو کچەدەڵێت: ڕۆژانێکی تاڵم بەسەر بردووە بۆ خۆ ونکردنم لە دەست تاڵیبان ناچار بووم کە زۆر جار نەچم بۆ قوتابخانە، زۆر جار جل و بەرگی کۆن و شڕ بپۆشم وگۆڕانکاری لە ڕێگاو کاتی ڕۆیشتنم بۆ قوتابخانەدا بکەم. لە گەڵ ئەوەشدا زۆریش لە کچانی تر کێشەکانیان لە من کەمتر نەبووە. بۆیە ئەو داوای لە من کرد کە بە ناوی خوازراوی حەمیدە بیناسێنم. ئەو دەڵێت؛ دایک و باوکم دژی درێژە پێدانی خوێندنم بوون، ئەوان لەوە دەترسان کە چەکدارانی تاڵیبان بزانن کە من بۆ زانکۆ دەچم و ئەوکات لەلایەن چەکدارانی تالیبانەوە تووشی ئەزیەت و ئازار ببن.

حەمیدەم لە شوێنی تۆمارکردنی داواکارانی قوتابخانەی (شمس عارفین) لە سەنتەری شاری غەزنە دیت. ئەو لە گەڵ کچانی هاوڕێی هاتبوو بۆ شار تا لە تاقی کردنەوەکانی چوون بۆ زانکۆ (کۆنکور) بەشداری بکات.

یەکێک لە بەرپرسانی تاقیکردنەوەکان گوتی: ئەمساڵ ڕێژەیەکی زۆرتری کچان لە گوندە دوورە دەستەکانەوە هاتوون، تەنانەت ئەو ناوچانەش کە چەند ساڵێکە باری ئاسایش تێیاندا نالەبار بووە.

بەم شێوەیە بۆ لای کچانی داواکار لە تاقیکردنەوەکانی کۆنکور کە بۆ تۆمارکردنی ناویان ڕیزیان بەستبوو وەڕێ کەوتم و لەگەڵ ژمارەیەکیاندا گفتوگۆم کرد زۆربەیان کێشەکانیان هاوشێوە بوو لەوانەش نەبوونی پێداویستیەکانی خوێندن، نیگەرانی لە سەرخۆچوون خراپی باری ئاسایش و ساردی ئاو و هەوا.......... هتد.

لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی حەمیدە لە قسەی زۆربەیان جیاواز بوو. حەمیدە دەیگوت لە کاتی خوێندنم دا دایک و باوکم تووشی قەیرانێکی ئاڵۆزی دەروونی ببوون، بەڵام ڕێگایان پێدابووم کە تەنها تا پۆلی دوازدەهەم بخوێنم، ئەو زیاتر دەدوێت و دەڵێت باوکم بە منی گووتوە کە ئەگەر دەتهەوێت لە داهاتوو دا بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆنکۆر دا بکەیت و لە زانکۆ دەرس بخوێنیت ئیتر کچی من نیت و هیچ یارمەتیت نادەم. کێشەی کچان زۆر لەوە زیاترە کە دەبینرێت کاتێک بنەماڵەکەیان بۆ پێشگیری لە تەواوکردنی خوێندنی کچانیان زۆریان لێدەکەن و هەڕەشەیان لێ دەکەن کە مەسرەفی خوێندنیان بۆ ناکێشن. بڕێکی زۆرلە کچان خوێندن بەجێ دەهێڵن، بەڵام حەمیدە بۆ دابین کردنی کرێی خوێندن ڕێگەیەکی تری دۆزیوەتەوە ، حەمیدە دەڵێ زیاتر کچان لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خێزانیان دێن بۆ شاری غەزنە بەڵام من بە تەنیام و خەرجی خوێندنم بە قەرز کردنی پارە لە هاوپۆلەکانم دابین کردوە و قەولیشم داوە بەو کچانەی کە پارەکەم لێ قەرز کردوون کە دوای ئەوەی دانیشگام تەواو کرد و کارم پەیداکرد قەرزەکایان بدەمەوە. ناوبراو دەڵێ لەوانەیە دوای تەواو کردنی خوێندنەکەم نەگەڕێمەوە بۆ گوندەکەم و ماڵەکەم ، بەڵام بەشێک لە هاورێکانم لە شاری غەزنەن دەتوانم تا دوای ئاشکرا کردنی نەتیجەی تاقیکردنەوەکان لە ماڵی ئەوان بمێنمەوە.

حەمیدە ڕێگەی پێدام بە (برقع) پەچە وێنەی بگرم و لێم پرسی بۆ دەتهەوێ لەبەر تەواوکردنی خوێندنەکەت ئەو هەموو کێشەو مەترسییانە کە بۆ خۆت و خانەوادەکەت دێنەپێش قبوڵ بکەی؟ حەمیدە گوتی « دەمهەوێ بۆ هەموان بسەلمێنم کە کچان لە ئەفغانستان ئارەزوویان لە خوێندنەو نایانهەوێ نەخوێندەوار بن ، نەخوێندەواری خراپترە لە مردن بە دەستی تالیبان، حەمیدە گوتی» من دەمهەوێ بەشی یاسا و زانستی سیاسی بخوێنم و بەرگری لە ژنانی نەخوێندەوار بکەم».

عەبدولقودوس رەسووڵی یاریدەدەری سەرۆکایەتی پەروەردەو فێرکردن لە غەزنە دەڵێ : لێپرساوان لە هەوڵدان تاکو بۆ ئەو خوێندکارانەی کە کێشەی ئابووریان هەیە، پێداویستی شوێنی مانەوەیان و کرێی هاتوو چۆیان بۆ دابین بکەن.

غەزنە لە ساڵانی ڕابردوو یەکێک بووە لە ناوچە نائەمنەکان بۆ خوێندکاران بە تایبەت خوێندکارانی کچ، دەیان قوتابخانەی کچان لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچەی غەزنە بە هۆکاری نائەمنی داخراون .

لە سەدا چل(٤٠٪) لەو حەوت هەزار خوێندکاری ئەوساڵ لە غەزنە کە خوازیاری بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی کۆنکۆرن کچن، ئەوەش لە شارێک کە زیاتر ڕوخساری پیاوانەی پێوە دیارە واتە پیاوسالاریەو زیاتر پیاوان دەردەکەون .

شاری غەزنە کە تۆمارکراوە بە پایتەختی ڕۆشنبیری وڵاتانی ئیسلامی بۆ ساڵی ٢٠١٣ ، بە شێوەیەکی گشتی ژنان لە نیگا گشتییەکان بەدورن و بەشێکی کەم لە ژنان لە شار و بازاردا دەبینرێن.

ساڵێ یەکجار کاتێک کچانی برقع(پەچە) شین لە ناوچە جیاوازەکانی ئەو ویلایەتە بۆ بەشداری کردن لە کۆنکور دێنە شار، لەوێ پێکهاتە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان لە پایتەختی ڕۆشنبیری وڵاتە ئیسلامییەکان بەیەک دەگەن .

گەشتی کچانی خوازیاری کۆنکور لە شاری غەزنە لێکدانەوەی جیاواز لە لایەن خەڵکی ئەو شارە دروست دەکات، بۆ هەندێکیان مایەی سەرسوڕمانە کە کچان لە هەلومەرجی دژوار و نائەمنی غەزنە حەزیان لە خوێندنە، بۆ هەندێکی تریان بوونی کچان لەم شارە بە سەر گەرمی دادەنرێ وە ئەوان بۆ کچانی شین پۆشی کۆنکور لە سەنگەردان و لە چاولێکردنیان چێژ وەردەگرن. لە هەندێکی تریان ئامادە بوونی کچان جۆرێک لە ڕێچکە شکێنی دادەنێن کە دژی بیروباوەڕی سونەتییەکان ئامادەن دوای کۆتایی هێنان بە تاقیکردنەوەی کۆنکۆر بچنە زانکۆکان. بەڵام بەرپرسانی دەوڵەت شانازی بە ئامادەبوونیانەوە دەکەن پێیان وایە ئەو بارودۆخە دەوڵەت دایهێناوە ، بەرپرسانی دەوڵەت هەوڵ دەدەن نیشان بدەن کە ئاگادار کردنەوەکانی تاڵیبان و هێرشەکانیان بۆ سەر خوێندکارانی کچ وە هەڕەشەی ڕۆژانەیان هیچ کاریگەریان نەبووە، ژمارەیەکی زۆری کچانی غەزنە هەموو ساڵەکە بە تەواوی چوونەتە خوێندنگاکانیان ئێستاش پاش کۆتایی خوێندن ، ئاهەنگی بەردەوام بوونی خوێندن لە زانکۆ دا دەگێڕن.

# تاوتوێکردنی ڕۆڵی ژنان لە کۆمارە ساواکەی کوردستاندا

## لە دیمانەیەک دا لەگەڵ خاتوو سورەییا فەلاح سەرۆکی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ژنان بۆ پاراستنی ژیان

**هەڤپەیڤین: یەسنا**



**پ: ڕۆڵی ژنان لە کۆماری کوردستان چی بووە داخوا ژنان لەو سەردەمەدا ڕێکخراو، یان ڕێکخراویان بووە، ئەگەریش بووە لەژێر چ ناوێک و چ مەبەستێک دامەزراوە؟**

و: کاتێ کە لێکۆڵەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بارودۆخی ژنان دەنووسن و هەڵدەسەنگێنن لە تێکەڵ بوونی ژنی کورد لە سیاسەت وەک شتێکی مێژوویی قسەدەکەن، لەوەی کە ژنانی کورد هاوبەشێکی زۆریان لە خەباتی نەتەوایەتی و یارمەتیدەری پێشمەرگەکان بوون و لەسەردەمێکیشدا خۆیان لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون.

ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کۆردستان و بیروبڕوای ئازادیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆک قازی محەممەد لەو کاتەدا بەشێکی زۆر لەو بیروبڕوا لە کاریگەری ئیدۆئۆلۆژی سوئێد لەو سەردەمەدا گیرابوو، بەشێکی دیکەش پێویست بوونی بەشداری ژنان لە خەباتی نەتەوایەتی بوو.

لە یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی سەرۆکایەتی لە پلانفۆڕمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئاماژە بە چەندشت کراون کە شایانی باسە:

یەکێک لەو شتانە زمانی کوردی بوو، فێرگەی زمان بۆ ژنان.

دووەم: ڕۆژنامەکان کە یەکێکیان گۆڤاری «هەڵاڵە» بۆ ژنان بوو.

ژنانیش دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە ڕۆڵێکی زیاتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە سیاسەتدا بگێڕن. دەهەیەک پاش لە سێدارەدانی سەرۆک قازی محەمەد وڵاتانی بەشدار لە ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە زۆر لەو حەق ومافانەی وا قازی باسی دەکرد بەتەوافوق گەیشتن.

یەکێک لەو مەسەلانە وا هێشتا کۆماری کوردستان لەلایەن دۆست و دوژمن دەکرێت و هیچکامیشان بیروبڕوای پێشکەوتووی ئەو لەبەر چاو لانابەن ئەوەیە کە لە پلاتفۆڕم و بەرنامەی کۆمارا باسی ژن کراوە و تا ڕادەیەک بەشداری ژنانی تێدابوو، گروپێک لە ژنان پێکهاتن کە پێ بە پێی پیاوان خەباتیان دەکرد.

ئەو ئەزموونە لەگەڵ ئەوەی کە سەرکوتکرا بەڵام، لە مێژوودا ماوە و شەهامەتی جوڵانەوەی بۆ دوو نسڵی پاش خۆی بەجێ هێشت. بەڕای من ئەگەر ئەو ئەزموونانە نەبووایە بەشداری ژنانمان لەسەردەمی ئینقلاب و نەسڵی ژنانی خەباتگێرمان بەو حەدە نەدەبوو.

سەبارەت بە ڕێکخراوەیەکی ژنان لە ئەوەڵەوە بیرێک لە ڕێکخراوەی تایبەت و جیاواز لە نێو ژنان و هەروەها لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نەبوو، بەڵکوو کومیتەی ژنان ڕێکخراو وەک بەشێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات، کە بناغەی»یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان» بوو، پرینسیپ و کارەکانی بۆ پێش بردنی خەباتی نەتەوایەتی بوو، بۆ ئاگادار کردنەوەی ژنان، بەشدارکردنیان لە کۆمەڵگا، بەقەوت کردنی ژنان و فێرکردنی زمان ژمارەیەک لە ژنان بۆ جاری یەکەم توانیان بڕژێنە شەقامەکان و دەنگ هەڵبێنن. کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا بانگەوازی دامەزرانی کرد و یەکیەتیی ژنان لە ٢٤ی ڕەشەممە بانگەوازی پێکهاتنی کرد و ئیش و کاری ژنانی چالاکی لەو کاتەدا گرتە ژێر چەتری خۆی.

**پ: لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵگای کوردستان تاسەر ئێسقان پیاو سالار و دەمارگیر و سوننەتی بووە، بەدامەزرانی کۆماری کوردستان تا چ ڕادەیەک مەیدان بۆ حوزور و ڕۆڵگێڕانی ژنان و بەکورتی شکاندنی دیواری بڵێندی پیاو سالاری سوننەتی لە وەها دۆخێک دا خۆش بوو؟**

و: لەوکاتەدا دەنگ بەرزکردنەوەی ژنان خوێندنەوەی هۆنراوە و... شتێکی گرینگ بوو، بۆ ئاگاداری ئەو کەسانەی وا ئەودەستکەوتانە بە چکۆلە ئەژمێرن باشترە بڵێم مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ ژنان لە سەردەمی کۆماردا، یانی لەدوای ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤(بەرانبەر بە ٢٢ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦) ١٧ ساڵ پێش لە مافی بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ ژنانی ئێران بووە، (ساڵی ١٣٤١) هەرچەند دەوامی نەهێنا، بەڵام مافێک بوو کە بەخەڵک ناسرا. ئەمە بۆ ئەوەی کە بزانین نابێت وەزعی پێشکەوتوویی، یا دواکەوتوویی بزووتنەوەی ژنان لە گەڵ ئەم سەردەمە هەڵسەنگێنین.

هەروەها بەشێک لەو کەسایەتیانەی وا لە نێو دەسەڵاتدا بوون، حاجی و مەلا لە چین و بنەماڵە ئاینییەکان بوون، چونکە لەو سەردەمەدا زیاتر ئەوانەی وا توانایی دەرفەت و مافی خوێندنیان بۆ هەڵدەکەوت لەم چینەبوون، وەک سەرۆک وەزیرانی کۆمار حاجی بابەشێخ، مەلامستەفا، ژنڕاڵی کۆمار و....تاد پرسیار ئەوەیە تا چ رادەیەک دەیانتوانی بەشداری ژنان لە کۆمەڵگا و حیزب لە دەسەڵاتدا قبووڵ بکەن.

ئەم بەشدارییە بۆ هەموو ژنانی چینی سەروخوار نەبوو، بەڵکوو زیاتر ژنانی ڕێبەرانی حیزب بوون، کە بەهۆی وشیاری و ئاگاداری کە لە چەند ساڵی خەباتکاریدا پەیدایان کردبوو، توانییان بەشێ لە چالاکییەکان بەدەست بگرن. وەکوو مینا خاتوون هاوسەری قازی محەمەد،

خاتوو شاسوڵتان هاوسەری فەتاح قازی، هەروەها خاتوو خەدیجەی حەیدەری، وەجیها شوجاعی و خاتوو رەعنا فرووهەر. ئەمانە هەموویان خۆشیان ژنانێکی ئازا و ئاگابوون و توانایی پیشاندانی تواناییەکانی خۆیانیان بوو، هاوسەرەکانیان پێشگیرییان لێ نەدەکردن و هاندەریان بوون.

بەڕای من نەدەکرا و مۆڵەت و مەودای شکاندنی دیواری بەرزی پیاو سالارییان پێ نەدەدرا و ئەوندەش زانستیان لە یەکسانی جیندەری نەبوو، بەڵام رێگەیان بۆ کەسانیتر خۆشکرد. هەڵبەت ئەمە ئەزموونێکی مێژوویی لە زۆربەی وڵاتەکانە. هەمیشە نەسڵی ئەوەڵ تێدا دەچن و ئاکام و بەرهەمی خەباتکارییەکانیان نابیننەوە، ئەوان پێکهێنەری ئەو کچەکوردانە بوون، لەسەردەمی ئینقلابی ساڵی ٥٧ رژانە خیابان و دەستیشیان بە خەباتی چەکدارانە کرد و زیندانیشیان قبوولّ کرد و لەسەر بیروبڕوای خۆیان راوەستان.

لە وتووێژێکدا خاتوو وەجیها شوجاعی لەسەر وەزعی دەرس خوێندنی ژنان باس لەوەدەکات، کە خوێندن لە شاری مهاباد تا کلاسی شەشەم بوو، بۆ ئەوەی کە باری زانستی قوتابییەکان بچێتەسەرەوە دەنێردران بۆ شاری ورمێ کەسانی وەک: پەری خانمی شافعی، ئامینە خانمی خەررازی و زێنەب خانمی ئۆتەمیشی. وردە وردە قوتابخانەکانی شەهناز،...تاد سازکران کە لە مەراسمی کردنەوەی هەموو ئەو قوتابخانانە دابوون، ئەمە و زۆر باسیتر لە ژنانی ئەوکاتە پیشان ئەدات کە کۆمەڵگا چەند بۆ ژنان ئەوندە دەرفەت و مۆڵەتی نەدابوو کە پێگەی خۆیان دیاری بکەن. بەڵام ئەو هەنگاوانە بە هێواشی و بەدەستی چەند ژنی وشیار کە پەروەردەی کۆمار و بیروبڕوای پێشکەوتوو خوازانە بوون هەڵگیران.

دەبێ مەسەلەیەک بزانین ئەویش ئەوەیە کە هۆکاری بەشدار نەبوونی ژنان لە سەرەوەی دەسەڵات و سیاسەت ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای ئایینی و کاریگەری نەرێتی لە سەر حیزب و وەزعی هاوسێ و دراوسێکان.

**پ: وەک دوا پرسیار لەو سەردەمەدا رێکخراوێک بۆ ژنان دامەزرا کە ئێستاش بە ناوی رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان چالاکە، وەک بەڕێزت بزانی رۆڵی ئەو رێکخراوەیە لە ئاگادار کردنەوەی ژنان و باسکردنیان و پرسەکانیان و هەوڵیان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە چ ئاستێک دا بووە؟**

و: پێکهاتنی یەکیەتیی ژنان بەسەر بیروبڕوایەکی پێشکەوتوانەی رێبەرانی کۆماری کوردستان لە سەردەمێکی زۆردواکەوتوو کە ژنان لە ئێران مافی هەڵبژاردن، دەنگ دان نەبووە، یەکیەتیی ژنان بە بناغەیەکی دێموکراتیکەوە پێکهات و دەستی بە چالاکی کۆمەڵایەتی لە ناو ژناندا کرد. لەو سەردەمەدا پرۆگرامێکی هەنگاو بە هەنگاو وەک بەشکردنی شار بە دەبەش و دانانی دە ژن بۆ سەرۆکایەتی هەر بەشێک، فێرکردنی خوێندن و نووسین و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی و...تاد ئیشێکی گەورە بووە.

بە گەواهی مێژوو سەرۆکی کۆماری مهاباد پێشەوا قازی بە تایبەت بۆخۆی بایەخ و گرینگییەکی زۆری بە کێشەی ژناندا. ئەو بە ئاگاداری و هۆشیاری بە گرنگیی بایەخدان بە کێشەی ژنان و دانانی فێرگە بۆ ئەوان و بەشدارکردنیان لە باشترکردنی بارودۆخی ژنان و رێک خستنی ئەوان لە دە پارچەی شاری مهاباد دابوو.

کومیتەی ژنان و کاری ئەو ١١ مانگەی کۆمار توانی هەستێکی پۆزتیو بەرانبەر بە بەشداری ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا پێک بێنێت. بەجۆرێک کە کۆمەڵگا توانی مودیربوونی کەسایەتی ژن لە قوتابخانەکان قبوولّ بکات و کەسێک وەک خانمی شوجاعی مودیری چەند قوتابخانە بوو.

ئەم گۆرانکاریانە بێ ناسینی پێشینەیەک لەسەر وەزع و بارودۆخی ژنان لە کاتی سەدەی بیستدا ناتوانێت خۆی بەباشی بنوێنێت، لە ئەوڵەکانی سەدەی بیست ئێران لە ژێر رەخنە و کاریگەری و هێژمۆنی دەوڵەتەکانی سۆئێد و ئینگلیز بوو. کوردەکان و بزوتنەوەی ئازادیخوازەکان وەک سەرهەڵدانی سمایل ئاغای سمکۆ سەرکوت کران و پاشان بەدەستی رەزاخان زۆر لە کوردەکان لە کوردستان دەرکران، زەوییەکان بۆ دەوڵەتی وەخت...... و زمان و کلتوور و جلی کوردی قەدەغە کرا. بەناوی «مۆدێرن» کردن ژنان لەژێرشالاوی ئەم هروژمە لە ئەماندا نەبوون. بەسەر ئەوەدا کە ژنی کورد لە ژێر چارشێودا نەبوو، بەڵام جل و بەرگی کوردی بەناوی «ناشیرین و پیس بوون» جێگەی خۆی ئەشێ بدات بە جل و بەرگی مۆدێرن و سیویل. ژنانی کوردی چالاکوان بە بایەخدان بە راگرتنی کلتوور و جل و بەرگی کوردی و زمانی کوردی لە ئەسیمیلاسیونی کورد بەرگریان کرد.

دەتوانم بڵێم ئەو بیروبڕوای پێویست بوونی پێشکەوتنی ژنان ئەوندە چووە مێشکی ئەو ژنە چالاکانە کە پاش تێکچوونی کۆمار و لابردنی کومیتەی ژنان بیروبڕوای ئیش بۆ ژنان و پێشکەوتووی ئەوان نەبڕایەوە.

ئەو چالاکییانە و پێکهاتنی کومیتەی ژنان بارودۆخی بۆ چالاکییەکانی دوایی ژنان خۆشکرد و یەکیەتیی ژنانی پێکهێنا، پاش تێک شکانی کۆمار و کۆکردنەوەی کومیتەی ژنان بیر و حەزی دانانی رێکخراوەی ژنان لە مێشکی چەند ژنی چالاکدا ماوە. خاتوو وەجیها شوجاعی بەیارمەتی سێ خانمی دیکە بەنێوی فەوزییە خانمی ئەیوبییان، خانم موبەللغی و خانم رەحمەتی کە هەر سێکیان دوکتور بوون، رێکخراوەیەکی ژنانیان پێکهێنا و کاری ئەو فێرکاری پێویست بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکان، دانانی دەورەکانی فێرکاری خەییاتی، گوڵدوزی، قاڵیبافی، جوانکاری، فێری بێهداشت و پاک و خاوێنی، هانیان دەدان کە لەماڵ بێنەدەر و بە کچەکانییان بخوێنن، دانانی کلاسی وەرزش، کلاسی بەرەنگاری دەگەڵ نەخوێندەواریان بۆ دانان. بەهۆی ترسی سەرکوتکردن زیاتر ئەندامەکان وەک کەسایەتی ئیشیان کردووە و بەسەر بێدەنگی خۆی لە ماوەی ساڵەکانی پاش کودتایی ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٨ تا کاتی ئینقلابی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ توانیوەتی بە چالاکی خۆی دەوام بدات.

بەڵام ژنانی کورد لە هەمووکاتێکدا مەسەلەیەکی دیکەیان بووە و هەیە، کە بەرژەوەندی کورد لە هەمووکاتێکدا لە بەرژەوەندیی ژنان زەقتر بووە و ژنان خۆشیان ترسیان لە نێوبردنی پرسی خۆیان بووە. ئەگەر ئەم وشیارییە بە ژنان و پیاوانی چالاک و سیاسی و لە ئەزموونی سیاسییەکانی وڵاتەکانیتر بگرێت کە تا ژن ئازاد نەکرێت هەموو کۆمەڵگایەک بە تایبەت حیزبەکان ناتوانن لە رزگاری و خەباتی میللەتەکەیاندا رۆڵێکی گەورەیان بێت. تەنانەت بەهۆی ئەوەوە کە زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگا ژنانن.

بەشێک لەم کۆتاییە و کەم کاریە لەسەر پرسی ژن بە شتێکی تایبەتمەندی کورد دەزانم و بەشێکیشی شتێکی گەورەتر و هەموو ئێران دەگرێتەوە.

ئەو شتەی وا ئیش و کار و چالاکی ئەوان بۆ ئێمە وەک لێکۆڵەری بزووتنەوەی ژنان لە رۆژهەڵات زەقدەکاتەوە، نەبوونی»ئێنجیئۆ« و هاتووچۆ لەگەڵ وڵاتە ئەورووپی و ئەمریکیەکان بوو. ئیشەکەیان رەنگ و بۆنی تایبەت بەو ناوچەی بوو، هەنگاوێک کە لەو سەردەمەدا هەڵگیرا هەنگاوێکی بەرز بوو. وەک رۆیشتنە ناو گۆمێکی قوولّ بوو بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی کە لە بەشداری ژن و هاتنەوە دەرەوەی ژنان بەرگری دەکرد.

# توندوتیژی لەدژی ژنان ڕەوتێکی ئاساییەو هەموو ڕۆژێک لە ژیانی ژنان دا دووپات دەبێتەوە

**فەریبا محەمەدی**



توندوتیژی لەدژی ژنان ڕەوتێکی ئاساییەو هەموو ڕۆژێک لە ژیانی ژنان دووپات دەبێتەوەو سێبەری خستووەتە سەرهەموو بوارەکانی ژیانیانو لە هەموو وڵاتانی جیهان بوونی هەیە. ترس ودڵەڕاوکێ لە توندوتیژی، وایکردووە کە بەردەوام ژن لە بوونی خۆی شک و گومانی بێ و لە گێژاوێکی پڕ لە وەحشەت ژیان بە سەر ببات بە چاو خشاندنێک بە سەر هەموو کۆمەڵگاکان بۆمان دەردەکەوێ کە توندوتیژی بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی ژنان لە ئارادایەو وەک تارماییەکی ڕەش بە سەر ژیانیانەوە سێبەری خستووە.

توندوتیژی چ لە بوارە گشتییەکانو چ لەبواری تاکەکەسییەوە لەدژی ژنان، دەبێتە هۆی زەرەر و زیانی جەستەیی، دەروونی، جینسی و ئابوری. بۆ چەندین دەیە دەچێت کە توند و تیژی بووەتە هۆی لە دەست دانی مەودای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و ئەوانی لە بەشداری بوارە جۆراوجۆرەکان بێبەش کردووە. بە واتایەکی دیکە توندوتیژی لەلایەکەوە بووەتە کەرەسەیەک بۆ بێ دەسەڵات کردنی ژنان وپتەو کردنەوەو ڕاگرتنی دەسەڵاتی زاڵی پیاوان بە سەر ژناندا و لە لایەکی دیکەشەوە لەمپەرێکە لە سەر گەشەی بیری فێمینیستیی کەزۆرجار پاشەکشەی بە ڕەوتی خەباتی ژنان کردووە.

خانەوادە یەکەمین شوێنی بە کار بردنی توند و تیژی لە دژی ژنانە کە لە لایەن نزیکترین کەسانی بنەماڵەوە بەڕێوە دەچێ و زۆرترین ئاسەواری خراپی لە سەر جەستە و ڕەوانی ژن هەیە. هەروەک وترا توند و تیژی لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بوونی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان لە بەر بوونی فەرهەنگی کۆن و ئاسەواری داب و نەریت و ئایین، توند و تیژی بە شێوەیەکی زەقتر بەر چاو دەکەوێ و وەک ڕەوتێکی ئاسایی لە ژیانی ئەواندا ڕۆژانە دووپات دەبێتەوە. دەسەڵاتی پیاوان بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ژنان و نەبوونی یاسایەک بۆ پشتگیری لە ئەوان، وایکردووە کە توندوتیژی بەشێک بێ لە ژیانی هەموو ڕۆژەی ژنان و وەکوو ڕەوتێکی ئاسایی بەرەو پێش دەچێ کە ئەمە بۆ خۆی ترس و وەحشەتێک لە دڵ و دەروونی ژنان دروست دەکا کە بەردەوام ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە. خودی توندوتیژی بەرهەم هێنەری کەشێکی پڕ لە ترس و وەحشەتە کە ئاسەواری ئەم وەحشەتە لە سەر جەستە و بیر و هزر و دەروونی ژن بە ڕوونی دیارە و ئەوان ناچار بە قەبووڵی توندوتیژی دەکا. کاتێک جۆری پۆشین و قسەکردن و هاتوچۆکانی ژن گومانی لێدەکرێ، کاتێک مافی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی نییە، کاتێک بە بێ پیاو ژن مانایەکی نییە، کاتێک لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ نییە و چاوەڕێی دەستی پیاوەو زۆر شتی دیکە، هەموو ئەمانە فەزایەک دەخولقێنێ کە ژن بەردەوام لە بوونی خۆی گومانی هەبێ و بە ئاسانیش توند و تیژی پیاوان لە دژی خۆیان قەبووڵ بکەن.

لە وڵاتانێک وەکوو ئێران کە سیستمێکی نادیمۆکراتیک حاکمە و ئایین و کولتور و فەرهەنگی پیاوسالاری، قسەی یەکەم دەکەن، ئاساییە کە لە وەها وڵاتێک ژن لە ژێر یاسای کۆن و فەرهەنگی داڕزیوی پیاوسالاری نەتوانێو دەرفەتی ئەوەی نەبێ وەکوو مرۆڤێکی بە تەواو مانا خۆی دەربخا و لە ڕاستیدا دەبنە بوونەوەرێکی پلە دوو کە دەسەڵاتی پیاوان بە سەریاندا قورسایی دەکا.



فەرهەنگ و داب ونەریتی کۆن و پیاوسالاری لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە ڕادەیەک زەقە کە ڕۆژانە و لە هەموو سات و کاتێکدا لە ژیانی ژناندا دووپات دەبێتەوە و ئازادیەکانی ژنان بەرتەسکتر دەکاتەوە. ئەم فەرهەنگە کۆنە سەدان ساڵە کە لە خوێن و دەماری هەموو پیاواندا بنجی داکوتاوەو وایکردووە کە سەرەڕای هەندێ پاشەکشە بە فەرهەنگی پیاوسالاری هێشتا هەر بوونی هەبێ و یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی لە دژی ژنانە.

# «ئەدەبیاتی دووڕەگەزە»

ئامادەکردنی: ئایدا

ئەدەبیاتی ژنانە کە زیاتر بە ئەدەبیاتی فێمینیستی دەناسرێتەوە، ئێستاکە ئیتر بۆتە جێی باس و ڕاوێژی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و لە ڕاستی دا ئەدەبیاتی فمنیستییش، ئەدەبیاتێکە کە بەپێی چۆنیەتی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا دێتە بەرباس و ڕاوێژ.پێگەیەک کە پێشتر لە لایەن پیاوانەوە باسی دەکرا. بەڵام ئێستاکە ژنان بە هێنانە بەرباسی گرفتەکانیان، هەڵاواردنەکانیان و هەستەکانیان و پێگەی نابەرابەر یان لە چاو پیاوان ڕەخنەو گازندەی خۆیان دەردەبڕن. لە ڕاستی دا ئەم جۆرە ئەدەبیاتە سەرەتا باس لە جێگۆڕکێی هێز و توانایی دەکات. بابەتی ئەم چەشنە ئەدەبیاتە ئەو ژنانەن کە سەبارەت بە پیاوان لەڕووی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی نزمتر دان و بە لێکۆڵینەوەی دەروونناسانە هێندێک جار لە ڕوانگەی خۆشیانەوە لە پلەی خوارتر لە پیاوانن و هەر بۆیە ئەو چەشنە ئەدەبیاتە لە هەوڵی ئەوەدایە کە نەستی ژنان سەبارەت بە مافە زەوت کراوەکانیان وەخۆبێنێتەوە و دەیەوێ کۆمەڵگای پیاو سالاری بداتە بەر ڕەخنەی بنیاتنەر.

لەڕاستی دا ئەو جۆرە ئەدەبیاتە لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە کۆمەڵگا، باس لە ڕەگەزی ژنانەش بکات و پاشان لە قۆناغێکی دیکە دا پاش چێ بوونی بەرابەری و مافی یەکسانی مرۆیی بۆ هەردوو ڕەگەز، لە هەوڵی پێوەندی هاوبەش و یەکدەنگی لە نێوان ژنان و پیاوان دایە. هێندێک جار ئەو جۆرە ڕەخنەیە لە ئەدەبیاتی ژناندا پێی باشە کە دەسەڵات بۆ ماوەیەک بکەوێتە بەردەستی کۆمەڵگای ژنانەوە بۆ ئەوەی کە پیاوانیش بتوانن هەست بەو نەهامەتیانە بکەن کە بە درێژایی مێژوو بەسەر ژنان هاتووە. پیاوانێک کە لەدەست دانی دەسەڵات بۆ ئەوان گەورەترین قەیرانی کۆمەڵایەتییە و لە ناخیاندا بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە بە هەمووجۆرێک تێکۆشان و بەربەرەکانی دەکەن.

بە درێژایی مێژوو پیاو بەسەر ژن دا زاڵ بووە و پێوەندی ئەو دوو ڕەگەزە بە جۆرێک بووە کە پیاوان لەسەرەوەتر بوون و هەر لەبەر ئەوەش ئەوان زیاتر لە ژنان مافی فێربوون و خوێندنیان بۆ ڕەخساوە و زۆربەی خوێندەوارەکان لە پیاوان پێک هاتوون و مێژوو و ئەدەبیاتیش بە قەڵەمی پیاوان نووسراونەتەوە و بەم جۆرە تواناییەکان و پێگەی ژنانیش لە ئەدەبیات دا لەلایەن پیاوانەوە نووسراوەتەوە. ڕەخنەگر ونووسەری بەریتانیایی جانسۆن دەڵێ: بەو هۆیەوە کە تێکنیکی نووسین زیاتر هۆنەرێکی پیاوانە بووە، هەر لەم سۆنگەیەوەش هەرچی ژیان تاڵ دەکات، خراوەتە پاڵ ژنان.



**ئەدەبیاتی فمنیستییش، ئەدەبیاتێکە کە بەپێی چۆنیەتی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا دێتە بەرباس و ڕاوێژ**

### حەلیمە رەسووڵی :

# رەگەز لە ئەدەبیاتدا دەوری هەیە

**بوونی ئەدەبی ژنان بە گشتی هێمایەکی گرینگە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و مرۆییەکان کە لە چەند دەیەی رابردوودا لە**

**پانتایی ژیانی ژنانی کورددا رووی داوە. جیاکردنەوەی ئەدەبی ژنان لە پیاوانیش پێم وایە کارێکی ئەستەم نییە**



حەلیمە رەسووڵی لە دایکبووی شاری بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەیەکی زۆرە لە بواری راگەیاندنی دەنگی و رەنگی و رۆژنامەنووسیدا چالاک و خامە بەدەست و سەرنووسەری گۆڤاری (ژنان)ە کە ئیش لەسەر پرسەتایبەتەکانی ژنان لە کۆمەڵگای کوردی دەکات. حەلیمە رەسووڵی وەک شاعیر، کەسێکی نەرم و نیان و دوورە لە هەڵپێژان و کڵپەکردنی دەنگی و هێدی هێدی وەکو وردەبارانی بەهاران دادەبارێتە سەر لێنووس و شیعر دەهۆنێتەوە. ئەم گوتوبێژەی حەلیمە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر هەمان تەوەری ئەدەبیاتی ژنانە و ژنیەتی ئەدەب.

**پ: ئایا لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، شتێکمان هەیە بەناوی ئەدەبیاتی دووڕەگەزە، واتە ئەدەبیاتی ژنانە و ئەدەبیاتی پیاوانە؟**

و: بە بڕوای من ئەدەبی ژنانە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بوونی هەیە، من وەک ژنێک کاتێک دەست دەبەم بۆ خامە و دەنووسم ، بەبێ ئەوەی خۆم هەست پێ بکەم، نووسراوەکەم لە کۆتایدا نوسراوەیەکی ژنانەیە بەو هۆیە کە کەسایەتیم لە وتارەکەمەدا رەنگ دەداتەوە. کاتێک نوسەری ژن هەست و کەف و کوڵی دەروونی خۆی دەرژێتە سەر لاپەڕەکان، دەردەکەوێ کە بە ڕێژەی ژنانی نووسەر، قەڵەمی ژنانەیش بوونی هەیە. بوونی ئەدەبی ژنانە بەگشتی هێمایەکی گرینگە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مرۆییەکان کە لە چەند دەیەی رابردوودا لە پانتایی ژیانی ژنانی کورددا رووی داوە.

جیاکردنەوەی ئەدەبی ژنان لە پیاوانیش پێم وایە کارێکی ئەستەم نییە، خوێنەر کاتێک شیعرەکانی(کەژاڵ ئەحمەد) دەخوێنێتەوە، بێ گوومان بۆی دەردەکەوێ کە شاعیری ئەم شیعرانە، ژنە. من پێم وایە لە نێوان زمانی ژنانە و پیاوانەدا و تەنانەت خوێنەریشدا جیاوازی هەیە. ناکرێ بە سووکی بە پەنا ئەو باسەدا تێپەڕ بین. چ پێمان خۆش بێ و چ پێمان ناخۆش بێ، رەگەز لە لە ئەدەبیاتدا دەوری هەیە. هەڵبەت باس لەسەر پرس و کێشەکانی ژنان لەم چەند ساڵەی رابردوودا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەدەبیات داناوە.

**پ: ئەگەر هەیە ئایا چۆن لێک جیا بکرێتەوە تا خوێنەر بۆی دەرکەوێت کە کامەیانە، ئەمە ئەرکی خودی نووسەرەکانە کە لە هەردوو رەگەزدا بتوانن جیاکاری ئەدەبیاتی خۆیان بنیات بنێت، یا ئەمە ئەرکی خودی خوێنەر و لێکۆڵەرانە کە ئەم جیاکارییە دروست بکەن؟**

و: لە راستیدا دارشتنی ئەدەبیات ئەوەیە کە بەپێی چونێتی بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا دادەرێژێت. بارودۆخێک کە لە پێشوودا لە لایەن پیاوانەوە باسی دەکرا، بەڵام ئێستاکە ژنان بە پێی هەستکردن بەو نایەکسانییەی کە لە بەرامبەریاندا هەیە و بە پێی نەهامەتییەکانی خۆیان باسی دەکەن و دەینووسن. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە لە هەوڵی ئەوەدایە کە رەخنە بگرێ لە کۆمەڵگەی پیاوسالار، هەوڵی ئەوەدایە کە ژنان لە بەرامبەر ئەو زوڵمەی کە دەرهەقیان دەکرێ، هوشیار بکاتەوە. ئەدەبیات و زمان هەردووکیان تایبەتمەندی پەرەسەندنیان هەیە ئەدەبیاتی زمانی، بە باوەڕم ژنێتی ئەدەبیاتە.

**پ: ئەگەر ئەم ئەدەبیاتە نییە، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ چونکە نەبوونی ئەدەبیاتێکی لەم شێوەیە خەلەل و گومان لەسەر نووسینی ژنە نووسەر و شاعیر و ئەدەبیەکان بە گشتی دروست دەکات، چونکە نەبوونی ئەدەبیاتێکی لەم شێوەیە ئەو گومانە دروست دەکات کە ژنەکان کۆپی پیاوە ئەدەبیەکانن؟**

و: بە باوەڕم ژنی کورد لە خانەی ژنێتی ئەدەبیاتدا جێی گرتووە، چونکە بە داخەوە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار و نەریتییە. لەو کۆمەڵگەیەدا ژنان بە چەندەها جۆر چەوساونەتەوە. ژنی کورد لەم ئەدەبەدا لە هەوڵی ئەوەیداوە لە کۆمەڵگەی تاک جەمسەری پیاوانەدا باس لە رەگەزی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەو لەو ئەدەبەدا باس لە کۆمەڵگەیەکی یەکسان دێنێتە گۆڕێ کە تیایدا ژن و پیاو هاوکار و هاوخەمی یەکتر بن. لەڕاستیدا ژنیەتی ئەدەبیات، هەمان ئەدەبیاتی رەخنەیە.

**من پێم وایە لە نێوان زمانی ژنانە و پیاوانەدا و تەنانەت خوێنەریشدا جیاوازی هەیە. ناکرێ بە سووکی بە پەنا ئەو باسەدا تێپەڕ بین. چ پێمان خۆش بێ و چ پێمان ناخۆش بێ، رەگەز لە لە ئەدەبیاتدا دەوری هەیە**

سازدانی شۆڕش غەفووری

ئەم دیمانەیە لە ژمارە(١٢٦٩)ی رۆژنامەی هەولێردا بلاو بۆتەوە

# «بەشێکە لە وتاری ڕۆمانی کوردی و ژنانی ڕۆماننووس»

دوکتۆر هاشم ئەحمەدزادە

دەستەواژەی نووسینی ژنانە (an écriture feminine) داهێنانی فێمینیستەکانی فەڕانسەوییە. هۆگری بۆ نووسینی تایبەتیی ژنانە لە لایەن گروپگەلی ژنان لەناو بزووتنەوەی ژنانی ئامریکا و هێندێک لە وڵاتە ئوروپییەکاندا سەری هەڵدا. ئەم هۆگرییە وەڵامێکی ڕادیکال بوو بە ڕابردوویەک کە بە پێی ئەم، ئامانجی ئەدەبییاتی ژنان بریتی بوو لە هەنگاونان بەرەو بەستێنێکی جوانیناسیی جیهانی و گشتگر کە لەباری جنسییەوە بیلایەنە و وەک دەگوترێ نەنێرنەمێییە (androgynist). بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە جوانیناسیی ژنانە پێیوایە نووسینی ژنان دەربڕی وشیارییەکی ژنانەی جیاوازە و داڕێژەری دابونەریتێکی تۆکمەی ئەدەبییە و ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی بەوە دەزانێ کە بەرپەرچی فۆرمول و یاسا و ڕێسای پیاوانەی دژ بە ژن بداتەوە و لە جیاتیان ڕەخنەیەکی تایبەتی بۆ ڕەخنەگرانی فێمینیست بونیاد بنێ. ئێلەین شوالتر بەمجۆرە «نووسینی ژنانە« پێناسە دەکات: نووسینی ئەندامی ژنانە و جیاوازیی ژنایەتی لە زمان و لە دەقدابەڵام یەک لە فێمینیستە بەناوبانگەکانی فەڕانسەوی هێلێن سیسۆ بەمجۆرە باسی ئەزموونی نووسینی ژنانە دەکات: «مومکین نییە ئەزموونێکی نووسینی ژنانە پێناسە بکرێت، وە ئەمەش شتێکە کە بە نامومکینی دەمێنێتەوە، چونکە ئەزموونێکی وا قەت ناکرێ تیۆریزە بکرێ، کۆتایی بۆ دابندرێ و کۆدی بدرێتێ. ئەوە بەم مانایە نییە کە نووسینێکی وا هەبوونی نییە. بەڵام نووسینێکی وا هەمووکاتێ وەسەرووی ئەو گوتارە دەکەوێت کە سیستمی نێرناوەند کۆنترۆل دەکات».

ئەگەر فێمینیسم بەمانای خەبات بێ بۆ مافی ژنان، ئەوکات خۆیایە کە ئەم خەباتە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی ژنان، بەڵکو پیاوانیش لە ڕیزی خۆیدا جێ دەدات. فێمینیسم، هەر بەوجۆرەی شوالتر ئاماژەی پێدەکات، وەک ئایدۆلۆژییەکی سیاسی دەکرێ بە لانیکەم بگەڕێتەوە سەدەی حەڤدەهەم بەڵام ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی دیاردەیەکی یەکجار تازەیە. هەڵبەت ڕەخنەی ئەدەبی لەژێر کارتێکەریی ڕەهەندگەلی فێمینیستی دەکرێ لە بەرهەمی کۆمەڵێک نووسەری ژن لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بەدی بکرێ و کەسانێک وەک مادام دێسائیل، ماری ولستۆنکرافت، جۆرج ئێلیۆت و دواتر ڤیرجینیا وولف و سیمۆن دوبوڤار و... ناوگەلێکن کە لەم بوارەدا چ وەک ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبی و چ وەک ڕەخنەگر گەلێک چالاک بوون. بەڵام، هەروەک ئێلەین شوالتر ئاماژەی بۆ دەکات تەنیا دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٦٨ە کە ژنان بەتەواوی وەک «ڕەخنەگری فێمینیست» دێنە مەیدان و ئەدەبییات لە ڕەهەندێکی سیاسییەوە لەژێر کارتێکەریی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنانەوە دەخەنە بەرباس و هەر لەو سەردەمەشڕایە کە ژنان پتر لە هەمیشە لە لێکۆڵینەوەگەلی ئەدەبیدا جێپێی خۆیان قایم دەکە .

گرنگیی وشە و دیمەن و لەهەمان کاتدا ئەو داپڵۆسین و بەرەنگارییەی کە لە ناو وشەکاندا خۆی حاشار داوە، سەرنجی ڕەخنەگرانی فێمینیستی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی بوونە هەوێنی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگرانی فێمینیست: ژنان چۆن لە بەرهەمی نووسەرانی پیاودا پێشکەش دەکرێن؟ چ پێوەندییەک هەیە لەنێوان دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لەناو دەقدا و داپڵۆسینی ژنان لە کۆمەڵگادا؟ بۆچی ژنان لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیدا ئامادە نەبوون؟ ئایا دابونەریتێکی نووسینی ژنانە یان جوانیناسییەکی ژنانەی سەربەخۆ لەئارادا هەیە؟ ئەگەر مرۆڤ توانیبای باسی «نووسینی ژنانی کردبا، ئایا «نووسینی پیاوانیش» مۆرکی ژێندەری پێوە دیار بوو؟ لێرەدا بۆچوونی ڕەخنەگرانی فێمینیست دەکرێ بە دوو ڕەهەندی سەرەکی دابەش کرێت: بۆچوونێک کە باوەڕی بە نووسینی تایبەتیی ژنانە هەیە و بۆچوونێک کە دابەشکردنی ئەدەبییات بە ژنانە و پیاوانە بەڕەوا نازانێت.

ئێدیتۆری بەکۆمەڵی پرسی فێمینیستی دژی دیاردەیەکە بەنێوی «زمانی ژن» و شێوەیەک لە دەربڕین کە تایبەتمەندیی ژنانەی هەبێ. بە بڕوای ماری ئیگلتۆن ئەمە باسێکە کە لە لایەن ئەو قوتابخانە ئەدەبییانەوە پرۆپاگاندای بۆ دەکرێ کە لە لایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچن. هەربۆیە ئەم زمانە وەک هەموو زمانێکی تر ئاکادێمیک و نێرینەیە. پرسی فێمینیستی بە بەرپەرچدانەوەی نزیکتربوونی زمانی ژنان لە لەش و لە حەزی جنسی و هەستگەلی ڕاستەوخۆ، پێی وایە کە مرۆڤ بەردەوام لە دژی بەستێنی مێژوویی–کۆمەڵایەتی لە خەباتدایە، بەستێنێک کە هەمووکاتێ بۆسەی لە مرۆڤ گرتووە و دەگرێ

کۆمەڵێک لە ڕەخنەگرانی فێمینیست



له خوێندنەوەی هەرجۆرە دەقێکدا پرسی ژێندەر وەک فاکتۆرێکی بڕیاردەر دەستنیشان دەکەن. مەبەست لە ژێندەر ئەو پێکهاتە دەروونناسی و کولتوریی و کۆمەڵایەتییانەن کە بەسەر جیاوازیی زیندەوەریی سێکسوالیدا دادەسەپێندرێن. جینۆکریتیسیزم کە داهێنانێکی شوالترە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە هەموو نووسینێک لە ژێر کارتێکەریی ژێندەر دایە. شوالتر لە ١٩٧٨ دا بە پێشنیارکردنی ئەم وشەیە مەبەستی ئاماژە بوو بە ناساندنی لێکۆڵینەوەی فێمینیستیی نووسینی ژنان: خوێندنەوەی دەقی ژنان و ڕاڤەکردنی پێوەندیی نێوان دەقیی هەم لەنێوان ژنانی نووسەر و هەم لەنێوان ژنان و پیاواندا. ڕای شوالتر لەمەڕ پرۆژەی تیۆریکی فێمینیستیدا ئەوەیە کە ناکرێ دەق بەشێوەیەکی فۆرمالیستی لە بەستێنی ئەوپەڕئەدەبی هەڵاوێردرێ، وە پرسگەلی ڕاڤە و خوێندنەوە و دەقێتی نابێ لە دەرەوەی ژێندەر و کولتوردا ببیندرێ. «تیۆریی ئەدەبیی ڕۆژاوایی هەم پیاوناوەندە (phallogocentric) و هەمیش ئێتنۆناوەند، داواکاریی گشتگرانەی هەیە لەسەر بنەمای مێژوویەکی ئەدەبی کە بە تەواوی سپی و نێرە. باوەڕ بە پێکهاتە و بنەمای ژێندەریی زمان، لە لایەن زۆر نووسەری ژنەوە ئاماژەی پێکراوە. ئیریگاری قسە لە زمانی ژن دەکات. مۆنیک ویتیگ باس لە تێکنیکی تایبەتیی ڕۆماننوسی دەکات کە پێ لەسەر تایبەتمەندیی لایەنی ژێندەریی زمان دادەگرێت»نووسەران وەک پێویستییەک ئەزموونی ژێندەریی خۆیان دەردەبڕن، هەروەک چۆن ئەوان وەک پێویستییەک ڕۆحی نەتەوەیی (سەر بە کەمەنەتەوە بوون)، سەردەم و زمان دەردەبڕن. ژولیا پێنیلۆپ ستانلی پێی وایە کە شێوازی ژنان لە هی پیاوان جیاوازە و تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە شێوازی ژنانە پێویستییەکە بۆ دەربڕینی چلۆنایەتیی ئەندێشە و بیری ژنان کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ شێوازی پێچەڵپێچ و تابیعساز و هێڵیانەی پیاوان.

فێمینیسمی فەڕانسەوی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕێگای بەردەم ژنان بریتی نییە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە چوارچێوەی نەزمی ئێستادا، بەڵکو ئەرکی سەرەکیی ژنان بریتییە لە بردنە ژێرپرسیاری خودی ئەو سیستمە. بە بۆچوونی فێمینیستەکانی فەڕانسەوی، بۆنموونە هێلین سیسۆ، لوسی ئیریگاری و ژولیا کریستێڤا، مێژووی ئێمە، فەلسەفەی ئێمە، سیستمی حکوومەتیی ئێمە، یاساکانی ئێمە و تەنانەت ئایینەکانی ئێمە بەرهەمی شێوەیەکی تایبەتی – نێرینەی – تێگەیشتن و بەڕێوەبردنی جیهانە. بەڕای فێمینیستەکانی فەڕانسەوی سیستمی ئێستای ڕۆژاوا دەرەنجامی بۆچوونێکی یەکباڵیی – نێرە - لە جیهان کە لە زمانی ئێمەدا خۆی دەنوێنێ و بەدرێژایی چەندین سەدە گەیوەتە ئێمە، بە جۆرێک کە هەم سروشتی دەنوێنێ و هەمیش ڕێگای لێدەربازبوونمان بۆ ناهێڵێتەوە. هەر بۆیە، لەم ڕوانگەیەوە ئەوە زمانە کە هەڵگر و ڕاگری بۆچوونی پیاوانە لەمەڕ جیهان. لە ڕاستیدا، بەگوێرەی ئەوان، جیهان لە خۆیدا مانایەکی نییە و ئەوە ئەو پێکهات و بنەمایانەن کە ئێمە بەسەر جیهاندا دەیسەپێنین و چونکی ئەوە بەهۆی زمانە کە ئەم پێکهاتە و بنەمایانە سیمبۆلیزە دەکرێن، هەر زمانیشە کە هۆکاری تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان مسۆگەر دەکات و هەر زمانیشە کە ئامرازی گۆڕانمان بۆ دابین دەکات. بەباوەڕی کریستێڤا دەبێ ژنان دووانەی پیاو/ ژن هەڵوەشێنن. بەباوەری ئەو دووانەی پیاو/ ژن وەک دژایەتییەک لەنێوان دوو یەکینەی دژ بەیەک دەکرێ وەک دژایەتییەکی مێتافیزیکی ببیندرێ. کریستێڤا بە هێنانە ئارای باسی شوناس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە باسی شوناس و لەو نێوەدا شوناسی سێکسوال ناتوانێ لە کاتێکدا کە خودی باسی شوناس دەچێتە ژێر پرسیار، مانایەکی

ئەوتۆی هەبێ. ژولیا کریستیڤا باسی ئەوە دەکات کە جیاوازییەکی شێوازی لە نووسینی ژناندا نییە. «هیچ شتێک لە بڵاوکراوەکانی ژناندا، لە رابردوو و لە ئێستادا، وێناچێ ئیزنی ئەوەمان پێبدا کە دان بەوەدا بهێنین کە شتێک بە نێوی نووسینی ژنانە لەئارا دایە. گەیل گادوینی رۆماننووس پێیوایە گوتنی «نووسەری ژن» سووکایەتییە و ئەوە بۆ خۆی پتر لە هەموو کەس لە ژێر کارتێکەریی کۆنرادا بووە. بە بڕوای لوسی ئیریگاری شۆڕشی زمانی بریتییە لە ئافراندنی سیمبۆلێکی تر کە تییدا جیاوازیی ژنان بتوانێ دواجار خۆ نیشان بدات. پیاوەتی یان نێرینەیی لە رۆژاوا هەموو سۆبژە و گوتارێکی داگیر کردووە. ئەو دەڵێت هەوڵی ژنان دەبێ ئەوە بێت کە سازیی و نیهادی نەزمێک دامەزرێنن کە تێیدا جیاوازییەکانی ژنان ئامادەگییان هەبێ

بەگشتی دەتوانین جیاوازیی نێوان نەریتی فێمینیسمی فەرانسەوی و ئەنگلۆساکسۆنی بەمجۆرە فۆرموڵە بکەین: لە کاتێکدا کە فێمینیسمی فەرانسەوی لەسەر زمان وەک شوێنی گۆران پێدادەگرن، فێمینیسمی ئەنگلۆساکسۆنی لەسەر رێفۆرمی (چاکسازیی) سیاسی و کۆمەڵایەتی نەزمی ئێستا پێدادەگرن. ئەگەر بۆ فێمینیسمی فەرانسەوی خاڵی گرنگ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خودی زمان دایە و ئەمەش بریتییە لە نەزمپێدان و بایەخدانەوەی دووبارە بە جیاوازییەکان، بۆ ئەنگلۆساکۆنییەکان خاڵی گۆڕان لە دەرەوەی زمان دایە.

سەرەڕای بۆچوونگەلی جۆراوجۆر لەمەڕ جیاوازبوون یان نەبوونی نووسینی ژنانە، شتێک کە گومانی لێناکرێ، درەنگ هاتنە مەیدانی نووسەرانی ژنە. مرۆڤ دەکرێ لە خۆی بپرسێ دەبێ هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە، واتا دەستپێشخەریی پیاوان لە نووسیندا و ئامادەنەبوونی ژنان- شتێک کە تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا لە زۆر کۆمەڵگا، بۆنموونە لە کۆمەڵگای کوردیدا، دیاردەیەکی بەرچاوە- چ بن؟ لە ناو نووسەران و رەخنەگرانی ژندا ڤیرجینیا وولف خاوەنی پلەیەکی بەرزە و بە باوەڕی من لێکدانەوەی ئەم ئەدیبە گەورەیە رووناکی دەخاتە سەر ئەم باسە. ڤیرجینیا وولف لە داستانێکی خەیاڵیدا دەڵێت: وایدانێین کە شێکسپیر خوشکێکی هەبوو، کچێک بە قەد براکەی توانا. بەڵام ئەویان نەناردە خوێندنگە، ئەو شانسی فێربوونی گرامێر و لۆجیکی نەبوو. پێش ئەوەیکە تەمەنی گەنجی تێپەڕ کات قەرار دراوە بە تۆپزی بە مێردی بدەن. ئەو هاوار دەکا کە نیفرەتی لە زەماوەندە. بابی بە توندی لێی دەدا. ئەو ملی رێگا دەگرێت بەرەو لەندەن. لەبەر دەرگای شانۆیەک رادەوەستێ. دەیهەوێ ببێتە هونەرمەند. پیاوان پێی پێدەکەنن. دواجار نیک گرین کە بەرێوەبەری شانۆیە زگی پێ دەسووتێ و لای خۆی داڵدەی

> **لە ئوروپای سەدەی رۆشنگەریدا نووسینی ژنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژنان وەک کارێکی سێکسوالی و ناشایست سەیری دەکرا و ژنان هان دەدران بە بێدەنگی**

دەدات. کچە دواتر پێدەزانێ کە زگی لەم پیاوە پڕە و لە شەوێکی زستانیدا خۆی دەکوژێت. لێرەدا دەبینین وولف چۆن هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وەک فاکتۆرێکی گرنگ دەبینێ لە رەخساندنی مەجال بۆ نووسین. ئەگەر هەلومەرج بۆ خوشکی شێکسپیر لە سەدەی شازدەهەمدا و لە وڵاتێکی وەک بریتانیا لەبار نەبووبێ، دەتوانین بە سانایی بزانین کە هەلومەرج لە قۆناغەکانی پێشتردا چۆن بووە. رێنیسانس و دەورەی رۆشنگەری رەنگە هێندێک گۆڕانکارییان بۆ ژنان پێکهێنابێ، بەڵام چەند سەدەی خایاند تاکوو ئەم هەلومەرجە لە قازانجی ژناندا تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی بێت و لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا، بە تایبەتی لە دەرەوەی ئامریکا و ئوروپا، هێشتا زۆر دوورین لە هەلومەرجی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان. تەنانەت لە ئوروپای سەدەی رۆشنگەریدا نووسینی ژنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژنان وەک کارێکی سێکسوالی و ناشایست سەیری دەکرا و ژنان هان دەدران بە بێدەنگی.

هەربۆیە ئەو ژنانەی بەرهەمی خۆیان بڵاو دەکردەوە بەردەوام کارەکەیان بە هۆکارێکی خودایی، دایکانە یان سیاسی پاساو دەداهەتا سەدەی هەژدەهەمیش نووسینی ژنان هەمووکاتێ بەو تێبینییەوە بڵاو دەکرانەوە کە ئەمجۆرە نووسینانە شتێکی ناباو و نائاساییین و داوای لێبوردن لە خوێنەرەوە دەکرا. زۆر جاریش ژنان بە ناوی خوازراو بەرهەمی خۆیان بڵاو دەکردەوە، یان لە جیاتی داهێنانی خۆیان روویان لە وەرگێران دەکرد.

وولف بە راشکاوی دەڵێت کە ئەگەر قەرارە ژنێک داستان بنووسێ دەبێ پارە و ژووری خۆی هەبێت. بە باوەڕی وولف ئەوەی کە ژن و پیاوی لە ئاستی داهێناندا جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە پیاو دەیتوانی بچێتە ژوورەکەی خۆی و بنووسێ. ژن نە ئەو مەجالەی هەبوو و ئەگەریش هەیبا، نەیدەزانی چ لەو کات و شوێنە بکات و چ بنووسێ. ئەگەرچی ژنان زۆر شتی سەرنجراکێشیان بۆ نووسین هەبوو، لەبەر ئەوەی کە توانایی فکریی ئابستراکتیان گەشەی نەکردبوو، هونەری وشە هەر تایبەت بوو بە پیاوان. بە باوەڕی وولف ئازادیی رۆشنبیری، گرێدراوی شتگەلی ماددییە و لە هەلومەرجێکدا کە ژنان ئازادیی رۆشنبیرییان لە کورانی کۆیلەکانی ئاتێن کەمتر بووە، چۆن دەکرێت قسە لە هەبوونی نووسینی ژنان بکرێت

جگە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و لایەنی ماددیی، وەک پێداویستیی سەرەتایی بۆ نووسین، بە گوێرەی وولف، لە ئارادانەبوونی پێشینەی دابونەریتی نووسین، گرفتێکی تری سەرەکی بوو لەبەردەم ژنانی نووسەردا. لە باسی گرفتی ژنانی رۆماننووسی سەدەی نۆزدەهەمدا، وولف دەڵێت کە ئەوان هیچ دابونەریتێکی نووسینیان بەر لەخۆیان شک نەدەبرد. هەربۆیە کاتێک نووسەری ژن دەستی بۆ قەڵەم دەبرد، خۆی بە بێرابردوو دەزانی و بیری لە ژنبوونی خۆی دەکردەوە و ئەمەش شتێکی کوشەندەیە کە مرۆڤ لە کاتی نووسینی داستاندا بیر لە جنسی خۆی بکاتەوە. ئەوە کوشەندەیە کە نووسەر تەواو ژن بێت یان پیاو. نووسەر دەبێ پیاوانە- ژنانە یاخود ژنانە- پیاوانە بێت.

# قەدەمخێر لە نێو ئاوازەکاندا

سەعید نەجاری (ئاسۆ)



قەدەمخێر کچی کەدخودا قەندی بە زاراوەی خۆیان ‹قەیخاقەند› لە لورستانی خواروو لە بەشی حوسەینییەی سەر بە شاری ئەندیمشک لە ساڵی ١٢٧٨ی هەتاوی واتە ١١٢ ساڵ بەر لە ئێستا لە دەورانی حکوومەتی ناسرەدین شای قەجەری لە دایکبووە.

قەدەمخێر لە تایفەی ‹‹قەڵاوەندیە›› کە ئەوانیش یەکێ لە وەچەکانی عێلی ‹‹دەریکەوەندن››. ئەو خێڵە نیشتەجێی ناوچەی‹‹باڵاگریوە›› لە پارێزگای لورستانی ئێرانن.

یەکێ لە گەورە پیاوانی ئەم خێڵە ‹‹بوزورگ›› بووە کە نزیکەی سەد و چل ساڵ بەر لەئێستا ژیاوە. لە نێو عەولادەکانی ‹‹بوزورگ››دا ‹‹قەنی›› ناودارتر بووە. قەنی پاش ئەوەی گەورە بۆوە و خۆی ناسی، بوو بە پیاوێکی گەورە و وشیار و نەترس و بوێر. دەست ئاواڵەیی و کەیخودایی ئەو بووە قسەی سەرزاران. قەیخاقەنی منداڵی زۆر بوون کە لە نێو کورەکانی دا بابە خان وهەباس خان و لە نێو کچەکانیدا قەدەمخێر و گوێتەڵا بە هۆی دلێری و ناوداریانەوە بەتایبەت ئازایەتییان لە شەڕا ناوبانگیان سنوری بەزاند بوو و لە هەموو ناوچەیەکدا دەنگیان دابۆوە.

قەدەمخێر کچێکی جوان و بە جەرگ و نەترس بوو، لە شەڕەکانی نێوان هۆزەکاندا، هەمیشە پشتیوانی پیاوانی هۆزەکەی بوو. زۆر جاریش کە شەڕکەرانی هۆزەکەی دەکەوتنە داوەوە، ئەوە قەدەمخێر بوو لەنێو تەقەی تفەنگ و گوللەی نەیار چەک و خواردەمەنی دەگەیاندە سەنگەر نشینانی هۆزەکەی و لە تەنگانەی ڕزگار دەکردن، لە سەرەتای دەسەڵاتداری حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەویدا، کە تازە هێزە چەکدارەکانی ئێران لەشکری ڕۆژئاوایەکان هاتبوونە لۆڕستانەوە لە نێوان چەکدارانی سوپای ئێران و لەشکری براکانی قەدەمخێر شەڕ و تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە. شەڕێکی خوێناوی کە دەیان کەسی تێدا کوژرا. لورەکان دەیانەویست بەر بەلەشکری ئێران بگرن نەهێڵن پێ بنێنە هەرێمی ژیانی ئەوانەوە. بەڵام سەرەڕای قارەمانیەتی نواندن و خوڵقاندنی حەماسە لەلایەن هەباس خان و قەدەمخێر و پیاوەکانی خێڵی ئەوانەوە، ئاقیبەت هەباس خان شەهید دەکرێ و قەدەمخێریش خۆبەدەستەوە دەدات. ڕێکەوتی ئەم کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٠٧ی هەتاوی تا١٣١٠ی هەتاوی واتە (١٩٢٧ی زایینی تا ١٩٣٠).

قەدەمخێر جارێکیش لەگەڵ کورە مامێکی خۆی زەماوەندیشی کرد و کورێکی لێی هەبوو بەنێوی(محەمەد خان) کەتا ئەم ساڵانەش هەر مابوو.

ڕاستە مەبەستی باسەکەی من گێرانەوەی ژیاننامەی نییە دەمەوێ لەسەر چەن بەیت ئاواز بدوێم کە لە زمانی خۆی و دوای خۆیدا بووە بە چیرۆکی دڵداران و کەوتە نێو ئاوازی گەرووی بوێران و دەنگ خۆشانی لورِ. ئەم ئاوازانە قسەی بۆ مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی نییە و وەک نقیمێکی قیمەتی لە سەر ئەنگوستیلەی موسیقای ڕەسەنی کوردی دەدرەوشێتەوە هەرچەن بۆنی فارساویشی لێدێ، بەڵام بەشی گەورەی ناوداری قەدەمخێر بە دلێری و ئازایەتی و شێرەژنێتیەکەی لەمەیدانی شەڕدایە جا بۆیە هەڵدەگرێ برێکی دی لەسەر ئەم باسە بدوێم و جا بێمەوە سەر ئاوازەکان.

هەر لەو ساڵانەدا کە چەکدارانی حکوومەت بۆ پاشەکشێ کردنی هۆزەکانی لورِ لە ناوچەی‹‹گاوازین›› لەگەڵ خەڵکی ‹‹تافار››و‹‹خوەنیلە›› تێک هەڵدەچن. لەو شەڕەدا ‹‹سەفقولی›› مێردی قەدەمخێر و ‹‹فازیلی›› برای لە شاخەکانی ‹‹گاوازین›› بەر بەچەکدارانی ڕەزاشا دەگرن.

سوپای ئێران لە هەموو لاوە گەمارۆیان دەدا، لەو شەڕەدا سەفقولی دەکوژرێ، تاقمێک لە خەڵکی عەشیرەتی قەدەمخێر دەکەونە گەمارۆ لەوێدا دەمێننەوە. قەدەمخێر بەسواری و بێترس بە مەشکۆلە ئاو و ڕەخت و فیشەکدانەوە و خواردەمەنی دەگەیەنێتە نێو شەڕەکە و گەمارۆ دراوەکان، هەر لەگەڵ ئەوانیش دەست دەکا بەجەنگی پارتیزانی.

قەدەمخێر لە زۆربەی شەڕەکاندا جگەلەوەی کەشەڕی دەکرد و وێڕای براکانی خەریکی بەرەنگاری و دابەشکردنی فیشەک و خواردەمەنی بۆ جەبهەی شەڕەکان بوو. هەتا دامەزراندنی حکوومەتی پەهلەوی لە ‹‹خورەم ئاوا›› بەقەولی خۆیان ‹‹خورموپ›› قەدەمخێر و دوو برای چەندین شەڕی خوێناوییان لەگەڵ ئەرتەش کرد کە سەرکردەکەیان سەرتیپ ئەسفەندیار بوو، لە ئاکامدا قەدەمخێر لە ساڵی ١٢٠٨و پاش کوژرانی براکانی واتە عەباس خان وبابا خان لەگەڵ پۆلێ هاواڵانیان پاش ململانەیەکی زۆر تەسلیم بوون.

پاش ئەو ڕووداوە قەدەمخێر نەخۆش کەوت و لەساڵی ١٣١٢ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٩٣٢ی زایینی بەو نەخۆشییە مرد. سەرچاوەکان سەبارەت بە شوێنی ناشتنی قەدەمخێر ڕای جیاوازیان هەیە، تاقمێک پێیان وایە کەلە ئەندیمشک نێژراوە تاقمێک دەڵێن مەیتەکەیان بردۆتە وڵاتی عێراق و لە گۆرستانی کەربەلا ناشتوویانە.

پێویستە لە بەستێنی ئەو مەبەستەیدا کە کاتێ کەسێ دەبێتە ئۆستوورە هەر لە زەمانی خۆیدا داستان و چیرۆکیشی بۆ







ساز دەکەن کە ئەگەر جێی بروا و متمانەش نەبێ هەر شیاوی بیستن و گوێگرتنە، کە ئەمە ئەچێتە خانەی (خەرقی عادەت) لە ئەدەبی حەماسەدا کە هەر ئەو بەشە حەماسە خۆش داکات. ڕەنگە ئەم ناوەرۆکە هەندێ لە باسەکەم دوور کەوێتەوە، بەڵام بێجێ نییە بیڵێم و حەیفە نەبیستریێ.

گۆڤاری پرشەنگ ژمارەی ١، کە ناوەندی ئەدەبێ و ڕووناکبیری خانی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە زمانی ژمارەی ٢٧ی گۆڤاری بەیان تەمووزی ١٩٧٥ی زایینیەوە بابەتێک دەگێڕێتەوە من کارم بەسەر ڕاست و دروستییەکەیەوە نییە، بەڵام شتێکی دەگمەن و نایابە، ئەمەی دەینووسم ڕاستەوخۆ نووسراوەکەی گۆڤاری پرشەنگە:

قەدەمخێری فەیلی

قەدەمخێری فەیلی یەکەم کەس بوو لەو ژنە کۆڵنەدەرانە کە شۆڕشی پشتکۆی هەڵگیرساند لە دژی شای ئێران کە پێشەی چەوساندنەوە و دەربەدەر کردنی میللەتی کورد بووە لە کوردستانی ئێران. قەدەمخێر ئازایانە جەنگاوە، خەبات و کۆششی کردووە لە پێناو ئازادی و سەربەستی نەتەوەی کورددا، ئەم ژنە جەنگاوەرە هیچ کاتێ گوێی بۆ وتەی دوژمنانی شل نەکردووە.

**بەڵگەو مێژوو**

مامۆستا ئەحمەد خواجە لە وتارێکی بڵاو نەکراوەیدا دەگێڕێتەوە کەوا قەدەمخێر ژنە سەرداره شۆڕشگێڕەکەی بەناوبانگی لورستان لەوەدا دوای شۆڕشەکەیدا نامەیەک بۆ شێخ مەحمودی نەمر ئەنووسێ، لە نامەکەیدا ئەڵێ:

لە ژنە سەردارێکی شۆڕشگێڕی کوردەوە بۆ سەردارێکی شۆڕشگێڕی کورد. ئەم نامەیە لە ژنەوە وەرناگیرێت...... ئەم نامەیە لە ئافرەتێکی کوردەوە وەردەگیرێت چونکە کورد نابێ ژن وپیاوی ئازاو دلێری لەیەک جیا بکاتەوە. من زۆر بەژنیەتی خۆم دەنازم، ئەو ژنەش نیم بەدوای مێردداو بۆ مێرد بگەڕێم بەپێچەوانەی ژنایەتییەوە بۆ ئەو پیاوە ئەگەڕێم کە پیاو بێ لەو پلەدابێ من بیمەژنی،تەنها ئەوەش بۆ شەرەفم کە ئەو پیاوەش ئەبێ تۆبێت وا ئەزانم.

ئێتر زۆر بەشەرەفەوە چاوەڕێی وڵامم.

مامۆستا ئەحمەد جواجە ئەڵێ: لەسەرەتادا شێخ مەحمود نەیدەویست وڵامی بداتەوە، بەڵام هەر چۆنێک بوو ئەم نامەیەی بۆ نووسی کە نووسەرەکەی(ناری) شاعیری بەناوبانگی کورد بوو:

سەرەڕای ئەوەی ئەو یارە دڵی منی ڕفاندووە ئێستا یەخسیری دەستی ئەو زاڵمانەیە کە نە دەنگمان دەیگاتێ نە گوللەی تفەنگم، خۆشم ئاوارەی کێوەکانی کوردستانم، ئەگەر هات و نیشتمانەکەمان لەپەنجەی ئەو زاڵمە ڕزگار کرد زۆر خۆم بە شەرەفیار دەبینم کە دەستم بگاتە دەستم یان باهەر لە دوورەشەوە بێت ببم بە هاوپەیمانی ژیانت، کورد پێویستی بە ژیان بەختکەران هەیە بۆ ڕزگاری، جا ژن بێ یا پیاو.

بەڵام وەک دەزانن ئێمەی کورد بەناشکوری نەبێ هیچ کات مێژوو نووسمان لە خۆمان نەبووە تا داستانی دلێری و نەبەزییەکانمان لە دووتوێی لاپەڕەی کتێبەکاندا تۆمار بکات. هەر ڕوودا و بزاوێکی لەم شێوە هەبووبێ کەوتۆتە ئەستۆی گۆرانی بێژان و بەیت دانەرانمان،کە ئەوانیش هەر هۆنەرمەندانی شاعیر و گۆرانیزان بوون. ئەو گۆرانی و فەردانەی بۆ قەدەمخێر کوتراون ئێستاش لەسەر زار و زمانی دەنگبێژەرانی لورستان هەر ماون.

لەو شێعر و ئاوازانەی بۆ قەدەمخێر کوتراوە سەرەکیتریان مەقام و ئاوازێکە هەر بە نێوی قەدەمخێر کە مەقامێکی حەماسی لورییە. دەڵێن بۆ دواجار هۆنەرمەندی جاویدانی مۆسیقاژەنی کورد خوالێخۆشبوو موجتەبا میرزادە بە شێوەیەکی جوان دایرشتووە و بە ئامێری کەمانچە کە ئامێری تایبەتی لورییە لێیداوە کە بەداخەوە من نەمبیستووە و هیوادارم لە کۆبوونەوەدا ببیستم.

هەمیسان ئاهەنگێکی ناسراوی دیکەش هەیە بە ناوی قەدەمخێر کە پیاوێک بە ناوی «مراووەو» یان هەمان مورادبەگ وەک ئۆستوورەیەک لە قەدەمخێر یاد دەکات.

ئیدمونز لە ساڵەکانی ١٩١٥ تا ١٩١٧ کە نوێنەری سیاسی بەریتانیا بووە لە ئێران کاتێ بە سەفەر لە لورستانەوە تێپەڕەدەبێ هەندێ لەو باس و ئەو شێعرانەی بۆ قەدەمخێر کوتراوە دێنێ کە ئەو کتێبە لەلایەن «اسکندر اماناڵەی بهاروند» و «الیلی بختیاری» وەرگێراوەتەوە سەر زمانی فارسی. هەروەهاساڵی(١٩١٧)«ئیبیسان» دەچێتە نێو هۆزەکانی دریکوەندی و زۆر شێعر سەبارەت بە «قەدەمخێر» کۆ دەکاتەوە.

**ئەم وتارە لە فێستیواڵی قەدەمخێر کە لە رۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ لە سلێمانی بەرێوەچوو خوێندراوەتەوە.**

# هەوای مژاوی و کەوشە تازەکانی من!

ن: مریەم قازی

و: نێعمەت مەلا

بیر کردنەوە لە سیس بوونی گەڵایک نا، لەو بیرەڕا کە دارستانێک ببێ بە سەحرایەک لە پڕ وەبیر کەوشە تازەکانم کەوتمەوە، ئیتر کەوشە کۆنەکانم کە زۆر لە مێژ بوو لەگەڵم بوون و خەریک بوو لێک بڵاوو دەبوونەوە، ئەو زیاتر لە کەوشەکانی دیکە لەگەڵم هاتبوو بۆ ژێر ئەو دارە گوێزەی کە لە دەرەوەی شاردا لقەکانی بە سەر وڵات دا بڵاو کردبۆوە، هەندێک جاریش سەنگەکی گەرم و پەنیر و گوێزیشم لە گەڵ خۆم دەبرد.

ئەمڕۆ بەو کەوشە تازانەمەوە هاتوومە پارکەکەی قەراغ شارەکە، دارە گوێزی نیەو بە بێ سەنگەکی گەرم و پەنیر لەگەڵ گوێز سەیری ئەو چۆمەی شارەکەمان دەکەم کە هەندێک ماسی خەریکە لە سەر ئەو پەلکە نانەی کە لە سەر ئاوەکە ڕژاوە بەسەر یەکتردا باز دەدەن، دڵم تەواو پڕ ببوو، خۆزگە هەندێکم نان لەگەڵ خۆم هێنابایە.

دیسانیش کاتێک وەبیر دوایین پەیامی هاوڕێکەم کەوتمەوە کە نووسیبووی: « فیلتێر کرام ئەمنیش هەم» زیاتر دڵم گیرا، یان خود لەبەر ئەمەش بوو کە هەستێکی باشم بەم کەوشە نوێیانەوە نەبوو، یان ئەوە کە هێشتا بە باشی ڕێگای ئەو باغەی لە دەرەوەی شار شارەزا نەببووم، یان، خود لەبەر ئەو ماسیە برسیانە و ئەو پەلکە نانەی کە بە چ شێوەیەکی بێ بەزەیانە لەت لەت دەکراو دەخورا.....

لە کەوشەکانم ڕا وەبیر سیس بوونی گەڵاکە کەوتمەوە کە بەڕاستی سەحرا مانایەکی تری بە دارستان ئەدات و بەو هەستە ناخۆشەی لە هەمبەر ئەو کەوشە تازانە هەمبوو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

پەنجەرەکە کراوەتەوە و لەویش ڕا بۆنی ئەو بارانە بە خووڕە لەگەڵ بۆنی ئەو چاییە تازە دەم کێشراوە هەندێک ئاهۆنم دەکاتەوە، قسەکردن لە سەر،سەر هەڵدانەوەی گەڵایەک، نا، ئەوە کە دیسان دارستان دەژیتەوە و بیری منیش هەندێک ڕوونتر دەبێتەوە کە بزانم ئێستا کە بە باشی دەزانێ بەو وەڕوو خۆ نەهێنانەی مانایەکی قوڵتری لای من پەیدا کردووە، بەمەش زیاتر لە جاران کە نەبوو هەستی پێ دەکەم، ئەو جار تەنانەت بۆنی گەڵا بە گەڵاییم گوێ لێ دەبێ و ئەوش کە دیسان دارستان سەر سەوز دەبێتەوە و کەوشەکانیشم بە تەواوەتی ڕێگاکان فێر دەبێ و دارە گوێزەکەش ئیتر بە تەنیا نامێنێ و ڕەنگبێ هەندێکیشم نان بۆ ماسیەکان بردوو خواردنەوەیی چایەکی تازە دەم کێشاویشم لە هەوایەکی ئاوا تەڕوو باراناوی لە یاد نەکردوو کێش دەزانێ کە ڕەنگبێ لەم کاتەو لەم شوێنەو بەو بێ پێناسە و بەو کەوشە تازانەم لە ناو ئەو هەوا مژوو دووکەڵ و بارانەدا تاکوو ئەو جێگایەی کە پێم خۆش بێ دوور دەکەومەوە....

**لە کەوشەکانم ڕا وەبیر سیس بوونی گەڵاکە کەوتمەوە کە بەڕاستی سەحرا مانایەکی تری بە دارستان ئەدات و بەو هەستە ناخۆشەی لە هەمبەر ئەو کەوشە تازانە هەمبوو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە**



# چاردەی دوو ڕۆژی «ڤالانتاین»
# جەژنی هەموو عاشقانی جیهان

**فاتمە ڕەحیمی**

هەموو ساڵیک ڕۆژێک تەرخان کراوە بۆ جەژنی عاشقان، کە ئەویش بە ڕۆژی (ڤالانتاین) ناودەبرێت، بێگومان ئەو ڕۆژە کە دەکاتە ڕۆژی ٢/١٤ی ساڵ بە خۆشترین ڕۆژ دادەنرێت لەلای هەموو عاشقان، لەبەر ئەوەی هەموو عاشقەکانی دونیا لەو ڕۆژەدا سۆز و وەفا و خۆشەویستی لەبەرانبەر یەکتر دەردەبڕن و هەموو



هیواو ئاوات و خواستەکان لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکەن.

هێندێک لە وڵاتانی ئیسلامی ڤالانتاین وەکوو جێژنێکی قەدەغە دێتە بەرچاو و چێژ وەرگرتن لەم ڕۆژە دژی یاسایە. لە وڵاتی عەرەبستان فرۆشتنی هەرشتێکی پەیوەندیدار بە ڤالانتاین لەم ڕۆژەدا قەدەغەیەو پۆلیسی مەزهەبی ئەم وڵاتە پێش بە فرۆشتنی هەر دیارییەکی ئەویندارى وەکوو گوڵی سوور دەگرێت، بەڵام لە وڵاتانی ئۆرووپایی ئەم ڕۆژەیان بەلاوە زۆر پیرۆزە، زۆرترین دیارییەکانی ئەو ڕۆژە بریتییە لە: لقێک گوڵی سوور یان دەستەگوڵێکی بچووک، شوکولات، کارتی پیرۆزبایی ڤالانتاین،بووکە شووشە، نامەیەکی دڵداری، ڕەنگەکانی ئەو ڕۆژە سوور، سپی، پەمەین.

بەڵام بۆ ئەوینداران هەموو ڕۆژێک ڕۆژی ڤالانتاینە دەبێ هەستی خۆت بەرانبەر خۆشەویستەکەت دەربڕی.



# دووره ئەم ڕێگایە
# سەدساڵە دەڕۆم نابڕێتەوە

**مریەم قازی**

شەرحی ئەم دەرد و پەژارە چۆن دەچێ ناچێتەوە
وا بە کاروانی شەهیدان ئەم گەلە ڕێ هاتووە
تازە سەد کاروانی ئاوا بێ و بڕوا نابڕێتەوە
شەرحی ئاگر هەر بە دەریا دێتە کۆتایی کەچی
بۆ دڵۆپی ئایخنکێم شەدی تو ناخورێتەوە
ئەو دەمەی مەمکم لە زاری کورپەکەم نا پێم گوتی
مەمک و کورپەم هەڵدڕی ئەم باوەڕەم ناشکێتەوە
من ڕە ڕووسوری لە دنیا تۆ لە زەلکا داتەپیو
من بە سەربەستی ژیاوم ڕووڕەشیت نابڕێتەوە
گەر بە ڕواڵەت جل لە بەژنی من هەتا خوار دادرا
چوو حەیا و ناموسی هەت بوو تازە قەت ناتبێتەوە
من بە فرمێسک و هەنیسکی دایکی خۆم خووم گرتوە
شین و گاڵۆڕی فەلەک کەڕ کا هەمووی ناکشێتەوە
شەرتە ئەو دارەی شەهیدانی گەڵت پێرادەژاند
بیکەمە ئاڵای وڵاتم مەرزەکەت دادڕێتە وە
دووره ئەم ڕێگایە سەد ساڵە دەڕۆم نابڕێتەوە
شەرحی ئەم دەرد و پەژارە چۆن دەچێ ناچێتەوە

# دولەرینەوە



کوێستان عومەر زادە

ئەوەی لەرەی دێت لەودیو پەنجەرە،
شەوانە،
هەر با نییە، هەر هەنسکی باران نییە.
بەژنی لاولاوی ژنێکە،
دەنگی گریانی ئاسکێکە،
لەتاو زامی ڕاوکەرانی،
دڵی ئەوینی دەلەرزێ،
لە غەریبیدا دەتەزێ،
ئەو،
لەشی سارد و سڕی،
بەدەم شەوقی مانگی نیگای ژیانەوە،
مێرگ دەگرێ،
ئەوەی کراسی دڕ دڕ دەبێ بەدەم توورەیی باوە
هەر دار سێو و لیمۆ نییە،
بەژنی سەوزە چناری خەمێکە،
برین دەگرێ.
ئەوەی تەنها دەگرێ لە ئاگردا پشکۆ نییە،
پارچەی دڵی ناسکە ژنێکی غەریبە.
لەگەڵ خۆهەڵخستن و، خۆکوشتن و، بێدەنگیدا،
سەما دەگرێ،
تەنها جەستەی پڕ لە سێبەری ژانی ژنێکە،
ئەوەی سەراپا خەو بە سەوزاییەوە دەبینێ،
هەر بەهار وباخچە نییە،
قژی نەرمی ژن و ڕۆحی ئەوە
ئەوەی دەروونی ماندووە،
ئەوەی دڵی شەقارە شەقارە مردووە،
هەر باڵندەی کۆچەر نییە،
ڕەنگی ئاڵی شاژنێکە.

## (بۆ ٨ ی مارس)



ترووسکە سادقی

دەستپێکراین
لەگەڵ یەکەمین هەناسەی
کە باری بەهار بەهار
لە شانەکانیدا
زستان..
لەگەڵ بڵاگرتنی سروشت
دارژا تنۆکی ناوی
بە جەوهەری خۆشەویستی.
بۆ پتەوی قەڵافەتی ژیان
لە دەستانی دا
دڵۆپ دڵۆپ
هەر سێوی سوور دێتە دنیا.
ئاه!!!!!
چ نهێنیەکی قووڵە
وادیارە (خودا) ش لە باوەشی (تۆ) دا
هەوای هەرمانی
هەڵمژیوە



# قاوەیەکی تاڵ..
# قاوەیەکی شیرین...

چنار نامیق

تەمەن د ە ڕ و ا و
من هەر قاوەی تاڵ فرەکەم
چیرۆکی ئەم قاوەیە
بۆ کەینی دەگەڕێتەوە؟
قاوە و چکلێت
دوو تامی دژ
لێ هەندێ جار ڕێکدەکەوێت،
هەردووکیان یەک ڕەنگ ئەنوێنن
وەک ڕوخساری قاوە گرەوەکە
دەمێ لە فنجانەکە دەڕوانێت
لێ نەئاشنای تامی ئەوم و
نە ڕوخساری تەلیسماوی قاوەگرەوەکە..
بیرمە
جارێک داوای قاوەیەکی تاڵم لێکرد
ئەو بۆهەمیشە تەمەنمی تاڵ کرد
گشت جارێک هەر هەمان قاوەم
لە هەمان فنجان بۆ دێنی
هەمیشە پرسیارێک هەیە
تەنیا لە خۆمی دەپرسم
گەر حەز بە تاڵی ناکەین، بۆچی دەبێت بیخۆینەوە؟
ئەبێت ئەویش قەدەر نەبێت
وەکە چیرۆکی ئەم بونەم
بەبێ ویستی خۆم هێنامیان
ئاوا گەردوون لێناگەڕێ
لەگەڵ فرکردنی قاوەکەدا،
کاغەزی چکلێتەکە لابەرم
تا ژیان کەمێک شیرین بێت

# دەڵێن بە لیباسی سپییەوە دەڕۆی و بەکفنی سپییەوە بێیەوە!

شەهێن حوسەینی

بێگومان لەژیانی هەر کەسێک دا ناخۆشی وکەم وکۆڕی هەیە وئەگەر ناخۆشییەکان نەبن خۆشیەکان وژیان واتای نامێنێ، بەڵام نەبەئەندازەیی ژیانی ناخۆشی من. چونکە گەردون تا ئێستا بەمورادی من نەچەرخاوە و پێم وایە هەمیشە دژ بەمن بووە، نازانم بۆ دەبێ قسمەت و نسیبی من وانوسرابێ کە وائێستا من زەلیل لەسەر جێگا کەوتوم وهەرساتە ئاواتی مەرگ دەخوازم.کاتێک چاوم بەگۆڤارەکەتان کەوت بڕیارم دا کە ژیانی خۆم بنووسم وبۆ ئێوەی بنێرم تا ویژدانی مرۆڤ بێدەنگ بێ لە ئاست ئەو هەموو زوڵمە دەرهەق بەژنان دەکرێ.

‹‹من نەسرین ح تەمەنم٤٠ساڵە‹‹. لەبنەماڵەیەکی مام ناوەندی ژیاوم و خاوەنی ٦ خوشک و دووبرای بچوک بووم، لەگەڵ سەرهەڵدانی باڵام وگەورەبوونی تەمەنم ژیان چارە نووسی ڕەشی بۆ لە قەڵەم دا بووم. ئەوکات لە دێهات دەژیاین. کچی دێهاتیش ماندووترە لە کچی شار، بەڵام چونکە ئەرک و کارەکانمان لەگەڵ دایک وباوک وخوشکەکانم دابەش دەکرد ماندوو نەدەبووین. منیش کچێکی ئازاو کارجوان ورێک وپێک بووم، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو خوازبێنیانەی کە هەمبوون ودەمناسین وباش بوون ئەمن قسمەتم کەوتەلایی کەسێک هەرگیز نەم دەناسی لەتەمەنی١٩ساڵی دا شووم کرد.

چووم بۆدێهاتێکی دوور لە دێهاتی ماڵی باوکم، ماڵی خەزوورم بنەماڵەیەکی فەقیرو بێ ئیمکانات بوون و لەگەڵ ئەوەش دا خێزاندار بوون ومنیش بووکی گەورەیی ماڵ بووم، دەبوایە هەمووشتێک من بیکەم، کاتێک شووم کرد بەڕاستی ماندوو بووم وهیچ کات نەمدەزانی حەسانەوە چییە، بەیانی زوو دەبوایە نانم بکردایە،دوایە بچوومایە بۆ کانی ئاو بێنم، جل بشۆم، ماڵ خاوێن بکەمەو و جارو باریش بچم بۆ تەویلەوبەکاری پاتاڵ ڕابگەم، نزیک نۆمانگ دوای ژیانی هاوبەشی خوا کوڕێکی جوانی پێبەخشیم بەڵام چونکە لەچلەی زستان بووم تووشی نەخۆشی چەمانی هاتم‹‹ناوی نەخۆشیەکە کە لەکاتی زستان دا تووشی دەبێ لەبەر ڕەعایەت نەکردن وخۆنەپێچانەوە لە سەرماوە تووشی دەبێ›› چونکە نۆبەرەم بوو ئەقڵم بەخۆم نەدەشکا کە ئیسراحەت بکەم وخۆکەسیش نەبوو پێم بڵێ کە ئاگات لەخۆت بێ تۆ زەیستانی، خەسووشم لەخۆشی ئەوەی کە من کاری بۆدەکەم ئیهمالی کردم.دوایی دوو ڕۆژ هەستام وچووم بۆکانی و وڵاتم خاوێن کردەوە، ئەو ڕۆژە هیچ، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی کە چووم بۆ کانی لەوێ بێهۆش کەوتم کاتێک هۆش خۆم هاتمەوە لە ماڵێ بووم هەموو لەشم دێشاو هەستم دەکرد قاچەکانم لەکار کەوتوون ماوەی ٤٠ شەو لەجێگا کەوتم بەو زستانە سەرسەختە دایکم خزمەتی کردم تا چاک بوومەوە، لەسەر پێداگری دایکم مێردەکەم بردمی بولای دوکتور، هەر ئەوکات دوکتور پێی گوتم کەئەم خاتوونە مۆرەکانی پشتی زەربەی دیوە دەبێ ئیسراحەت بکات و نابێ چیتر بهێڵێ مندالی ببێ دەنا دەیخاتە سەرزەوی. بەڵام چونکە مێردەکەم ژنی تەنیا بۆ منداڵ بەخێوکردن و کار دەویست گاڵتەی بەقسەی دوکتورەکەهات و گوتی: ئەی ژن بۆچی باشە، زۆرم دڵ بەخۆم ماو گوتم هەتا ساغ بووم بەکەڵک دەهاتم بەڵام ئێستا چونکە نەخۆشم بێ حورمەت بووم، ویستم کە وازلە مێردەکەم بێنم بەڵام چونکە بەلیباسی سپییەوە چوومە ماڵی مێرد دەبوایە بەکفنی سپییەوە بهتمایە دەرێ ئەوە شۆعاری بنەماڵەکەم بوو. منیش لەبەر عەیبەی دنیاو لەبەر منداڵەکەم چوومەوە نێو ئەو ژیانەی کە نەهامەتی و نەخۆشی بەدواوە بوو بۆ من، ساڵێک دوایتر کچێکم بوو بەڵام چونکە حەسانەوەم نەبوو نەخۆشییەکەم زیاتر لێی دەرخستم بەوحاڵەش دوای ساڵێکی دیکە کچێکی دیکەم بوو. بەڵێ منداڵ و کاروباری ژیان تەکانی ژیانم نەمابوو، پشتم بەتەواوی چەمابۆوە مێردەکەم کە زانی ئیتر ناتوانم کاربکەم بڕیاری دا کە بمنێرێتەوە ماڵی باوکم ئەوکات ماڵی باوکم هاتبوونە ناو شارو لە دێهات نەمابوون.

لەبیرمە کە دوای حەوتوی کچەکەم مێردەکەم گوتم: کە غەزایەکی زۆر دروست بکەم چونکە مەلاو کەیخودای ئاوایی بانگ دەکەم بۆ نێونانی منداڵەکەمان زۆرم پێ سەیر بوو چونکە ئەو بۆ منداڵەکانی دیکە ئەوەی نەکرد نەمزانی کە فێڵم لێ دەکات و بەشاهیدی مەلاو خەڵک حەقی شەرعی خۆمم لێ دەستێنێ و لە هەموو مافێکی شەرعی و یاسایی بێ بەشم دەکا. دوایی ئەوە منی هێنایەوە بۆ ماڵی باوکم و من نەمتوانی لەڕێگەی یاسایشەوە مارەیی خۆمی لێ وەرگرم . دوایی تەڵاق وەرگرتن لە مێردەکەم تەنانەت نەیهێشت منداڵە ساواکەم لەلام بێت، تا ئەوکات تەنیا ئێشی جەستەم ئازاری دەدام بەڵام دوایی ئەوە ئازاری ناخم گەورەتر بووسێ جگەر گۆشەکەم دوور لە باوەشی من بوون وام لێهاتبوو تووشی نەخۆشی دەرونی ببوم، زۆر بێزار بووم لە هەمووشتێک و هەموو کەسێک.

ماڵی باوکم زۆر هەوڵیان لەگەڵدام تا چارەسەرم بکەن بەڵام زۆر درەنگ بوو بۆ من. بۆهەر شوێنێک دەچووم بۆلای هەر دوکتورێک دەچووم دەیانگوت ئەگەر یەکەم جار بتانهێنابایە چاک دەبوو تازە چاک نابێ. تەنانەت فایلی پزشکەکەشم ناردە دەرەوەی وڵات بەڵام بێ فایدەبوو. دوکتورەکان بە بنەماڵەکەمیان گوتبو کە بیبەنەوە بۆماڵ تا ئەوکاتەی خوا ڕزگاری دەکا چونکە وای لێدێت کە تەنانەت دەستەکانیشی و مێشکیشی چکۆلە دەبێتەوە، دەبێ تەنیا ئاگاداری بکەن، قسەی دوکتورەکان ڕاست بووئێستا کە ئەم چیرۆکەی خۆم بۆ ئێوە دەگێڕمەوە نزیکەی ١٥ساڵە کە لە جێگەدا کەوتووم و تەنیا زمانم دەگەڕێ و هەر بەوهۆیەوە زۆرکات لەتاو ئێشی لەشم دەورو بەرەکەم لە خۆم دەڕەنجێنم. بەڵام تەنیا کەسێک لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەگەڵ ئێش و ئازارەکانم شەریک بووە و تەحەمولیان کردوم بنەماڵەکەم بوون و بەتایبەت دایکی خۆشەویستم، پاک و خاوێنی ڕاگرتووم و هەموو ناخۆشییەکانمی بە گیان کریوە. خودای گەورە پاداشتی بداتەوە.



**Pari Kariminia**

# ژن لە دنیای نێت دا

**ئامادەکردنی: سەرگوڵ شابازی**

## ویبلاگی «هەوارەکەم»

ئەم ویبلاگە لەلایەن خاتوو شنۆ مێهرپەروەروە بەڕێوە دەچێ.
خاتوو شنۆ مێهرپەروەر کە بۆماوەی چەندین ساڵ لە ریزکانی حیزبی دیمۆکرات دا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا کاری کردووە، لە بواری نووسین و وەرگێران لەسەر پرسەکانی ژنان قەڵەمێکی دیاری هەیە.
«هەوارەکەم»کە نووسینەکانی بەزمانی کوردییە و زۆربەی نووسینەکانی ناوبراو لەخۆ دەگرێ و لەم سۆنگەیەوە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر پرسە گرنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ.
(فەیسبووک کات بەسەربردنە، یان کەڵک وەرگرتن؟، خەتەنەکردنی ژنان، ژن و خەباتی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن و توندوتیژی، بۆچی ژن وەک هێمای ئاشتی ناودەبرێت؟، عەیبە تۆ قسەمەکە) ئەمانە بەشێکن لە نووسینەکانی خاتوو شنۆ و هەوڵ دەدات بە باشی شییان بکاتەوە و بیانخاتە ڕوو.

***

## «سیمین نامە»




ویبلاگێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبییە کە لەلایەن چالاکی بواری ئەدەبیات خوشکە«سیمین چایچی»یەوە بەڕێوە دەچێت.
خاتوو سیمین بەم شێوەیە وەسفی ویبلاگەکەی دەکا: «دەڵاقەیە بۆ پێوەندییەکی تر، ساکارو خۆمانە.
ئەم ویبلاگە زۆربەی شێعرەکانی ناوبراو لەخۆ دەگرێ کە بەدوو زمانی کوردی و فارسی نووسیوویەتی. لە یەکێک لە شێعرەکانی دا هاتووە:

مەگری با چیا نەلەرزێ
با زامی بێ هێلانەیی مەلەکان نەکولێتەوە
با من نەشکێمەوە
بە نەرمە شنەی هەناسەت.
نەفرین مەکە
دیوار بێتاوانە دایە
سەقف بێتاوانە
تەنانەت پەنجەرەش کەبە حەسوودیەوە
ڕێگری بەیانی باشی هەتاوە

## ویبلاگی «پەری کەریمی نیا»

**ویبلاگی «پەری کەریمی نیا»** کە بەناوی خودی نووسەرەوە ناوی نراوە، زۆربەی بابەتەکانی بە زمانی کوردییە.
ئەم ویبە کە زۆربەی نووسینەکانی خاتوو پەری کەریمی نیای تێدا بڵاو کراوەتەوە، هەروەها بەشێک لە وتووێژو وەرگێرانەکانی ناوبراویشی لەخۆ گرتووە.
هەر لەم ویبلاگەدا چەند کتێبێکی نووسەر لینکی جیاوازیان بۆ کراوەتەوە کە دەتوانین ئاماژە بەم کتێبانە بکەین: (سرینەوەی لاپەڕەی سپی، جووجیلە، قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن)تەرخان کردوە.

## داوای هاوکاری

بۆ ئەوەی نۆرمەکان و پێوەرەکان لە ڕوانگەی نوێوە دابڕێژینەوە بۆ دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ کۆمەڵگەیەک کە تێیدا تاکەکان سەروەر و خاوەن دەسەڵاتن بەسەر چارەنووس، کردار، لەش و بیرکردنەوەی خۆیاندا، بۆ درووستکردنەوەی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا نۆرمەکان و پێوەرەکان بە ڕوانگەیەکی سالم و یەکسان دروست بکرێنەوە،پێویستمان بە هاوکاری ئێوەیە. بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و چالاک بەشداربن لە پێشگرتن و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کاریگەریتان هەبێ لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان، تەندروست و مرۆیی بە نووسینی وتار، لێکۆڵینەوە، و ناردنی هەواڵ لەسەر باسە کۆمەڵایەتییەکان کە گرێدراون بە کێشەی ژن، منداڵ، گەنج و... گۆڤارەکەمان دەوڵەمەند بکەن.

# فلۆڕانس نایتینجێڵ

# (Florance Night–Ingale)

ئامادەکردن: شەونم هەمزەیی

سالّی (١٨٥٠)ی زایینی شۆڕشێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، بەڵام چۆن شۆڕشێک، بەدوور لەو شۆڕشانەی کە لە لاپەڕەکانی کتێبە مێژووییەکاندا خوێندوومانەتەوە. چرپە و دەنگی ئافرەتێکی لاو و خاوەن جوانییەکی لەرادەبەدەر کە بەوپەڕی باوەڕ بە خۆبوون بەرانبەر کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی سەردەمەکەی خۆی ڕاوەستاو باشترین ڕێگای لە پێناو خزمەت کردن بە مرۆڤایەتی هەڵبژارد. بەبێ لێکدانەوەی بیروباوەڕو هەژاری و دەوڵەمەندی و جوانی و ناشیرنی، هەروەک خۆی دەڵێت لە سەرەتای ساڵەکانی ژیانمدا لەسەر ئەم زەویە بەرینە شتێکم نەدەدۆزیەوە کە شایانی ئەوە بێت لە پێناویدا بژیم، ئارەزووم بۆ هیچ نەدەچوو تەنیا مردن نەبێت کە بۆ ڕزگاربوون لەژیان بە تاکە ڕێگام دەزانی. زۆر گەڕام، پەیوەندی هاوڕێیەتیم زۆر تاقی کردەوە و زۆر شتی دیکە، بەڵام هیچم نەدۆزیەوە، خوایە گیان دەبێ پاشە ڕۆژم چی بێت، بۆچی منت دروست کردووە. تەمەنی لە (٣٠) ساڵ تێپەڕاندبوو، لەژیاندا خاوەنی هەموو شتێک بوو، سەر بە خێزانێکی دەوڵەمەند و ناودار و زیرەک و خوێندەوار کە لە زۆربەی کچانی سەردەمەکەی شارەزاتر بوو، سەرەڕای ئەمەش جوانییەکی لە ڕادەبەدەر لە ڕووخسار و دەروونیدا بەدی دەکرا، (٥) ساڵی تێپەڕ نەکرد سەرکردایەتی شۆڕشی ناسراو بە (فلۆرانس)ی کرد و لە ئاستی جیهاندا بوو بە کەسێکی ناوداری سەردەمی خۆی، بۆیە فلۆرانس نایتینجێڵ تا ئێستاش وێنەکەی لە دڵ و چاوی هەموو مرۆڤایەتی دا بەرز ڕادەگیرێ و چەپکە گوڵی ڕێزو وەفاداری لە ساڵڕۆژی یادەکەی دا پێشکەش بە ئەو و هەموو ئەو ئافرەتانە دەکرێت کە ڕێبازەکەی ئەویان گرتۆتە بەر.

فلۆرانس بە خانمە چرابەدەستەکە ناوبانگی دەرکرد، کە هەموو تەمەنی گەنجی خۆی لەم ڕێگەیەدا دانا، بەردەوام لەسەر پێ و چرایەک بەدەستەوە بە نێو بریندارەکانی شەڕدا دەهات و دەچوو و ئازاری لە جەستەی شەکەت و ماندوویان لادەبرد. فلۆرانس ڕێگەی بۆ هەزاران ژنی وەک خۆی خۆش کرد تاوەکوو پیشەی پەرستاری هەڵبژێرن.

پێش دەرکەوتنی فلۆرانس وێنەکان چۆن بوون؟ پیشەی پەرستاری چۆن دەبینرا؟ نەخۆشخانەکان چۆن بوون؟ نووسەر و دانەری بە ناوبانگی ئینگلیزی (تشارلز دیلنز) دەڵێ پیسترین و کۆنترین بینایان دەکردە نەخۆشخانە لەڕاستیدا نەخۆشخانەکان دەبوون بە مەیخانە و ئەو پەرستارانەش وەک مەی گێڕێک ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا، کاتێک فلۆرانس هات ئەم بینا ناخۆش و پیسانە کران بە بینایەکی پاک و



ڕووناک، ڕۆژانە ژوورەکان بە ماددەی خاوێن کەرەوە دەشۆران و پەرستارەکانیش هەمووی بە جلوبەرگی سپی-یەوە وەک فریشتە هاتووچۆیان دەکرد. فلۆرانس لە (١٢) ی مانگی مای ساڵی (١٨٢٠)ی زایینی دا لە دایک و باوکێکی ئینگلیزی لە شاری فلۆرانس لە ئیتالیا لە دایک بووە، ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نازناوی شارەکەی کە تێیدا لە دایک بووە. فلۆرانس ملی بۆ داوەکەی دایک و باوکی کەچ نەکرد، باوەڕ ناکرێت دایک و باوکی چەندە ئازاریان چێشت کاتێک فلۆرانس پیشەی پەرستاری هەڵبژارد، چونکە لە خێزانێکی دەوڵەمەند و ناوداری شارەکەی بوو و پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەویان لەگەڵ سەرجەم مرۆڤە پایەدارەکانی شارەکەدا هەبوو. لەبەر ئەوانە بنەماڵەی فلۆرانس پێیان شەرم بوو کچەکەیان ئەم پیشەیە بکات، دایک و باوکی بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان

دەدا ئەم پیشەیە لە بیری ئەو ببەنەوە و لەبەر ئەوەش لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ گەشتوگوزار ناردیانە دەرەوەی شار، بەڵام ئەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئۆگری بە پیشەکەی زیاتر دەبوو، تاوەکوو خۆی لە گەیاندە وڵاتی بریتانیا. فلۆرانس پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی بە هەیبەت بە ناوی(سیدنی هێربرت) پەیدا کرد کە کاریگەری لەسەر ژیانی ئەویش هەبوو، سیدنی پێشتر وەزیر و هەروەها خاوەنی ژن و منداڵ بوو.

فلۆرانس لە دەروونیدا هەستی بە شتێکی شاراوە دەکرد کە ئەویش خۆشەویستی بوو بەرانبەر بە سیدنی، بە هەمان شێوە جوانی و نەرمونیانی و ڕووخۆشی فلورانسیش وای کرد کە سیدنیش هەمان هەستی بۆ ئەو هەبێت. بەڵام زۆری نەخایاند فلۆرانس لەم خەوە بە ئاگاهات و هەستی بەو ئازارە دەروونییە دەکرد کە لە نێو خێزانەکەی سیدنی دا هاتبۆ ئاراوە، بۆیە پێی شەرم بوو جارێکی دیکە ببێتە مایەی ئازار بۆ هاوڕەگەزێکی خۆی و خێزانەکەی سیدنی لەو ئازارە دەروونییە ڕزگار کرد و خۆشەویستەکەی بۆ گەڕاندەوە، بەڵام دەتوانین خۆشەویستی نێوان سیدنی و فلۆرانس بۆ ئەو کێبەرکێ و ململانێیەی ئەوان بگەڕێنینەوە کە لە پێناو خزمەت بە مرۆڤایەتی دەیانکرد و وای کرد زیاتر یەکتر بناسن و یەکتریان خۆش بوێت. لێرەدا فلۆرانس بۆ دیاری کردنی پیشەی ژیانی لە نێوان (نووسین و شووکردن و پەرەستاری)دا پیشەی پەرەستاری هەڵبژارد و ئەوی لە دوو ڕێبازەکەی دیکە بەرزتر نرخاند. لە ژیانیدا بە مەبەستی سەرکەوتنی زیاتر لە پیشەکەی دا و خزمەتکردنی زیاتر بە مرۆڤایەتی سەردانی گەلێک وڵاتی جیاوازی کرد. لە ساڵی (١٨٤٩) دا لەگەڵ باوکی بە زۆر لە وڵاتاندا گەڕا و سەردانی نەخۆشخانەی (کایزەر زۆرس) ی کرد کە ئەو کات زۆر بەناوبانگ بوو. ساڵی (١٨٥١) ئاواتەکانی هاتنەوە دی و دیسان سەردانی ئەم نەخۆشخانەیەی کردەوەو بۆ ڕاهێنانی باشتر ماوەی (٣) مانگ لەوێ مایەوە، بەڵام پێی وابوو کە ئەمە بەس¬ نیە، بۆیە بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ ڕاهێنان و دەسکەوتنی زیاتر شوێنێکی دیکە بدۆزێتەوە. بڕیاری دا گەشتێک بۆ پاریس بکات و بچێتە پاڵ (کۆمەڵەی کچانی بە بەزەیی) و ماوەیەکیش لەوێ مایەوە، بە هۆی نەخۆش کەوتنی نەنکی لەسەر داوای خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و تا ڕۆژی مردنی خۆی چاوەدێری و خزمەتی کرد.

لە ساڵی (١٨٥٣) دا بوو بە هاندەری دامەزراندنی پەیمانگایەک و ناوی لێنا(پەیمانگای ژنە ڕێزدارەکان بۆ چاوەدێری نەخۆش)، بۆخۆی بوو بە سەرۆکی ئەم پەیمانگایە و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا و بە هەموو شێوەیەک گرینگی بە نەخۆشخانە و نەخۆشەکان دەدا. لە هەموو لایەنێکەوە نەخۆشەکان هەستیان بە ئارامی دەکرد و بۆ ئەو خزمەتە مەزنەی پێشکەشیان دەکرا سوپاسگوزاری (فلورانس) و هاوڕێکانی بوون. یەکێک لە ئەرکەکانی دیکەی فلۆرانس کە بەجێی گەیاند ئەوە بوو کە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لە بەرەکانی شەڕدا بەشداری دەکرد و چاوەدێری بریندارەکانی دەکرد و لە ماوەیەکی کورتدا توانی ڕێژەی مردن لە (٤٢٪) بۆ (٢٪) دابەزێنێت کە ئەوەش بۆ فلۆرانس سەرکەوتنێکی گەورە بوو، دەسەڵاتیش بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی دەکرد و ئەوەش مایەی خۆشحاڵی فلۆرانس و هاورەگەزەکانی بوو کە ئافرەتێک لەو مەیدانەدا خاوەنی یەکەم قسە و دوا قسە بێت و هیچ کات قسەکانی پشت گوێ نەدەخرا.

فلۆرانس بە هۆی ئەو هەمووە هەوڵ و ماندوو بوونانەی لە لایەن شاژنی بەریتانیاوە سڵاوو دەست خۆشانەی بۆ هات. بۆ یەکەم جار بۆ ئەو خزمەتە گەورەی بەرانبەر مرۆڤایەتی دەیکرد نیشانەی ئافرەتێکی نموونەی پێ بەخشرا.

لە ناکاو فلۆرانس نەخۆش کەوت و تووشی پەتایەکی بەهێز بوو ئەو نەخۆشیەی کە گیانی سەدان کەسی لێ ڕزگار کردبوو، بەڵام قەدەر نەیویست ژنێک کە کە هەموو ژیانی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا تەرخان کردبوو نەمێنێ و فلۆرانس چاک بۆوە. بە هۆی ئەو نەخۆشیە توانایی جەستەیی لاواز بۆوە و جوانی-یەکەی جارانی نەما و قژە جوانەکەی هەڵوەری.

فلۆرانس پاش کۆتایی شەڕ کە (٢) ساڵی خایاند بۆ لەندەن گەڕایەوە، دەستی کردەوە بە پێراگەیشتن بە نەخۆشخانەکانی شارەکەیان. فلۆرانس یەکەم ژن بوو کە لە ساڵی (١٩٠٧) ئەوکاتەی تەمەنی نزیکەی (٩٠) ساڵ بوو و چاوەکان و یادەوەرییەکانی کز ببوون نیشانەی ڕێزو پێزانینی پێ بەخشرا.

لە (١٣)ی ئاگۆستی ساڵی (١٩١٠) فلۆرانس پاش ئەوەی لە ژێر سەرینەکەی دا نامەیەک بەجێ مابوو و تا ئەو ڕۆژە چەندین ساڵ بوو پاراستبووی کۆچی دوایی کرد، نامەکەش نامەی شاژنی بەریتانیا بوو کە تێیدا دەڵێ(بەڕێزەکەم کاتی گەڕانەوەت لە بەرەکانی شەڕدا زۆر خۆشحاڵ دەبم بتبینم، خۆم بە بەختەوەر دەزانم چاوم بە ژنێک بکەوێ کە نموونە و پێشڕەوە بۆ هەموو هاورەگەزەکانی خۆی. داواکارم لە یەزدانی مەزن بتپارێزێت و تەندروست بی، بەڵێن بێت لە هەموو کات دا هاورێیەکی وەفادار بم بۆت) (ڤیکتۆریا). هەر بۆیە پاش گەیاندنی هەواڵی مەرگی فلۆرانس بە ڤیکتۆریا فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ماو پڕ بە دڵ گریا. فلۆرانس لە پێناو کەم کردنەوەی ئازاری نەخۆش و بریندارەکانی کاتی شەڕ ژیا و مرد، کاتێک تەمەنی گەیشتبوو بە (٩٠) ساڵ چاوەکانی کز ببوون، ڕۆژێک لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو بە یەکێک لە هاوڕێکانی گوت ئەم یادەوەرییەی بۆ بنووسێتەوە: (ئایا سەیر نییە ئەمڕۆ تەمەنم گەیشتۆتە (٩٠) ساڵ و نامەوێت ئەم ژیانە کە بەشداریم لە دروست کردنیدا کردووە جێ بهێڵم. فلۆرانس کۆچی دوایی کرد، بەڵام پاش ئەوەی ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست کەوت کە لە سەرەتای ژیانیدا هەموو کات لە خۆی دەکرد(من بۆچی دروست کراوم؟)

بەو خزمەتە گەورەی فلۆرانس لە ماوەی ژیانی دا پێشکەشی کرد مرۆڤایەتی تا هەنووکەش سپاس و ستایشی دەکەن، منیش بەو بۆنەیەوە دەڵێم هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی فلۆرانس و هەموو ئەوانەی ڕێبازی ئەویان گرتۆتە بەرو خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن.

سەرچاوە: چەند گۆڤارێکی پزیشکی

## کەیبانوو

خۆینەرانی بەڕیز!

بۆ ئەمجارەی لاپەڕەی «کەیبانوو»، چۆنیەتیی سازکردنی {شیرینیی ماڵی}مان خستۆتە بەر دیدی ئێوە خۆشەویستان، کە



خاتوو سووری پەیرەوان چۆنیەتیی دروست کردنی ئەمجۆرە شیرینییە بەتامەمان بە وردی بۆ باس دەکا. بەڵێ خوێنەرانی خۆشەویست، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣٠/١ چووینە خزمەت ئەو خاتوونە بەڕێزە تاکوو شێوەی ساز کردنی ئەو شیرینییەمان بۆ شیبکاتەوە. ئەمن کە لەو شیرینییەم خوارد زۆر بەلامەوە بەتام و چێژ بوو و سازکردنەکەشی زۆر ئاسان بوو، لەوانەشە ئەو خاتوونە زۆر خۆشی ساز کردبێ، هەرچۆنێک بێ زۆر خۆش و بەتام بوو و دەستخۆشی لێدەکەم، هەر بۆیە ئێوە خوێنەرانیش دەتوانن زۆر بە سانایی سازی بکەن و چێژی لێوەرگرن.

**پێداویستییەکان:**

ڕۆنی نەباتی (ڕۆنی بەستوو) ١ لیوان
ئارد ١ لیوان و نیو تا ٢ لیوان
شەکری هاڕاو یان خاکەقەند ١ لیوان
پێستی پرتەقاڵ (بۆ بۆن خۆشی)



**شێوەی دروست کردن:**

سەرەتا دەبێ ڕۆنەکە لەگەڵ خاکەقەندەکە یان لە گەڵ شەکرە هاڕاوەکە تێکەڵ بکەی و جوان لێکی بدەی تاکوو وەک کریمی لێدی. بۆ بۆن خۆشی کەیکەکە کەمێک پێستی پرتەقاڵیشی تێدەکەی، ئەوجار ئاردەکەی کەمکەم تێدەکەی و جوان لێکی دەدەی. پاشان بە سەری پەنجە بەباشی دەیشێلی تاکوو وەک هەویری نەرم و شلی لێدەردێت و وایلێبێ بە دەستەوە نەنووسی. دواتر وەک ئەنگوتک بەڵام بە ئەندازەی گوێزیک دانەدانەی دەکەی، ئینجا کەشەفی فێرەکەی بۆ چەور دەکەی و کاغەزێک لەناو کەشەفەکەش ڕادەخەی ئەوجار ئەو خەمیرەی کە دانەدانە و بە قەرای گوێزێک سازمان کردووە، لە سەر فێرەکە دەیچنین و دەیخەینە ناو فێرەکە.
هەڵبەت بۆ ڕازاندنەوەی شیرینییەکە دەتوانن لە هەر شتێک پێتان خۆش بوو، کەڵک وەرگرن.
پێویستە بگوترێ، ئەمجۆرە شیرینییە هەروەک لە ناوەکەی ڕا دیارە دەکرێ لە ماڵەوە سازی بکرێ.

**ئامادەکردنی مەندانە حەبیبزادە**



سەرەتا دەست خۆشی و ماندوونەبوونی لە ئێوە بەڕێزانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان، لە ڕێگای ئێوەش ڕێزو سڵاو دەنێرم بۆ خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەتان.
من ئەسرین وەنەوشە لە ساڵی ١٣٦٢ لە دایک بووم و ژیانی منداڵیم هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ژیانی شۆڕش تێکەڵاو بوو، بەهۆیئەوەی کە بابم لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.
لە دوای پێک هێنانی ژیانی هاوبەش بۆماوەیەک لە نەخۆشخانەی حیزب خەریکی کاری دەرمانی بووم، لە ساڵی ٨٥ دەستم لە کاری دەرمانی هەڵگرت و وردە وردە لە ڕێگایی دایکم دەستم کرد بە کاری خەیاتی و لە ساڵی ٨٧ دەورەیەکی خەیاتی کە یەکیەتیی ژنان ئامادەی کردبوو، بەشداریم کردو هەتائێستا بەردەوام لە سەرکاری خەیاتیم.
دەست بەکارکردنم بۆ خەیاتی دەکرێ چەند هۆکاری هەبێ، کە یەک لەوانە دەتوانم ئیشارەی پێبکەم ئەوەیە کە کاتەکانی بێکاریم بە کارکردن لە خەیاتی پڕ دەکەمەوە و بۆتە سەرگەرمییەک بۆ ڕۆژانەم، لەهەمانکاتدا دەکرێ بڵێم وەک سەرچاوەیەک بۆ هاوکاری بنەماڵەکەم بۆ بژێوی ژیان چاوی لێ بکەم و بە کاری خەیاتی دەتوانم هاوکاری هاوسەرەکەم بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خۆم و منداڵەکانم.



ئەوە نموونەیەکە کە باسی دەکەم: بۆ شێوەیی بڕینی کراسی ماکسی(قەسری) بۆ یەک ماکسی میزانی ٢/٥ میتر پارچەی لازمە بۆ لە پارچەی وەک ئیستریچ و کشمیر و مەخمەڵ ئەو ئەندازەیە کە بۆ دوورینی ماکسییەکە دەمانهەوێت درێژایی لە شان تا داوێن.
سەرشان و ژێرباڵ و دەوری کەمەر و درێژایی قوڵ دیاری دەکەین و پارچەکە بەشێویی دوولایی دایدەنێین بە شێوەیی هەشت تەرک دەدورین و سینگەکەی لە سەر داوای کەسەکان هەریەکە و بە شێوەیی داواکراوی خۆیی، دەدورین.
ئەوە نموونەیەیی کە ئامادە کراوە یەخەی گرییە،

**ئامادە کردنی: سروە فەتاحی**

زانستی

# پێست و باری دەروونی

## ئەو خەمەی بەفرمێسک دەرنابڕدرێت وا لە ئەندامەکانی لەش دەکات بگرین

**(هنری مودزلی)**

**سامان سیوەیلی**

پێستی مرۆڤ وەک گەورەترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ وێڕای ئەوەی ڕواڵەتی دەرەوەی مرۆڤە لەهەمان کاتدا دەکرێت وەک ئاوێنەیەک لێیبڕوانرێت کە ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی مرۆڤ بێت و هەڵچوون و هەست و نەست و سۆز و کێشمەکێشەکانی ناو دەروون دەربخات. پێست و کۆئەندامی دەمار هەردووکیان لەچینی دەرەوەی پێکهاتەی کۆرپەلەوە دروست دەبن، هەروەها پێست زیاتر لەهەموو ئەندامەکانی تری جەستە دەمار و وردیلە دەمار و بۆریچکە و مولوولەی خوێن لەخۆ دەگرێت، ئەو پێوەنی ڕاستەوخۆیەی پێست هەیەتی لەگەڵ کۆئەندامی دەمار و ئەو ڕژێنانەی زیندە مادە دەڕێژن لە سوڕی خوێندا وایکردووە کە بەدوو ئاڕاستە کارلێکردن ڕوووبدات، لەلایەک لەهەندێ باردا کە باری دەروونیمان شڵەژا و تێکچوو ئەوە پێستیش پشکی خۆی بەردەکەوێت و گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات، لەلایەکی ترەوە زۆر جار تێکچوونی پێست و هەندێ نەخۆشی تایبەت بەپێست کار لەباری دەروونیمان دەکەن ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێتەوە کە نەک هەر نەخۆشیەکانی زامی گەدە و ڕیخۆڵە و شەکرە و فشاری خوێن و تەنگە نەفەسی و هەندێ جۆری پشت ئێشە و ڕوماتیزمی جومگەکان و ... تاد، زادەی فاکتەرە دەروونییەکانن، بەڵکو تەنانەت هەندێ نەخۆشی تایبەت بە پێستیش بەهەمان شێوە دەرئەنجامی فاکتەرە دەروونییەکانن و تێکڕا هاوشانی ئەو نەخۆشیانەی ئاماژەمان پێدا دەکەونە لیستی نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکانەوە.

ئەم پەیوەندییەی نێوان دەروون و جەستە دووبارە ڕاماندەکێشێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە جەستە و دەروون دوو یەکەی جیاوازنین لەیەکدی بەڵکو هەردووک پێکەوە یەکەیەکی یەکانگیر پێکدەهێنن و تێکچوونی لایەکیان کار لەلاکەی تر دەکات.

سادەترین نموونە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان پێست و باری دەروونی ئەو بۆچوونانەیە کە لەئاخاوتنی ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانبیستین، فڵان کەس لەترسدا ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، ئەویتر لەخەفەتدا ڕەنگی ڕەش داگیرساوە، لەشەرمدا سوور هەڵگەڕا، لەتەریقیدا زەرد هەڵگەڕا و ... تاد. تێکڕا ئەم دەستەواژانە لەئاخاوتندا گوزارشت لە کارتێکردنی هەڵچوونەکان دەکەن لەسەر پێست. ئەم کارتێکردنانە لای کەسانی ئاسایی ڕوودەدەن، بەڵام لای ئەو کەسانەی کە هەڵچوونە دەروونی و ململانێ ناوەکیەکانیان بۆ ماوەی درێژ دەمێننەوە و دەچەپێندرێن ئەوە بێگومان ئەم ڕەوشە کار لە ناوەندە کۆئەندامی دەمار و کوێرە ڕژێنەکانیان دەکات، ئەمانیش لەڕێی خۆیانەوە لە چەند جۆرێک لە نەخۆشی پێستدا بەرجەستەی دەکەن، نموونەی هەندێ لەو نەخۆشیانەی پێست کە لەئەنجامی فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ و تووڕەبوون و هەڵچوونە بەتینەکانی ترەوە سەرهەڵدەدەن: ئەکزیما ( Eczema دەرکەوتنی پەڵەی سوور لەسەر پێست) ، پێست خوران، زیاد دەردانی ئارەقە، هەندێ جۆری قژ هەڵوەرین، دەرکەوتن و زیادبوونی زیپکە، سەدەف و گەلەێک نەخۆشی تر. ڕاڤەکردنی دەروونیانەی نەخۆشیەکانی پێست لەزۆر باردا یارمەتیمان دەدا لەتێگەیشتنی فاکتەرە دەروونییەکانی پشت نەخۆشییەکە، بۆ نموونە، قژ هەڵوەرینی منداڵ وەک باوە لەپاش تووشبوونی منداڵ بەخەم و پەژارەوە ڕوودەدات کەبەهۆی لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویستیەوە کە لەڕووی سۆزەوە پابەند بووە پێی تووشی دەبێت، هەروەها سەرهەڵدانی نەخۆشی ئەکزیما لە منداڵدا گوزارشتە لە بێ بەشبوون، یان کەمی سۆز و خۆشەویستی بەخشراو بە منداڵ، بەڵام قژ هەڵوەرین لای گەورەکان بەتایبەتی ئەوجۆرەی بە (الثعلبة) ناسراوە گوزارشت لە هەستی شەڕەنگێزی و ترس و تووڕەبوون دەکات کە نەتوانراوە دەرببڕدرێت و هەرکاتێک هەلی دەربڕین ڕەخسا بۆ ئەم هەڵچوونانە ئەوە حاڵەتەکە بەرەوباشی دەچێت و مووەکانی سەر گەشە دەکەنەوە. هەروەها نەخۆشی پێستی دیکە وەک دەرکەوتنی ئەو پەڵانەی کە ئارەزوویەکی بەتین بۆ خوراندن هاوەڵی دەکات ئەوە هێمایە بۆ گریانی چەپێندراو واتە ئەو گریانەی لەناخدا پەنگ دەخواتەوە و فرمێسکەکان ڕێچکەی هاتنە دەرەوە ناگرن.

ڕوویەکی تری پەیوەندی پێست بەباری دەروونی مرۆڤەوە بریتییە لە کاریگەری پێست لەسەر باری دەروونی، هەندێ جار بوونی شێواویەک، یان پەڵەیەک یان هەرشتێکی تر لەسەر پێست دەبێتە هۆی ژانکۆیەکی گەورە بۆ کەسەکە و تووشی باری دەروونی ئاڵۆزی دەکات کە هەندێ جار دەگاتە ئەوەی لێیدەبێت بەگرێی دەروونی و بەئەندازەیەک کار لەڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی دەکات کە خۆی گۆشەگیر دەکات و لەهەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان دەسڵەمێتەوە و ئەم حاڵەتەی دەبێتە خەمی گەورە و سەرقافڵەی هەموو بایەخپێدانەکای ژیانی، ڕەنگە ئەم زانکۆ دەروونییە دووبارە ببێتەوە



بەفاکتەرێک بۆ زیاد بوونی هەڵچوونەکانی پێست و ئاڵۆزبوونی باری پێستی کە خۆی لەدەستی دەناڵێنێت، یان هەندێجار بەهۆی مامەڵەکردنی دەوروبەر لەگەڵ کەسەکەدا کە خۆیان بەدوور دەگرن لە تەوقە کردن لەگەڵ کەسەکەدا، یان لەبەکارنەهێنانی کەلوپەلەکانی وادەکات کە کەسەکە زیاتر نیگەران بێت لەڕووی دەروونییەوە. جاری وا هەیە کەسانێک بە ڕەنگی پێستی خۆیان قایل نین و هەوڵی گۆڕینی ڕەنگی پێست دەدەن، یان ئەو هەرزەکارانەی کە پێستیان تووشی دەرکەوتنی زیپکە دەبێت زۆربەیان (بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا) کاتێکی زۆر بەشتنی دەموچاو و بەکارهێنانی جۆرەها سابونی تایبەتی و کرێم و مەرهەم و مادەی تر خەرج دەکەن و هەمیشە لەهەوڵی پەیداکردنی مادەی نوێ و ڕێگەی نوێدان بۆ کەمکردنەوەی ژانکۆکانیان کە لەدەست تێکچوونی پێستیانەوە تووشیان هاتووە و پێی نائارام بوون، ڕەنگە دەرمانخانە و پزیشکە پسپۆڕەکانی جوانکاری و ساڵۆنەکانی جوانکاری باشترین گەواهی بۆ ئەم ڕاستیە بن.

بەگشتی پەیوەندی نێوان ژیانی دەروونی مرۆڤ و پێست پەیوەندیەکی فرە لایەنە کەدەکرێت لەچوار پۆلدا کۆبکرێنەوە:

یەکەم: ئەو تێکچوون و نەخۆشیانەی پێست کە هۆکاری دەروونی فاکتەری سەرەکییە لەڕوودانیاندا. دووەم: ئەو تێکچوونانەی پێست کە هۆکارە دەروونییەکان دەبنە فاکتەرێک لە زیادبوون و درێژخایاندنی تێکچوونەکەی پێست.

سێیەم: ئەو تێکچوونانەی پێست کە ناڕاستەوخۆ بەهۆی نەخۆشی دەروونی، یان ژێرییەوە لەڕێی بەکارهێنانی داوودەرمانی ئەم نەخۆشیانەوە پەیدا دەبن.

چوارەم : ئەو نەخۆشیانەی پێست کە لەڕووی بۆماوەوە وابەستەی هەندێ نەخۆشی دەروونی نین.

ماوەتەوە بڵێین بۆ ئەوەی خۆمان لەم تێکچوون و تەنگژە دەروونیانەی ئەم ڕۆژگارە ڕزگار بکەین بەوانەشەوە کە تووشی پێستمان دەبن باشتر وایە هەنگاوی خۆپارێزی هەڵنێین و خۆمان لەسەرچاوەکانی دڵەڕاوکێ و نائارامی و پەشێوی بەدوور بگرین و واز لە هیوا و خواستی ناواقیعی بهێنین تا دوور بکەوینەوە لە فشارە دەروونییە زیادەکان و بەرەزامەندییەوە لە شێوەی هەڵکەوتووی خۆمان بڕوانین و ڕەشبینی وەلانێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سایکۆلۆژی

# قازانجەکانی تەڵخون و تەماتە

ئا: دایکی نارین

تەڵخون یەکێکە لەو سەوزییانە کە زۆرترین کەڵکی لێ وەردەگیرێ و وەک گیایەکی بۆندار لەزۆر خواردن دا بە کار دەهێنرێ. ئەو گیایە لە سەدەی ١٦یەم دا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئوروپا دەنێردرا.تەرخون جگەلەوەی کە تامو بۆنێکی خۆش بە خواردن دەبەخشێ، ئیشتیا دەکاتەوە و هەروەها چایی تەڵخون باشترین دەرمانە بۆ خەمۆکی. نارەحەتی مێعدە چارەسەر دەکا. ریشەکەی وەک دەرمانێکی سڕکەر بۆ هێدی کردنی ددان ئێشە بەکار دێ. کاتێک ددانمان ئازاری هەیە چەند دانە لە گەڵاکانی بجوین و لەسەر ددانمان رایگرین سڕ دەبێ و هەست بە ئازار ناکەین.



ئەو کەسانەی پەستانی خوێنیان هەیە بە جێگای خوێ کەڵکی لێ وەگرن.

تایبەتمەندییەکانی تەڵخون:

* هێورکەرەوەو خەوهێنەرە.

* ئەو ژنانەی لە کاتی سوڕی مانگانەدا ئازاریان هەیە تەڵخون بە کار بێنن.

* کەڵک وەرگرتن لە تەڵخون ڕۆماتیسم دێنێتە خوارێ.

* چایی تەڵخون بۆ لەنێو بردنی کرمی ریخۆڵەکان بەکار دێ.

***

## قازانجەکانی تەماتە

تەماتە لەو سەوزیانەیە کە جگەلەوەی وەک روب و بە کوڵاوی کەڵکی لێ وەردەگیرێ بە کاڵیش زۆر قازانجی هەیە.

تەماتە ویتامین A و C، ئەسید فولیک و بڕیکی کەمیش ویتامینی لە دەستەی B وەک B١، B٢، B٣، B٥ و هەروەها مادەی مەعدەنی جۆراوجۆری وەک کەلسیۆم، پیتاسیۆم، فسفۆڕ، فیبر، سیدیۆم، گوگرد و هێندێکیش ئاسن هەیە.

تەماتە بۆ لە نێوبردنی بێ هێزی و ماندوویەتی، هەروەها بەهێزبوونی ئەعساب و دڵ و گەڕانی خوێن کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەبەر هەبوونی ویتامین A خواردنی بۆ بەهێز کردنی ئاستی بینین و سلامەتی پێست زۆر قازانجە.



سوودی یەک تەماتەی تازە

کەربوهیرات/ ٥ گرەم

پروتێئین / ١ گرەم

فیبری ڕیژیمی/ ١ گرەم

سیدیۆم/ ٦ میلی گرەم

ویتامینC / ١٥ میلی گرەم

پیتاسیۆم / ٢٩٢ میلی گرەم

# مێکوتە

# chickenpox

ن: د. سيف الدين محى الدين

ئا: ڕەحمان مەحموودی

مێکوتە(chickenpox : vericelle)

نەخۆشیەکی زۆر درمیە(واگیر) و بە زۆری لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار لە نێو منداڵاندا بە شێوەی پەتایەکی کتوپڕ سەر هەڵدەدات و بڵاو دەبێتەوە، بەڵام هێندێک جاریش تووشی گەورەکانیش دەبێت. مێکۆتە بە شێوەیەکی ئاسایی ماوەی هەفتەیەک دەخاینێ. دۆزینەوەی مێکوتە(واکسن) لە جیهان تا ڕادەیەک بۆتە هۆی کەمکردنەوەی تووش بوون بەو نەخۆشیە.

بڵاو بوونەوە: نەخۆشی مێکوتە لە هەمووجیهان دا هەیە،دانیشتوانی ناوچە فێنکەکان تا تەمەنی (١٥)ساڵی ٩٠٪ یان مێکوتە دەگرن،بەڵام لە کاتی قۆناغی گەورەیی ئەو ڕێژەیە داگاتە(٩٥٪). لە وڵاتی خۆمان منداڵان بە زۆری لە تەمەنی قوتابخانە تووشی مێکوتە دابن. لەتەمەنی (١تا١٤)ساڵی٦٢٪

هۆکاری نەخۆشی مێکوتە: هۆکارەکەی ڤیروس(varicellazosxer ) کە لە بنەماڵەی herpes virus . خانەخوێی نەخۆشیەکەش تەنیا مرۆڤە. ماوەی نەخۆشیەکە: ئەو ماوەیە لە چوونە ژوورەوەی ڤیروسەکە بۆ ناولەش تاکو دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیەکە (٢تا٣ حەوتوویە) و زۆرجاریش تەنیا دووحەوتوو دەخاتەنێ.

**نەخۆشیەکە چۆن دەگوازرێتەوە؟**

ئەو نەخۆشیەیە لە ئاکامی تێکەڵ بوون لەگەڵ نەخۆشیەکی تووشبوو بو مێکوتە وبەبەرکەوتنی (تماس)ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بەهۆی دەست لێدانی ئەو ئاوەزڵەیەی کولو تەقینی بلۆقەکانەوە(vesicle) دێتە دەرەوە، یان بە هۆی ئەو دەردراوانەی لەکاتی کۆخین و پشمین لە ناو سیەکان و ڕێڕەوەکانی هەناسەوە دێنە دەرەوە و بەشێوەی پڕیشک و گەرد لەناو هەوادابڵاو دەبنەوە، یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەهۆی کەلوپەلی تازە پیس بوو بە ئاوی زیبکە، یان، پڕیشک و دەردراوەکانی ناو لوولەی هەناسەی نەخۆشەوە دەگوێزرێتەوە.

نیشانەکانی نەخۆشیەکە: نیشانەکانی نەخۆشی مێکوتە لە منداڵاندا بە زۆری سووکە، بەڵام لە گەوران توندو سەختە.

لەسەرەتادا نەخۆش تای دەبێ و نیشانە گشتیەکانی وەکو بێ هێزی و لەش داهێزران و کەم بوونەوەی ئارەزووی خواردنی لێدەردەکەوێ. پاش دوو ڕۆژ زیبکەی سوور لەسەر پشت و ناو پوشەپەردەی(مخاط) نەخۆش دەردەکەون زیبکەکان لە ڕوخسار و تەپە لەسەر و بن باڵ و سنگ و ناو دەم و بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە و پێلووی چاو دەردەکەون پاشان بەهەر چوار پەلەکانیدا بڵاو دەبنەوە، دواتر ئەو زیبکانە دەبنە بلۆقێکی بە خورشات کە(٤-٣) ڕۆژ دەخایەنێ کەلە پێش دا ئاوێکی ڕوونی لێ دەردەکەوێ و پاشان ئەو ئاوە لێڵ دەبێ و ئینجا دەتەقێ و دەبێتە برین و لەماوەی ٢٤ کاژمێر بلۆقەکەش دەگۆرێ بۆ قەتماغەیەکی ڕەق. هەموو زیبکەکان لە ماوەی ٦ ڕۆژدا قەتماغە دەکەن، لەو قۆناغەدا نەخۆش نابێتە هۆی تەنینەوەی ڤیروسەکە و نەخۆشیەکەش لەماوەی(١تا٢) حەوتوو بەتەواوی چاک دەبێتەوە. ئەو کەسەی تووشی مێکوتە دەبێ لەشی بەرگری پەیدا دەکا و جارێکی دیکە تووشی نەخۆشیەکە نابێتەوە خوراندنی ئەو زیبکانە دەبێتە هۆی بەجێ هێشتنی شوێنەوار واتا لە دوایش دا جێگایان دیار دەبێ.

لە دیاردە مەترسییەکانی ئەو نەخۆشییە هەو کردنی سیپەلاک و مێشک و دڵ و جومگەکان، هێندک جاریش لەوانەیە ببێتە هۆی مردن، ئەگەر مێکوتە لە منداڵی کۆرپە و ئەو کەسانەی بەرگری لەشیان بە هۆی نەخۆشییەوە کەم بۆتەوە ڕووبدا ئاکامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.

**کێن ئەوانەی مەترسیی تووشبوون بە مێکوتەیان لە سەرە؟**

هەموو ئەو کەسانەی نەکوتراون، یان پێشتر نەخۆشیەکەیان نەگرتووە ئەگەری تووشبوونیان هەیە، بەڵام ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی لوسیمی Lu cimie بوونە شێرپەنجەی لیمفە شانەکانیان هەیەو ئەو کەسانەش دەرمانێک بەکار دێنن کە دەبێتە هۆی دابەزاندنی بەرگری لەشیان زۆر بە سەختی نەخۆشیەکە دەگرن و هێندێک جاریش لەوانەیە کوشندەش بێ.

ماوەی تەنینەوەی نەخۆشییەکە: لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکە زۆر درێمیە و تەنینەوەی ڤیروسەکە (١ـ ٢) ڕۆژ پێش دەرکەوتنی زیبکەکانی لەش ڕوودەدا، هەروەها بەردەوام دەبێ تاکو هەموو زیبکەکان قەتماغە دەگرن ماوەکەش (٥)ڕۆژ دەخایەنێ.

ناسینەوەی نەخۆشی مێکوتە: نەخۆشیەکە بە نیشانە



سەرەتایەکانی وەک تا، بێ هێزی و هێڵنج دان و دەرکەوتنی زیبکە لە لەش دەناسرێتەوە و هەروەها بۆ دڵنیابوون بە وەرگرتنی ئاوی ناو بلۆقەکان، یان وەرگرتنی خوێنی نەخۆش بۆ گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی ئەو دژە تانەی تازە دروست بوونە دژی ویروسەکە.

چارەسەر: هەرکاتێک دایک هەستی کرد منداڵەکەی تووشی مێکوتە بووە ئەوە بۆ دڵنیا بوون پێویستە منداڵەکەی بەرێتە لای دوکتور، تا ئێستا چارەسەرێکی کاریگەر و تەواو بۆ ئەو منداڵانەی تووشی مێکوتە بوون نییە، بەڵام زۆربەی نەخۆشەکان بۆخۆیان چاک دەبنەوە، هەروەها ئەو دەرمانانەش کە دەدرێتە نەخۆش تەنیا بۆ کەم کردنەوەی نیشانەکانی نەخۆشییەکەیە بەخشینی ئارامیە، بۆ نموونە بۆلابردنی تا ئازار دەرمانی(پاڕاستامۆڵ) و هەروەها بۆ نەهێشتنی خوران دەرمانی دژە هیستامین (Antihistamine ) بەکار دەهێنرێن. دەتوانرێ دەرمانی دژەویروسی وەکو Acyclovir بۆ کەم کردنەوەی نیشانەکانی نەخۆشییەکە بەکار ببرێ بە تاییەتی بۆ ئەو کەسانەی ئەگەری تووش بوونیان بە مێکوتەی توند هەیە بە هۆی نەبوون یا کەم بوونی بەرگری لەشیانەوە.

پێویستە نەخۆش جیابکرێتەوە و گرنگی بە پاک و خاوێنی بدرێ، وا باشە شوێنی نەخۆشەکە فێنک بێ، گەرما و ئارەقە کردن منداڵ پتر نارەحەت دەکا. باشتر وایە نەخۆش جلوبەرگی لووس و فراوان لەبەر بکا و نینۆکی کورت بکرێتەوەو هەروەها شووشتنی لەش بە ئاوی شلەتێن.

خۆپاراستن: بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشی مێکوتە واکسێنی تاییەت دژی نەخۆشییەکە هەیە، بۆیە لەو وڵاتانەی کە نەخۆشی مێکوتە بۆتە گرفتێکی تەندروستی واکسینی دژی میکوتە بۆتە کوتانی بەرنامەی منداڵانەوە ئەو واکسێنە لە هێندیک وڵاتانی وەکو کۆریا، ژاپۆن، میرنشینی عەرەبی و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بەکار دەهێنرێت، ئەگەر منداڵیک تووشی مێکوتە بێ پێویستە پشووی بدرێتێ بۆ ماوەی (٥)ڕۆژ لە قوتابخانە دوور بخرێتەوە، هەتا هەموو زیبکەکانی قەتماغە دەگرن، هەروەها گەورەکان نابێ بچنە شوێنە گشتییەکان و شوێنی کاریان. نەخۆش لە کاتی چاک بوونەوە دەبێ لە هەتاو دوور بخرێتەوە، چونکە هەتاو دەبێتە هۆی دیار مانەوەی جێگا زیبکەکان لەسەر پێست.

# چۆنیەتی کەلک وەرگرتن لە جۆشی شیرین

**ئامادەکردنی:دایکی سیاوەش**

بۆ تازەکردنەوەی زیوەکانتان دەتوانن کەڵک لە جۆشی شیرین وەربگرن:

سەرەتا کەوچکێک جۆشی شیرین لە یەک لیوان ئاودا تێکەڵ بکەن و زیوەکانتان بۆماوەی(٥) خولەک لەناو لیوانە جۆشی شیرینەکەدا بهێڵنەوە، دواتر سەیرکەن چۆن دەدرەوشێتەوە و نوێ بۆتەوە، ئاگاداربن کە زیاتری لە ناودا نەهێڵنەوە چونکە ئەگەری ئەوەی هەیە کە زیانی پێبگەیەنێ، هەروەها دەتوانین بۆ خاوێن کردنەوەی یەخچاڵ و گازەکانتان بەکاری بهێنن بەکەڵک وەرگرتن لەو لیوانە جۆشەشیرینەی کە ماوە بە پەڕۆیەک شتەکانی پێخاوێن بکەنەوە، هەروەها دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین بۆ ئەو جەوهەرەی کە ڕژاوەتە سەر فەرشەکانتان، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز دەبێ یەک



کەوچک جۆشی شیرین و کەوچکێک ماست تێکەڵ بکەن و دواتر بیخەنە سەر ئەو شوێنەی کە جەوهەرەکەی لێ ڕژاوە بۆ ماوەی ١٠ خولەک دواتر بە دەسماڵێک پاکی بکەنەوە.

***

# سوودەکانی بیباری تیژ

بەگوێرەی نوێترین لێکۆڵینەوەیەکی ئۆستراڵی بیباری تیژو بەهاراتە تیژەکانیتر ڕۆڵیان هەیە لە سووتاندنی وزە لە لەشدا، ئەمە سەرەڕایی کۆنترۆڵ کردنی ئاستی قەندی خوێن و ئاستی هۆرمۆنی ئینسۆلین و تاودانی کرداری(میتابۆلزم) واتە کرداری گۆڕینی خۆراک بۆ وزە، ئەمەش دەبێتە هۆی سووتاندنی بڕێکی زیاتری وزە، دەرنجام کێشی لەش بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. مادده گەرینگەکانی ناو بیباری تیژ بەناوی (کاپسیاسین) فاکتەری سەرەکییە لە تاودانی تێکڕایی میتابۆلیزم لە لەشدا و زیاد سووتاندنی کالۆری لە پاش ژەمە خۆراکیەکاندا.



بیباری تیژ ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین لە خوێندا نزم دەکاتەوە، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە هێشتنەوەی قەندی خوێنیش لە ئاستێکی جێگیردا، بیباری تیژ سیفەتی دژە ئۆکسان و دژە هەوکردنی هەیە.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

# ‹‹سوودەکانی خەنە بۆ قژ››

ئامادەکردنی: گەلاوێژ پەیرەوان

ڕەنگ کردنی قژی سەر بەخەنە، باشترین و سرووشتیترین ڕێگایە، هەروەها خەنە بۆ پاراستنی قژ گەلێک بەسوودە، چونکە خەنە قژ نەرم و بریقەدار دەکات و زۆر کێشەی لەنێو دەبات. کاتێک لەخەنە کەڵک وەردەگرین بەدڵنیاییەوە لە زیانی ڕەنگە شیمیاییەکان دوور دەکەوینەوە، بەڵام پێش ئەوەی کەڵک لەخەنە وەربگرین، بابزانین خەنە چییە؟

خەنە: جۆرێک گیای گوڵدارە کە هۆکاری ڕەنگی ئەو لەگەڵاکەی دایە، کە ڕەنگی خەنە تەنیا بۆ ڕەنگی قژ کەڵکی لێ وەرناگیرێ، بەڵکو بۆچەند شتێکی تری وەک ڕەنگکردنی (ئاوریشم)، چەرم و پەشم کەڵک وەردەگرن.

چەندخاڵێکی گرینگ:

- خەنە بۆ نەرم کردن و خاوکردنەوەی قژ زۆرباشە.
- خەنە لە ئاڵۆزی و شێواوی قژیش بەرگری دەکات.
- خەنە چارەسەرێکی زۆرباشە بۆ شوورەی سەر.
- سەرنجام خەنەی سروشتی هیچ جۆرە زیانێکی نییە.
- پێویستە ئەوە بزانین کە خەڵکی ئاسایی بەخەنە حەساسیەتیان نییە.
- تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە تووشی کەمی‹‹گلوکزدی هیدوزنیت فسفات›› بوون.

ڕەنگ کردنی قژ بەخەنە ڕابردوویەکی دوورودرێژی هەیە، کە تائێستاش لە زۆر شوێنی دنیا بەگشتی و کوردستانی خۆشمان بەتایبەتی کەڵکی لێ وەردەگرن.

هەر وەک دەزانین کە سوود وەرگرتن لە خەنە کارێکی ئاسان و سادەیە، بەڵام ئەگەر ئەم خاڵانەی خوارەوە وەبەرچاو بگرین لە کاتی بەکارهێنانی خەنە، ئەوە دەتوانین هیچ نەبێت لە سەرەکیترین سوودەکانی خەنە سوودمەند بین.

١ دەبێ ئەوە بزانین کە لەکاتی ڕەنگ کردنی قژ بەخەنەی سروشتی قژ ڕەنگی(سوور) دەبێت.

٢ کەڵک وەرگرتن بەبەردەوامی لەخەنە، سپی بوونی قژ بەشێوەیەکی باش دوا دەخات.

شێوەی گرتنەوەی خەنە:

بە گوێرەی پێویست واتە بەپێی درێژو کورتی قژەکە، خەنە دەکەینە ناو قاپێکەوەو پاشان ئاوی تێدەکەین، ئەگەر ئاوەکە گەرم بێت زۆر باشترە ئەوجار بەباشی لێکی دەدەین تا وەک هەویرێکی نەرم و شلی لیدێت، پاشان لە جێگایەکی گەرم دایدەپۆشین بۆماوەی چەند سەعاتێک دایدەنێن تا ڕەنگ دەداتەوە و دواجار بەکاری دێنین.

تێبینی:

زۆرجار لەجێگای ئاو بۆگرتنەوەی خەنە لە چای پڕڕەنگ کەڵک وەردەگیرێ، هەروەها لە هاڕدراوەی مێخەک و قاوەش سوود وەردەگیرێ.

ژنی کورد هەر لەکۆنەوە لە توێکڵی گوێز و گەڵای گوێز کەڵکی وەرگرتووە، بەم جۆرە››توێکڵی گوێزلە ئاودا دەکوڵێنن و بە ئاوەکەی خەنەکە دەگرینەوە، گەڵای گوێزەکەش بۆ پێچانی خەنەکە بە قژەکەوە بەکار دێنن››، بەڵام بابزانین سوودەکانیان چییە؟

١ ڕەنگی قژەکە جوانتر دەکەن.

٢ پێستی سەر بەهێز دەکاتەوە و پێشگیری لەوەرینی قژەکە دەکەن.

چەند ڕێنمایەکی پێویست:

- ئەگەر قژێکی وشکت هەیە دەتوانیت کەمێکی ڕۆنی(خەردەل) بکەیتە ناو خەنەکەوە و وەیان ئەگەر بەدەست کرێشی سەرەوە هەراسانی، ئەوە دوو کەوچکی (ماست) تێکەڵی خەنەکە بکە و هەروەها بۆ ئەوەی قژێکی بریقەدارت هەبێت، یەک کەوچک ئاوی (لیمۆ) یارمەتیتان دەدات.
- پێش ئەوەی خەنەکە لەسەرتان هەڵسوون، قژتان بەباشی بشۆن.
- ئەگەر مەبەستانە دەستەکانتان سوور نەبێ، دەتوانن لەدەستەوانە کەڵک وەربگرن و یان پێش ئەوەی دەست لەخەنەکە هەڵکێشن، ئەوە دەستان بە کرێمی نەرم کەرەوەی دەست چەور بکەن بۆ ئەوەی دەستان کەمتر سوور بێت.
- ئەگەر قژێکی درێژتان هەیە ئەوە باشترە قژەکە لە ناوەڕاستەوە بکەن بە دووبەش و پاشان خەنەکە بەشێوەیەکی باش لەسەر هەڵسوون و پاشان بەباشی بیپێچن و پاش چەند کاتژمێر بیشۆنەوە.

ئەگەر بەبەردەوامی و بۆماوەی چەند جارێک بەدوای یەکدا ئەم



کارەتان دووبارە کردەوە، دوایی ماوەیەک بۆتان دەردەکەوێ کە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر قژەکەتاندا هاتووە. واتە قژێکی نەرم و خاو و بریقەدارتان هەیە.

خەنە وەک دەرمان :

خەنە بۆ زۆرێک لە نەخۆشییەکانیش وەک دەرمان کەڵکی لێ وەردەگیرێ، وەک: (زیبکە و برینی کۆن و ڕۆماتیزم)، هەروەها خەنە چارەسەرێکی زۆر باشە بۆ قەڵەشانی دەست و قاچەکان و لە نێو بردنی بۆنی ناخۆشی قاچ.

گوڵی خەنە خەوهێنەرێکی باشە بۆ خەوێکی قوڵ هەربۆیە لە زۆرێک لە دەرمانەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئەو گیا سروشتیە جیا لە قژ بۆ بەهێزکردنی نینۆکەکانیش زۆر باشە.

# ”فشاره دەروونییەکانی سەر ژنی دووگیان وکاریگەریی لەسەر کۆرپەلە“

گرنگترین ئەو ڕێوشوێنانەی ژنی دووگیان پێویستە بیگرێتەبەر لەماوەی دووگیانیدا بەمەبەستی دوورکەوتنەوە و بەرەنگاربوونەوەی فشارە دەروونییەکان:

١_ دووگیانبوونی ژن بەپلان بێت، یان بێ پلان، نابێت پەشیمانی لەدوابێت، بۆنموونە، ژن نابێت دووچاری، هەستکردن بەگوناه، یان دڵەڕاوکێ ببێت، لەبەرئەوەی ئەو، یان هاوسەرەکەی نەیویستووە ئەو دووگیانییە ڕووبدات، چونکە ئەم حاڵەتە فشارێکی دەروونی دروست دەکات، بۆیە دەبێت حاڵەتەکە وەک خۆی پەسەند بکرێت و نەکرێتە گرفتێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەنێوان هاوسەراندا، دەبێت ژنی دووگیان لە دووگیانییەکەی چێژ ببینێت نەک بە کارەسات ببینێت.



٢_ ئەو ژنانەی لەپاش بوونی چەند کچێک دەیانەوێت کوڕێکیان ببێت، یان بەپێچەوانەوە، کاتێک لەڕێی پزیشک و پشکنینەوە بۆیان دەردەکەوێت ڕەگەزی کۆرپەلەکەیان پێچەوانەی خواستی خۆیانە (خواستی ژنەکە خۆی، یان هاوسەرەکەی)، دەبێت ڕەگەزی کۆرپەلەکە (نێربێت، یان مێ) وەک خۆی پەسەند بکەن، چونکە پەسەند نەکردنی ئەو ڕاستییە جگە لە فشارێکی دەروونی هیچی تری لی سەوز نابێت، بەداخەوە هەندێجار ئەو خێزانانەی کە چەند کچێکیان هەیە و کوڕیان نابێت، لەکاتی دەرکەوتنی ڕەگەزی کۆرپەکە لەڕێی پشکنینەوە کە هەر کچە و کوڕیان نابێت، فشارێکی دەروونی قورس لەسەر ژنەکە دروست دەبێت، هەندێجار بۆچوون و ویستی پیاو هۆکاری ئەم فشارە دەروونییەی ژنە.

٣_ دەبێت ژنی دووگیان بزانێت کە دووگیانی تەنیا ڕووداوێکی بایۆلۆژی نییە، لەهەمان کاتدا باری دەروونی ئارام و دوور لە دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی پێویستە، فەراهەم بوونی ئەو ڕەوشە دەروونییە دووگیانییەکی ئاسوودە مسۆگەر دەکات و ڕەنگدانەوەی ئەرێنیشی بۆ سەر کۆرپەلەی ئێستا و منداڵی ئاییندە دەبێت، بۆیە دەبێت دایکی دووگیان چەندە گرنگی بە باری تەندروستی کۆرپەلەکە و ڕەگەزەکەی و وادەی لەدایکبوونەکەی و ئامادەکارییەکان دەدات، ئەوەندە گرنگی بەباری دەروونی خۆی بدات و ژینگەی یەکەمی کۆرپەلەکەی کە بریتییە لە منداڵدانی دایک بکاتە ژینگەیەکی ئارام و هێمن بۆی.

٤_ هاوسەری ژنی دووگیان بەهەمان شێوە لەدابینکردنی ڕەوشی دەروونی ئارام و لەبار بۆ هاوسەرە دووگیانەکەی، ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێت بەردەوام دڵنیایی و سۆز و خۆشەویستی ببەخشێتە هاوسەرە دووگیانەکەی و خۆی لە وروژاندنی نەرێنیانە بەدوور بگرێت.

٥_ بۆ کەمکردنەوەی فشارە دەروونییەکانی پێویستە ژنی دووگیان بەپێی ڕێنماییەکانی پزیشک وەرزشی گونجاو بکات، هەروەها دەبێت گرنگی زۆر بە ڕاهێنانەکانی خۆخاوکردنەوە بدرێت.

٦_ نابێت ژنی دووگیان بەردەوام تەلقینی نەرێنیانەی خۆی بکات، دەبێت گەشبینانە لە تەندروستی خۆی و منداڵەکەی بڕوانێت.

٧_ گرنگیدان بە چالاکی بەسوود و پەیڕەوکردنی ئەو شتانەی ئارامی و شادمانی پێدەبەخشن.

٨_ خۆدوورخستنەوە لەهەر شتێک دەبێتە مایەی دروستبوونی فشار و دڵەڕاوکێ.

# نووستن دوای سەرهەڵدانی کێشە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە زوو چارەسەرکردنیدا

توێژینەوەیەکی نوێ باس لەوە دەکات کە خەوتن لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە و گرفت، کاریگەریی باشی دەبێت لە چارەسەر کردنی خێرای گرفتەکە

توێژەرانی ئەمەریکی لە زانکۆی کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توێژینەوەیەکی زانستیی نوێیان ئەنجامداوە کە دەریخستووە نووستنی ڕاستەوخۆ دوای تووشبوونی کێشە، لەوانەیە چارەسەرێکی ئاسان بێت بۆی، چونکە ئەو خەونانەی مرۆڤ دەیانبینێت چارەسەری دەروونی و دەماریی پێشکەش دەکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر یادەوەرییە ناخۆشەکان و ڕووداوە خراپ و ئازاربەخشەکان.

بەپێی ڕاپۆرتی بی بی سی، توێژەران ئاماژەیان بەوەداوە کە مرۆڤ کاتێک دەچێتە قۆناخی خەوتنەوە دەست بە خەون بینین دەکات و بەوەش سیستمی بەرپرس لە دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی لە مێشکیدا رادەوەستێت کە کاریگەر دەبێت بە ڕوودانی کێشە و ڕووداوە خراپەکانی ئەو ڕۆژە.

توێژەران دوای ئەنجامدانی ڕووپێوێک بە تیشکی ڕەنینی موگناتیسی لەسەر خانەکانی مێشک، بۆیان دەرکەوت کارکردنی بنکەی کۆنترۆڵ کردنی هەستەکان لە مێشکدا لە دوای نووستن ڕاستەوخۆ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و بەوەش یارمەتی مرۆڤ دەدات وردە وردە بەرەو باشی بچێت و پشوو و خەوێکی باش وەربگرێت.

هەروەها گوتیان مرۆڤ یەک لەسەر سێی ژیانی لە خەودا دەباتە سەر و چەندین قۆناخی جیاواز هەیە کە بە قۆناخی خەو هاتن و دواتر خەوی سووک و خەوی قووڵ و پاشان پشووی تەواو کۆتایی دێت کە قۆناخی بینینی خەوە و ڕێژەکەی دەگاتە ٢٠ لە سەدی ماوەی نووستن و ئەمە گرنگترین قۆناخی نووستنە.

لە قۆناخی کۆتایی خەودا لەشی مرۆڤ لە پشوو و حەوانەوەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناخی چالاکیی دەماخ بە تایبەت لە ناوچەکانی بیر کردنەوەی یادەوەری کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی سەر.

# ئایا دەزانن:

• ژنان دووسێهەم تا سێ چوارەمی کاری دونیا ئەنجام ئەدەن، ئەویش لە کاتێکدا کە ١٠ لە ١٠٠ی دەسکەوتی ئابووریی دونیا بە ئەوان دەگات؟!

• چواربەش لە پینج بەشی هەژارانی کۆمەڵگای ئامریکا ژنان و منداڵانن و لەم وڵاتەدا هەر ١٥ سانیە یەک ژن بەر شەق و لیدان دەکەوێت و هەر ڕۆژەی چوار ژن لە ژێر زەبری لێدان و توندوتیژی گیانیان لە دەست ئەدەن و هەرشەش دەقیقە دەستدرێژی جنسی دەکرێتە سەر ژنێک؟!

لە هەر ١٨ سانیەدا لە دونیا ژنێک دەکەوێتە بەر مەترسی توندوتیژی و لە هەر ٣ ژن، ژنێک قوربانی توندوتیژی جەستەیی و ڕۆحی و ڕەوانیە و لە هەر(٥) ژن ژنێک بەر مەترسی دەستدرێژی جنسی کەوتووە، یان دەستدرێژی کراوەتە سەر، و زیاترلە ٦١٪ ژنان لە کاتی دووگیانیدا بەرەوڕوی توندوتیژی دەبنەوە و ڕۆژی ٧ هەزار کچی منداڵ لە دونیادا بە زۆر بە شوو ئەدرێن و لە هەر ٢ کچی منداڵ کە بە زۆر بە شو ئەدرێت یەکێکیان دەکەوێتە بەر مەترسی و توند و تیژی بەرانبەر دەکرێت و هەر ساڵە ١٠ میلیون منداڵی کچ منداڵیان دەبێت لە کاتێکدا خۆیان هێشتا منداڵن؟!

• زۆرترین پوڵی بازەرگانی بە ژنان و بە کاڵا کردنی ژنان لە ئیران دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتداران و کەساییەتیەکانی حکوومەت و بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوی ئامریکا ڕۆژانە زیاتر لە ٥٤ ژنی ئێرانی بە وڵاتانی پاکستان،ئیمارات، یەکگرتووی عەرەبی و تورکیە دەفرۆشرێن و زیاتر لە ١٠٠ حاڵەت بەردباران تا ئێستا لە ئێراندا بەڕێوە چووە کە زیاتر لە ٧٠٪ی ژنان بوون و ئێستاش ٥٩ کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان کە ئەو حوکمەیان بە سەردا داسەپاوە؟!

• لە دونیادازیاتر لە ١٣٥ میلیون ژن لە باری جنسیەوە کەمئەندام کراون و ڕۆژانە ٦٠٠٠ کچی منداڵ لە باری جنسیەوە کەم ئەندام دەکرین؟!

• لە بولیوی ٧٩٪ کچان بە هۆی خراپ بوونی باری ئابووری لەشفرۆشی دەکەن و ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی هیند ٥٪ ژنان لە بەر ئەوەی پوڵی بردنی جیازی زۆریان نییە دەکوژرێن؟! و لە تورکیە تەنیا لە شەش مانگی هەوەڵیساڵی ٢٠١١ بیست و شەش هەزار ژن بونەتە قوربانی دیاردەی توندوتیژی و لە میسر ٨٣٪ لە ژنانی میسری و ٩٨٪ی ژنانی بیانی کە لەو وڵاتەدا دەژین ئەزیەت و ئازاری جنسی دەدرێن و ئایا دەزانن ساڵانە زیاتر لە ٥٠٠٠ قەتڵ بە ناوی بەرگیری لە شەرەف و ناموس ڕوو ئەدات و وزۆر تاوان و قەتڵی تریش کە لە هیچ جێگایەک تۆمار ناکرێت. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی سازمانی بهداشتی جیهانی ژنان سێ جار زیاتر لە پیاوان هەوڵی خۆکوشتن ئەدەن و ٩٢٪ ئەو ژنانە ژنی خانەدارن و ٩٨٪ ئەم خۆکوشتنانە لە ڕێگای خۆسوتاندنەوەیە؟!

• لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا یەک هەزار و ١٢ ژن لە هەرێمی کوردستان سوتاون و لە هەر هەفتەیەکیشدا زیاتر لە ٢٠ ژن دەسوتێ؟!

شەوی سەرکەوتنی شۆڕش لە میسر، واتە ١١ی فوریە کە بڕیار بوو بروسکەی بەهاری عەرەبی لە گەڵ خۆی بە دیاری بهێنێت، شەوی ناشتنی هیوا ئینسانیەکانی ژنانی میسر بۆ مسۆگەر کردنی جیهانێکی میهربانتر کە ژن و پیاو تیایدا یەکسانن بوو هەر لەو شەوەدا کاتێ کە دروشمی ئازادی دەدرا و موبارەک وڵاتی جێ هێشتبوو .

هەر ئەو پیاوانەی کە ڕۆژەکانی پێشوو بۆ ڕووخانی حکوومەتی موبارەک لەو مەیدانەدا هاوشان و هاوسەنگەر لە گەڵ ژنانی میسری کۆ ببوونەوە، هێرشیان هێنا سەر چەند ژنی هاوڕێ و هاوسەنگەریان و دەستدرێژی جنسیان پێ کردن، هەر ئەو شەوە دەستەیەک پیاو بۆ جێژن گرتنی ئەو سەرکەوتنە و دەربڕینی شادمانی خۆیان، بە تێکڕایی دەستدرێژیان لە لارا لوگان، ڕۆژنامەوانی تەلەویزیونی CBS کرد. هەر لەو شەوەدا مریەم نەکیوی، ڕۆژنامەوانی ٢٤ ساڵە و ئاڵا دەرویش ڕۆژنامەوانی فمینیستی میسرش دەستدرێژی جنسیان پێ کرا.مریەم نەکیوی دەگێڕێتەوە کە کاتێک هاواری دەکێشا و داوای یارمەتەی دەکرد، پیاوەکان پێیان دەکووت کە بێ دەنگ بێت و جێژنەکەیان لێ نەشێوێنێ!

ئایا دەزانن کە موستەفا عەبدولجەلیل ڕئیسی دەسەڵاتی کاتی لە لیبیا لە ڕێکەوتی ٢٣/١١ کاتێک کە وتاری سەرکەوتنی پێشکەش دەکرد هەوەڵین شت کە ئاماژەی پێدا ئەو بوو کە لەمەوبەدوا بنەمای ئایین دەکەینەوە بە یاساو فرەژنی کە تا ئێستا قەدەغە بووە لەم وڵاتەدا ئازاد دەبێت!

• لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ڕۆژانە هەزاران هەزار تاوان دەکرێت بێ ئەوەی لە هیچ جێگاییک تۆمار بکرێت!

• توند و تیژی بەرانبەر بە ژنان ڕواڵەت و سیمایەکی ڕازاوەی کۆمەڵگای پیاوسالاریە و دەیان ڕوخساری هەیە و ئایا دەزانن کە تاکە تاکەی ئێمە لە هەڵسوڕانی ئەم بازنەی توندوتیژیانە بەرپرسیارین.....!

وەرگیراو لە سایتی سەنتەری نینا



# بەڕێوەچوونی سیمینارێک لە ژێر ناوی «رۆڵ و ئەرکی هەنووکەیی ژنی کورد لە دیاسپۆرا» لە وڵاتی نۆرویژ

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨/ ژانویە ی ٢٠١٢ ناوەندی هەواڵ «نۆرویژ» لەلایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، سمینارێکی سیاسی لەژێر سەردێڕی ڕۆڵ و ئەرکی هەنووکەیی ژنی کورد لە «دیاسپۆرا» بۆ بەڕێز کوێستان گادانی پێکهات.

سەرەتا بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دەقیقەیەک بێ دەنگی ڕاگیرا. پاشان هاوڕێ مەحبووبە رەحیمی بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە نۆرویژ، وێرایی بەخێرهێنانی ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و بەشداربووانی سیمینارەکە ڕیزی بەرنامەکانی پێشکەش کرد.

خاتوو کوێستان گادانی بەشی یەکەمی باسەکەی خۆی لەسەر شیکردنەوەی وشەی دیاسپۆرا، پێناسەی دیاسپۆرا لە ڕووی لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسی بەگشتی و مێژووی دیاسپۆرای کورد، دینامیزم و چالاکی ئەم دیاسپۆرایە و پەیوەندی لەگەڵ نێوخۆی وڵات (واتە کوردستان) بە تایبەتی دەست پێکرد. لە ڕوانگەی بەڕێزیانەوە دینامیزم و چالاکی دیاسپۆرا کاتێک لەگەشەدا دەبێت بەرەوپێشکەوتن دەڕوات کە پێکهاتەی دیاسپۆرا چالاک بێت و مەیدانی چالاکیش لەبار و گونجاو بێت کە لەم بارەوە ئیشارەیان بە چەندین نموونە کرد کە کورد لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە گەڵی ڕووبەڕوو بوون و لە ڕووی هەڵسەنگاندنی نموونەکاندا دەردەکەوێت کە دیاسپۆرایەکی چالاک بەدایم دەتوانێ وزە بەخش و یاریدە دەربێت لە هەموو بوارەکانی گەشە ئەستاندن و ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەی دا.

لەبەشی دووهەم دا خاتوو کوێستان باسی لە پێکهاتەی ژنی کوردی دیاسپۆرا وجیاوازی باکگراوەندی ئەوان کرد. بەڕێز گادانی وێڕای ئاماژە کردن بە هۆکارەکانی لاوازی چالاکی ژنی کوردی دیاسپۆرا لە بوارە جۆراوجۆراکاندا بە هێنانەوەی چەندین پێشنیار و ڕێگا چارە لە جێبەجێ کردنی ئەرک و ڕۆڵ گێڕانی ژنان لەهەلومەرج و ئیمکاناتی ئێستای دیاسپۆرا، هاوکات باسی لە هەبوونی چاوەڕوانی نێوخۆی وڵات لە ژنی کوردی دیاسپۆرا کرد و پتەوترکردن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ ژنی دیاسپورای لە ڕوانگەی بەڕێزیانەوە پەیوەندی لەگەڵ نێوخۆ بە پێویستێکی هەنووکەیی زانی دوولایەنە و نزیک بوونەوەیان لە یەکتر و هەروەها خۆبەڕۆژ کردن وبردنە سەری ئاستی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و باوەڕ بەخۆبوون بناغەی ئەسڵی چالاک بوونی ژنان لە دەرەوەی وڵاتە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەشداربووان بە پرسیار و تێبینیەکانی خۆیان باسەکەیان درێژە پێدا کە لەلایەن خاتوو کوێستان گادانییەوە وڵامیان درایەوە.

بڕگەی دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر کارو چالاکی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕات لە نۆرویژ، کە سەرەتا لەم بەشەدا ڕاپۆرتێک لەسەر گرتنی



کۆنفرانسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەلایەن هاوڕێیان مەحبووبە رەحیمی و بەفرین ڕۆستەمی پێشکەش کرا.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دیموکڕاتی کوردستان،**
**کۆمیتەی نۆرویژ.**
**(٢٨ی ژانویەی ٢٠١٢)**

## بەڕێوەچونی کونفرانسێک بە بۆنەی هەشتی مارس لە وڵاتی سوئێد

سوئید: بە ریوە چونی کونفرانسیکی یە ک رۆژە بە بۆنەی هەشتی مارس یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بە پشتگیری و هاوکاری کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان، کۆنفرانسیکی یەکرۆژە بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن لە ریکەوتی ١٠ی مارس لە ستۆکهۆلم پیک هینا .

تەوەری سەرەکی ئەم کۆنفرانسە بەشداری ژنان و بەتایبەت ژنی کوردە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگای تاراوگە دایە.

پانێلگێرانی کۆنفرانس بریتی بوون لە بەرێزان مارلێن هاس سکرتێری سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان، شادیە حەیدەری نوێنەری پارڵمانی سۆئێد لەسەر لیستی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سۆئێد، کوێستان گادانی بەرپرسی پێوەندییە بیانیەکانی حدک لە وڵاتانی سکاندیناوی، ئەحمەد عەزیزی چاوەدێری سیاسی.

لەبەشی هۆنەری و کلتوری کۆنفرانس دا، لەریگای موسیقا، گۆرانی، شێعر و هونراوە، گروپی هەڵپەڕکێی کوردی و نیشاندانی مۆدی لیباسی کوردی هەوڵ دەدەرێ بۆ نیشاندانی گۆشەیەک لە هێما کلتووریە کانی کورد .

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی نورویژ

# بە بۆنەی هاتنی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان



**خوشک وبرایانی بەڕێز!**
**میوانە خۆشەویستەکان، ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بەبۆنەی هاتنی ٢ی ڕێبەندانەوە پربەدڵ پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە ئێوەی خۆشەویست و هەموو گەلی کورد دەکەین، هیوادارین لە ساڵی داهاتودا بتوانین لە وڵاتی خۆمان واتە کوردستانی ئێران ئەم ڕۆژە پیرۆزە بەز ڕاگرین..

لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا ڕووداوێکی گرینگ لە مێژووی کورد دا ڕووی دا، کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووداوەکانی دوای خۆی هەبوو.

لەو ڕۆژە دا لە شاری مەهاباد بۆ یەکەم جار حکوومەتێکی کۆماری بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر دامەزرا .

تەمەنی کورت، بەڵام پڕنێوەڕۆک بوو، لاپەڕێکی زێڕین و پڕشنگداری لە مێژووی پڕ لە هەورازو نشێوی کورد دا تۆمار کرد، کە هیچ کات لە بیرو زەینی ڕۆڵەکانی کورد و مێژوویی کورد ناسڕێتەوە.

کۆماری کوردستان نزیک بە ١١ مانگی تەمەن هەبوو، بەڵام لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەو ماوە کورتە دا سەرچاوەی گەلێک بەرهەم و دەسکەوتی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی بوو کە جێی شانازین بۆ نەتەوەکەمان

٢ی ڕێبەندان بیرەوەریی ڕووداوێکی مێژووییە لە ژیانو خەباتی نەتەوەکەماندا، چونکە بۆ یەکەمین جار خەباتو ڕەنجو ماندووبوونی نەتەوەکەمان بەری گرتو بوو بە خاوەنی دەسەڵات.

بارودۆخی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی ئەو کات کە بە سەر کوردستاندا زاڵ بوونی نیزامی دەربەگایەتی، دابو نەریتە دواکەوتووەکان ببوونە هۆی دواکەوتووی کوردستانو کاریگەرییان خستبوە سەر ژیانی خەڵک بە گشتی و بەتایبەت ژنان.

لەو سەردەمەدا بە هۆی هێندێک ئاڵوگۆری قوڵو گەورە لە ئاستی نێونەتەوەییو ناوچەییو بەتایبەت لە ئێراندا، کوردەکان لە بەشێک لە خاکی کوردستان کۆمارێکیان بە ناوی کۆماری کوردستان دامەزراند تا کۆتایی بەو ڕۆژرەشی و دۆخە نالەبارە بێنن کە ژیانی خەڵکی خستبوە مەترسیەوە.

پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد بە بیری تیژو پێشکەوتنخوازانەی خۆی بوونی ڕێکخراوەێکی تایبەت بە ژنانی بە پێویست زانی کە ژنانیش ڕێکخراوەیەکی تایبەتیان هەبێ، نەخوێندەواری ژنانو چالاک نەکردنیان مەترسییەکی گەورەو جیدی بوو, ئەو نەریت دواکەوتووانەی کە ئێخەی ژنانی کوردی گرتبوو وابە ئاسانی لە بەین نەدەچوو، هەر بۆیە ڕێکخراوێکی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو کۆمارەدا دامەزرا،یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان ٥٢ ڕۆژ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان بە فەرمی ڕاگەیاندراو تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سیاسی کوردا، ژنانی کورد بون بە خاوەن ئۆرگانێکی سەر بەخۆ و دێموکراتو یەکسانیخواز لە نێو کۆمەڵگای کوردستان دا.

خۆشەویستان! یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشێکە لە بەرهەمەکانی کۆماری کوردستان،لەو کاتەوە تاێستا شان بە شانی ڕۆڵەکانی دێموکرات لەمەیدانی خەباتدایە

یەکیەتیی ژنان وەک بەشێک لە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەو مافخوازانەی کوردستان، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بە پێی بارودۆخو قۆناغەکانی خەبات، ئەرکو ڕەساڵەتی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی خۆی بە جێ هێناوەو لەو کاتەوە تا ئێستا، بە شێوەیەکی بەر بڵاو لە پێناو دەستبەر بوونی مافو ئازادییە نەتەوەیەکانیانو دابین بوونی مافی ئینسانی‌و دێموکراتیکەکانی ژنانو یەکسان لە کۆمەڵگادا تێکوشاونو درێژەدەریی ئەو ڕێبازەن.

ئەگەر کۆسپو گیروگرفتەکانی بەردەم ژنانی کۆمەڵگەکەمان زۆرن، بەڵام ئاواتو ئۆمیدەکانی ژنان لە وان بەهێزترن، یەکگرتوویی دەبێتە حەرەکەتێکی مەزن و بەرفراوان لە بەرانبەر تاریکی‌و کۆنەپەرەستیدا.

ئێمەوەک یەکێتی ژنان لە سەرئەو باوەرەین کە خۆزگەو هیواکانمان، کۆڵنەدانو خۆراگریمان، بەردەوامبوونو پتەو بوونی هەنگاوەکانمان ،دەبێتە هۆی سەرکەوتنمان لە دوارژدا.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان
نەمان بۆ ناحەزانی گەلی کورد

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی نۆرویژ.**
**٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٠ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە نۆرویژ



ئێوارەی ڕۆژی شەممە،١٣ی ڕەشەممەی ١٣٩٠ی هەتاوی،بەرامبەر بە ٣ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی لەلایەن یە کیە تی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە نۆرویژ ئاهەنگێکی خۆش بۆ ڕێز گرتن لە خەباتو فیداکاریی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان لە جیهان بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب، لەلایەن کۆرسی سرودی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، ئینجا بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان بەگشتیو ئەو ژنە قارەمانو چاونەترسانەی بە فیدا کردنی گیانیان لە پێناو ئامانجەکانیان دا سڵیان نەکردوە ساتێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

بەڕێز خوشکە حەلیمە ئیسماعیلی ژنە تێکۆشەری دێرینی یەکیەتیی ژنان مۆمی ٨ی مارسی داگیرساند.

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایەن خاتوو مەحبوب ڕەحیمی بەرپرسی ئەو یەکیەتییەوە پێشکەش کرا، لە پەیامەکەدا کورتەیەک لە خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیانو هەروەها مێژووی ناسینی ٨ی مارس وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان تیشکی خرابووەسەر.

بەڕێزیان ئاماژەشی بەوە کرد کە سیستمی سیاسی ئەمرۆی کۆماری ئیسلامی بە هەموو جۆرێک هەوڵی داوە کە کلتورێک بەرهەم بێنێت کە بتوانێت لە هەموو ئاستەکان دا کۆنترۆڵی ڕەگەزی بەرانبەر بکات و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرێت. تا ئێستا و لە سەدەی بیست و یەکەمدا جگە لەو بێ مافیانەی کە دەرحەق بە ژنان هەیە،بەداخەوە توندتیژی لە هەمووئاستەکانیدا بەڕێوەدەچێت و بۆتە گرفتێکی سەرەکی کۆمەڵگای مرۆیی ،ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شێوازی دەسەڵاتی سیاسیەوە هەیە.مادام ئێمە لەکۆمەڵگایەکداین کە دەسەڵاتی سیاسی هیچ بایەخێک بۆ بەها مرۆییەکان دانانێت ولە بەرامبەر گیان وکەرامەتی ئینساندا خۆی بە بەرپرسیار نازانێت،کۆمەڵگا دەبێت شاهیدی قەتڵی ناموسی، بەردباران ودەست درێژی جنسی بێت. ناوبراو لەدرێژەی پەیامەکەیدا ئیشارەی بەوە کرد کە کچان و ژنانی کورد بە بەشداری لە خەباتی پێشمەرگانەوە بگرە تا خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوەی یەوە کۆڵیان نەداوە بەهیمەتی خۆیان سەلماندویانە کە ژنانیش وەک پیاوان دەتوانن دیفاع لە مافی خۆیان بکەن.

پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایە حوسێن حاجی ئەحمەدی جێگری بەرپرسی کۆمیتە لەوووڵاتەوە خوێندرایەوە، لە پەیامەکەدا بە بۆنەی ئەم یادەوە، پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان و هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز بەگشتی و بە تایبەتی پیرۆزبایی لە ژنانی خەباتکاری کوردستان کرد، لە درێژەی پەیامی حدک لە نۆروێژدا هاتووە کە

لە درێژایی ٣٣ ساڵی ڕابردوودا ژنانی ئێران و کوردستان لە خەباتێکی سەخت دژی نێوەرۆکی دژە ژن و پیاوسالارانەی نیزامی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا بوون،لەم پێناوەش دا نرخی زۆر قورسیان داوە. بەڵام بەربەرەکانی لە گەڵ ڕوانگە و سیاسەتە دواکەوتووانەکانی ئەم ڕێژیمە هەر وا درێژەی هەیە. هەر ئێستا لە درێژەی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتی یەکسانیخوازی و دژ بە دیکتاتۆری دا بە دەیان و سەدان ژنی تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری و یەکسانیخوازی لە زیندان لە ژێر ئازار و شکەنجە دان، زۆری واشیان تێدایە کە لە ژێر حوکمی نارەوای ئێعدام دا بەسەردەبەن. هەروەها بەڕێزیان وتی، بۆ هەموومان پێویستە کە دەرکی ئەم ڕاستییە بکەین کە هیچ نەتەوەیەک ڕزگار نابێ ئەگەر ژنان تێیدا چەوساوە بن. خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەییش بەبێ بەشداریی بەرینی ژنان، سەرکەوتوو نابێ هەر لەو کاتە دا هیچ دیموکراسییەکیش وەدی نایە مادام ژنان بەشدارییان لە دەسەڵات دا نەبێ. بۆیە قسە کردن لە ئازادی و بەختیاری بۆ داهاتووی کوردستان بەبێ بایەخدان بە خەباتی یەکسانیخوازی و بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتی ئەمڕۆ دا بێمانایە.

سەیران مەعروفی بەرپرسی یەکیە تی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیامی ئەو یەکیە تیە پێشکش بە بەشداربوانی جەژنی ٨ی مارس کرد، خوشکە سەیران لە پەیامەکەیدا وتی، ئەگەر چاوێک بە ڕابردووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە سەرەڕای ئەوەی کە ژنان ڕۆڵی بەرچاویان لەم بوارەدا گێڕاوە بەڵام بەداخەوە بە پێی پێویست و توانا و لێهاتوویی ژن، ژن ئیزنی گێڕانی ئەو ڕۆڵەی پێنەدراوە کە دەبوایە بیگێڕێ، کە ئەویش بۆ کەمتر ڕەخساندنی زەمینە و فەرهەنگ سازی لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە. هەر ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی بەهرە لە توانا پێویستەکانی بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگا وەرنەگیرێ بۆ گەشەدارترکردن و کاراترکردنی خەبات و، لە ئاکام دا بە ئەنجام گەیاندنی پەیامی خەباتی گەلەکەمان، بەڕێزیان باسی ئەوەی کرد کە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی وایە کە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و هاوسەنگیی ڕەگەزی، پێویستە ژنان و پیاوان لە یەک سەنگەر دا خەبات بکەن و هاوکار و پشتیوانی یەکتر بن، هەر بۆیە خەبات بۆ یەکسانی بە تەنیا ئەرکی سەرشانی ژنان نیە و، پیاوانیش دەبێ لەو بوارەدا ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕن.

ئینجا خاتوو بەیان عەباسی پەیامی

خوشكانی ڕێكخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی كوردستانی خوێندەوە.
دواتر لە لایەن ڕێزدار هاشم ڕۆستەمی لە سەر داوای بەڕێوەبەری یەكێتی ژنان بابەتێكی لە سەر ڕۆڵی ژن و نەقشی ژن لە كۆمەڵگادا ئاراستەی بەشدار بوان كرد.
ناوبراو بەوە دەستی پێكرد كە وتی ڕادەی پێشكەوتنی هەر كۆمەڵگایەك بەو هەنگاوانە دەپێوریَ كە ژنانی ئەو كۆمەڵگایە بەرەو سەربەستی هاویشتوونی. هەروەها لەمسەردەمەدا پێشكەوتوویی پێرەوپرۆگرامی حیزب و ڕێكخراوە سیاسی و جەماوەرێكان بەوە دیاری دەكریَ كە چەندە ڕۆڵ و نەقشی ژنان لە بەرنامە و كردارییاندا ڕەنگی دابێتەوە. لە درێژەی ئەو باسەدا ئاماژەی بەوە كرد، ئەریَ دیوتانە مەل بە باڵێك بفریَ! كەوابوو هەروەك مەل بە باڵێك ناتوانیَ بفریَ، كۆمەڵگاش بە بیَ بەشداری و مافی وەكیەكی ژن و پیاو ناتوانیَ كۆمڵگایەكی سەركەوتوو. ناوبراو لە دوابەشی قسەكانیدا كۆمەڵێك لەو دابونەریتانەی كە بەهۆی ئەوانەوە مافەكانی ژنان پێشێل دەكرێن دایە بەر ڕەخنەو تانج، بەڕێز ڕۆستەمی بە خوێندنەوەی پەخشانێكی شۆڕشگێڕی و پڕ هەست بۆ پەروین ڕووحی ئەو شێرە ژنەی كە لە شارە جوانەكەی سنە لەدایك بوو، بەڵام لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی دێموكرات لە ناوچەی پیرانشاردا شەهید بوو، كۆتایی بە باسەكەی هێنا كە لە گەڵ پێشوازی گەرمی بەشداربوان بەرەورو بوو.

چەند پارچە شێعر بە بۆنەی ڕۆژی ژن لە لایەن بەڕێزان مامۆستا سامان خانەقینی و خالید عەبدوڵلازادەوە خوێندرایەوە، كە جێگای ڕەزامەندی ئاهەنگێرانی جێژنی ٨ی مارس بوون.
هونەرمەندی دەنگ خۆش پەیمان عومەر كە میوانی یەكیەتیی ژنان بوو، بە چەند گۆرانی خۆش جەژنەكەی ڕازاندەوە.
پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە بەشداربوانی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس بە دەنگە زوڵاڵەكەی هونەرمەند پیران قادر زادە تا كاتژمێر ١٢ی نیوەشەو بە شایی و هەڵپەركێی كوردەواری شەوێكی خۆشیان بەسەر برد، هونەرمەند نەجمان سیندی بە چەند گۆرانێكی بادینی بەشداری ٨ی مارسی كرد.
لەلایەن پێشكەش كار دیمەن بەرزگەر، ئەندامی بەڕێوەبەری یەكیە تی ژنان،كورتە شێعری بە سۆزو پڕمانا لە ناوئاخنی بەرنامەكەدا پێشكەش كرا كە تامو جێژێكی تایبەتی بەخشیە ڕێورەسمی ٨ی مارس.

**بەشی ڕاگەیاندنی حدك لە نۆروێژ**
**١٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٠ی هەتاوی**
**٤ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی**

### كۆبونەوەی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان

# لە گەڵ بەرپرسی شارەوانی شێسمۆ لە نۆروێژ

ڕۆژی ٥شەممە ڕێكەوتی ٢ی فێبرواری ٢٠١٢ی زایینی لە



سەردانێكی فەرمیدا وەفدێكی ی.ژ.د.ك. لە گەڵ سەرۆكی شارەوانی شێسمۆدا بەڕێز ئولە یاكوب فلاتن كۆبوونەوە.
سەرەتا بەڕێز مەحبوب ڕەحیمی بەرپرسی یەكیەتیی ژنان لە نۆروێژ پیرۆزبایی سەركەوتنی ناوبراوی لە هەڵبژاردن دا كرد و هیوای خواست كە بە هاتنە سەركاری بەڕێزیان، هاوكاری نێوانیان زیاتر بێت، پاشان خاتوو مەحبوب باسی لە سەر وەزعییەتی یەكیەتیەكەیان لە وڵاتی نۆروێژ كرد وهەروەها ئاماژەی بە وەزعی نالەباری ژنان لە ئێرانی ژێردەستەڵاتی ئاخوندە دواكەوتوەكان بۆ بەڕێز ئولە یاكوب فلاتن كرد، دواتر لە لایەن دیمەن بەرزگەر ئەندامی بەڕێوەبەری یەكیەتیی ژنان باسێك لەسەر كارو چالاكێكانیان لە نۆروێژ بۆ ناوبراو كرد.
بەڕێز ئولە یاكوب فلاتن دوای باسەكانی هەیئەتی یەكیەتیی ژنان، خۆشحاڵی خۆی دەربری كە توانیویەتی لەگەڵ هەیئەتی ناوبراو كۆ ببێتەوە و پێی باش بوو كە ئەو كۆبوونەوانە بەردەوام بن بۆ ئاڵوگۆری بیرو ڕاكان كە دەبێتە هۆی باشتر بەڕێوەچوونی كارەكان، هەروەها بەڕێزیان ئاماژەی بەوە كرد كە ئاگادارە چۆن ژن لە وڵاتی ئێراندا دەچەوسێتەوە، ناوبراو ئاماژەشی بەوە كرد كە ئێستاش لە سنوری شارەوانی ئێمەدا بەشیكی بەرچاو لە ژنانی هاتوو بۆ ئەو وڵاتە لە زۆر بارەوە دەكەونە ژێر فشاری پیاوان، بەڕێز ئولە یاكوب فلاتن هیوای خواست كە ئێمە بە هاوكاری هەموو لایەك كارێك بكەین كە ئەو مووشكیلاتانە بەرەوكۆتایی بچن.
لە كۆتاییدا بەڕێزیان ئامادەیی خۆی دەربری بۆ هەموو هاوكارییەك كە لەدەست ئەو بێت دریغی نەكات.
جێگای باسە كە شارەوانی شێسمۆ لە نۆروێژ زۆرتری پەنابەری كوردی بەخۆوە گرتوە.
جێگای ئاماژە پیَ كردنە كە هەیئەتی یەكیەتیی ژنان پێك هاتبوو لە بەڕێزان، نەمام زەرینفام، شلێر ڕەسوولی، دیمەن بەرزگەر و مەحبوب ڕەحیمی، هەرواها بەڕێز شیشتن ئارنەسن لە بەشی كولتووریدا بەشداری كۆبونەوەكە بوو.
شایانی باسە كە كۆبونەوەكە ١كاتژمێرو نیوی خایاند.

# ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ٨ی مارس لە شاری سنە کەوتە بەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکان



ڕۆژی ٨ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی لە کاتێک دا کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی شاری سنە و یەکسانیخوازان لەو شارە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی ژن و دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بە سەرکوتی ماف و ئازادیەکانی ژنان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەو شارە کۆبونەوە، لە گەڵ هێرش و دژکردەوەی توندی هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامیەکانی ئێران بەرەوڕوو بوونەوە.

بە پێی زانیاریەکان کۆبوونەوە نارەزایەتییەکە ڕۆژی ٨ی مارس لە کاتێک دا کە حزووری هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێگرتن لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بەرچاو بوو لە شەقامەکانی شار دا پێکهات. بە دوای ئەوە دا هێزە ئەمنیەتییەکان هەر زوو هەڵیانکوتایە سەر خەڵکەکە و وێڕای لێدان و ئازاردانی بەشداران، چەندین کەسیشیان دەستبەسەر کرد.

❋❋❋

# وێنەیەکی گوڵشیفتە دەبێتە مایەی مشتومڕ



وێنەیەکی گوڵشیفتە فەراهانی ئەکتەری بەناوبانگی ئێرانی لەسەر ئێرانو جیهان مشتومڕی لێکەوتەوە.

پاش ئەوەی کە ناوبراو وێنەیەکی نیمچە ڕووتی خۆی لەسەر پەیجی تایبەتی خۆی لەفەیس بووک، گوڵشیفتە فەراهانی تەمەن (٢٨) ساڵ دوای ئەوەی تورەیی وەزارەتی ڕێنمایی ئیسلامیو ئاسایشی ئێرانی هەژاند بەهۆی ڕۆڵبینینی لەفیلمێکدا کە هۆلیود بەرهەمی هێنابوو، وڵاتی ئێرانی بەجێهێشتو ئێستا لەپاریس دەژی.

پاش نمایشکردنی فیلمی (بۆدی ئۆف لیس) لەگەڵ ئەکتەری ئەمریکی ( لیوناردو دیکاپیرۆ) دەسەڵاتدارانی ئێران بڕیاری قەدەغەکردنی سەفەریان لێکرد بۆ دەرەوەی ئێران، پاش ماوەیەک ڕێگەی پێدرا بچێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی وێنەی بەبێ سەرپۆش لەگەڵ دیکاپیرۆ، بەیەکجاری نەڕۆیشتەوە ئێران.



# درێژەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی(١٣٩٠/١٢/٣) هەتاوی لەلایەن بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان، شەهێن مورتەزازادە کۆبوونەوەیەکی بۆ خاتوونەسرین حەداد بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا

بابەتی کۆبوونەوەکە باسێک بوو، لەسەر زمانی زگماکی.

لە بەشێک خاتوو نەسرین حەداد باسی لەوەکرد کە زمانی دایک ئەو زمانەیە کە هەر نەتەوەیەک تایبەت بەخۆی هەیەتی و بەو زمانە قسە دەکات و جیا لەماڵەوە لە دەرەوەی ماڵەوەشدا ئەو زمانە بەکار دەبرێت.

بەشێکی دیکەی باسەکەی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان بریتی بوو لە ئاوڕدانەوە لە مێژووی(٣٣) ساڵەی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە درێژەدا بەڕێزیان گووتی لەماوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام پێشێلکاری مافەکانی ژنان کراوە، هەر بۆیە نابێت ژنان و کچانی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەشداری نەکەن لە هەڵبژاردن و جارێکی دیکە نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر ئەو ڕێژیمە دەربڕن.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون بۆچوونەکانی خۆیان هێنایە بەرباس. کۆبوونەوەکە پاش دووکاتژمێر کۆتایی پێهات.

❋❋❋

# بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی کەمپی( ئازادی و ئامیریە)





لە ڕێکەوتی١٣٩٠/١٠/٧کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی کەمپەکانی ئازادی و ئامیریە، لە یەکێک لە بنکەکانی یەکیەتیی ژنان پێکهات. ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن شەهێن مورتەزازادە ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بە هاوکاری فریشتە بەهاری جێگری ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان بەڕێوە چوو. ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان پێکهات. کە بەم شێوەیە(کۆمەڵەی گشتی پشتی پێبەستووە و بۆ ئیمزا و متمانە پێبەخشین و پەیوەست بوون پێشکەشی کردووە، بەپێی بڕیاری ٣٤/١٨ لە بەرواری ١٨ی دسامبری ١٩٧٩ مێژووی دەست بەکاربوونی لە بەرواری ٣ی ئەیلوولی ١٩٨١، بەپێی حوکمی ماددەی ٢٧).

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە فیستڤاڵی قەدەمخێر لەشاری سلێمانی





ڕۆژی هەینی ڕیکەوتی ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۹۰ی هەتاوی بەرانبەر بە۱۰ی فوریەی۲۰۱۲ی زایینی لەلایەن سەنتەری هاوبەشی لوڕ لە شاری سلێمانی فیستڤاڵیک لەژێر دروشمی قەدەمخێر ژنێکی شۆرشگێر، سەرکردەیەکی نەتەوەیی بۆماوەی دوو ڕۆژ سازکرا. لەو فیستڤاڵەدا چەندین کەسایەتی لە نەتەوەکانی لوڕ و کرد و فارس بەشدار بوون. لەلایەن یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیشەوە هەیئەتێک پێکهاتوو لە ڕۆژە عەزیزی، حەلیمە ڕەسووڵی، مەندانە حەبیب زادە بەشداری فیستڤاڵەکەبوون. لەسەرەتا و دەستپێکی فیستڤاڵی قەدەمخێر پاش بەخێرهاتنی میوانەکان مامۆستا شێرکۆ بێکەس پارچە پەخشانێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. پاشان چەندین پەیامی پیرۆزبایی کە پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان یەکێک لەپەیامەکان بووکە خوێندرایەوە، لە درێژەدا لە لایەن جەبار یاوەر سەرۆکی سەنتەری هاوبەشی لوڕ چەند وتەیەک پێشکەش کرا، لە پاشان بەڕێز حاکم قادر وتارێکی پێشکەش کرد.

دوایین بەشی بەرنامەکانی سەرلەبەیانی فیستڤاڵی قەدەمخێر پێشکەش کردنی چەند بەرهەمێکی جوان لەلایەن گرووپی موزیکی سەنتەری هاوبەشی لوڕ بوو. جێگای باسە ئەم فیستڤاڵە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێ و گرینگی بەستنی وەها فیستڤاڵێکیش جیا لەوەی کە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووە بەستنەوەی خەباتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە و لێکۆڵینەوە و زیندووکردنەوەی جولانەوەی خەباتی ژنانی کوردە و ئەزموونێکی بەهێزە بۆ داهاتوو.

# کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافیدا لە شاری کۆیە

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ۱۳۹۰/۹/۲۰ هەتاوی، بەرانبەر بە ۲۰۱۱/۱۲/۱۱ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە (نەسرین حەداد بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، ڕۆژە عەزیزی، شەهێن



مورتەزازادە، مەندانە حەبیب زادە، فریشتە بەهاری، ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان بە هاوڕێیەتی خاتوو ئایشە، خاتوو فاتمە، خاتوو کلسوم، خاتوو شایستە، خاتوو مریەم، خاتوو مەحبووبە، خاتوو شلێر، ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بەشداریان لە کردنەوەی پێشانگەیەکی فۆتۆگرافیدا لە ژێر ناوی(سۆزی دایک) کرد کە بەبۆنەی ٥٧مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان، لەلایەن لقی کۆیەیی یەکیەتیی ئافرەتانەوە کرابۆوە.

شایەنی ئاماژەیە فۆتۆکانی ئەم پیشانگایە گوزارشتیان لە گەورەیی و مێهرەبانی و دڵسۆزی دایک دەکرد کە زۆر بەجوانی ئەو هەستانەی نمایش کردبوو.

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە ڕێپێوانێک دا لە کۆیە



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕ ێکە و تی ۱۲/ ۱۰/ ۱ ۱ ۲۷ی کوردی فدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە بەبۆنەی پڕۆتستۆکردنی کارەساتەکانی شێرناخی باکووری کوردستان لە ناو شاردا ڕێپێوانێکی هێمنانەیان وەڕێ خست و لە پارکی ناوشاردا کۆبوونەوە و ئەم کردەوە کۆمەڵ کوژیەیان مەحکوم کرد.

سەرەتا ساتێک بێ دەنگی بۆبەرز ڕاگرتنی گیانی پاکی شەهیدانی شێرناخ ڕاگەیەندرا دواتر ڕاگەیەنداروی فدراسیۆنی ڕێکخراو مەدەنییەکانی کۆیە لەلایەن بەڕێز «قوباد حاجی ڕەفیق»ەوە خوێندرایەوە دواتر لەلایەن وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی شارەکەوە لێدوانێک سەبارەت بەم جنایەتە دژی مرۆڤانەوە پێشکەش کرا، بەدوای ئەمانەدا لەلایەن پشتیوان کاکەییەوە پەخشانێک هەر لەم پەیوەندییەدا پێشکەش کرا.

لە نێو خۆپیشاندەراندا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی هەریەک لە ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر پەرشتی بنیادی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سنفی دێموکراتیکەکان بەشدارییان لەم خۆپیشاندانە جەماوەریەدا کردو بە توندی ئەم کارەساتەیان پڕۆتستۆکرد.

## سەردانی هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی سەنتەری مەستوورە لە بنکەی یەکیەتیی ژنان



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەممە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی لەلایەن سەنتەری مەستوورە لە شاری دیانا بەڕێزان خەبات خان (دایکی میرخاس) بەرپرسی سەنتەری مەستوورە و زەکییە لادێی دەستەی کارگێڕی سەنتەر و بە هاوڕێیەتی ئامینە پوورسەعید و حەلیمە حەسەنی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە دیانا سەردانی بنکەیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن نەسرین حەداد بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، حەلیمە ڕەسووڵی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان و خەدیجە مەعزوور ئەندامی یەکیەتیی ژنان و شەهێن مورتەزازادە بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکیەتیی ژنان و ئایشە عیسا نەژاد و فریشتە بەهاری ئەندامانی جێگری بەڕێوەبەرییەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا گەلێک، بابەتی گرینگی پەیوەندیدار بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی پارچەکانی کوردستان هاتە بەرباس و راوێژی لەسەر کرا.

## بەشداری هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لە کۆڕێکی کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوەی کۆیە



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٠/٩/٢٠ بەرانبەر بە ٢٠١١/١٢/١١ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداریان لە کۆڕێکی کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوەی کۆیە کرد، بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر دۆخ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆیە، ئەم کۆڕە بۆ بەڕێز(د: محەمەدی ناسری) مامۆستای زانکۆ لە ژێر ناوونیشانی(پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای کۆیە، کێشەو ئاسۆیەکانی چارەسەر کردن) پێک هێنرابوو.

شایەنی باسە هەیئەتی یەکیەتیی ژنان پێکهاتبوو لە بەرپرسی یەکیەتیی ژنان»نەسرین حەداد« و ئەندامانی بەڕێوەبەری(ڕۆژە عەزیزی، شەهێن مورتەزازادە، مەندانە حەبیب زادە، فریشتە بەهاری)و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بەڕێزان (ئایشە، فاتمە، کلسووم، شایستە، مریەم، مەحبووبە و شلێر مەحموودی)

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس

کوردستان و کورد نیوز: یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان سمینارێکی بەرێوە برد.

لەو سمینارەدا کە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ ی ڕەشەممە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی و ڕۆژە عەزیزی، ئەندامانی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و عەلی بداغی، ئەندامی



راوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە لە سێ باسی جیاوازدا تیشک خرایە سەر بارودۆخ و بزووتنەوەی ژنانی ئێران و کوردستان لە ئێستادا.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس لە لایەن گەلاوێژ پەیرەوان، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە. دواتر هەر کام لە کۆڕگێڕانی سمینارەکە باسەکانی خۆیان پێشکیش کرد.

حەلیمە ڕەسووڵی لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەی بە سێ شەپۆلی فیمینیسم و تایبەتمەندی و کاریگەریی شەپۆلەکانی فیمینیسم لە سەر خەباتی ژنان و جۆری تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژنان و بارودۆخی ئەوان کرد.

ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە بەردەوامیی پۆلێن کردنی جۆر و قۆناغەکانی فێمینیسمدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە فیمینیزم وەکو بزووتنەوەیەکی گرینگ و بەردەوام بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەک بووە هۆی ئەوەی کە چەندین شێواز بێنێتە ئاراوەو هەر یەکەیان ئاراستەی جیاواز و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو، وەک ڕادیکال، مارکسیستی، سوسیالیستی، لیبراڵ و ئانارشیستی و هتد... کە ئەمانەش هەریەکەیان هەڵگری بۆچون و گوتاری تایبەت بە خۆیانن.

کۆرگێڕیکی دیکەی ئەو سیمنارە عەلی بداغی، ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بوو کە لە باسەکەیدا خەسارناسیی سەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ژیان و واقعی ئەوڕۆی ژنانی ئێران و ڕۆڵ و بەرپرسیارەتیی ناوەندە حکومییەکانی لەو پێوەندییەدا کرد.

عەلی بداغی بە ئاماژە بە کۆمەڵە دیاردە و خەسارێکی کۆمەڵایەتیی ئێستای کۆمەڵگای ئێران، وەک هەژاری، بێکاری، ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان، تەڵاق، خۆکوژی و خۆ سووتاندن، ژنانی سەرپەرستی خێزان و قاچاغی ژنان لە ئێران کاریگەریی ئەو خەسار و زیانە کۆمەڵایەتییانەی لە سەر ژنانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لێک دایەوە.

دوایین کۆڕگێری ئەو سمینارە ڕۆژە عەزیزی، ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو کە باسەکەی بۆ تیشک خستنە سر دیاردەی کاری ژنان و ژنان لە مەیدانی کاردا تەرخان کردبوو.

ڕۆژە عەزیزی لە باسەکەیدا بارودۆخی کۆمەڵگای ئێران بۆ کارکردنی ژنانی تێدا شی کردەوە و بە ئاماژە بە سیاسەتی هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی لە خوڵقاندنی هەلی کار بە نیسبەت ژنان رایگەیاند کە بە سەرنجدان بەو هەلومەرجەی کە لەم سی ساڵەی دواییدا باڵی بە سەر ئێراندا کێشاوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین زەربەیان لە بواری کارکردن لێ دراوە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا کەمڕەنگ کراوەتەوە.

لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەدا چەند بەشداربوویەک راو و سەرنجی خۆیان لەبارەی باسەکانەوە هێنایە بەر باس.

# کردستان و آذربایجان دارای شرایط و مشترکات فرهنگی ،مرزی و جغرافیایی فراوانی هستند،

مصاحبه: روژه عزیزی

**خانم فرزانه کیوانی**

**در سال ۱۳۵۲ ماه ۱۲ روز نهم در شهر تهران متولد شدم، ما اهل آذربایجان غربی هستیم شهر ماکو ،تحصیلات ابتدایی تا دوران کارشناسی ارشد را در شهر تهران به پایان رساندم، رشته تحصیلی من هنر بود و تخصص من ادبیات نمایشی که در مقطع لیسانس از دانشگاه تهران و در مقطع کارشناسی ارشد از دانشگاه تربیت مدرس فارغ التحصیل شدم. از دیگر فعالیتهای من مقاله نویسی در حوزه‌های فرهنگی ،هنری و اجتماعی بود که در نشریاتی چون: فصلنامه هنر، هنر نمایشی، پیام شمال و روزنامه هایی چون :اعتماد ملی به چاپ رسیدند. حوزه‌ی تخصصی کاری من سبک شناسی است که تز پایان تحصیلاتی من در کارشناسی ارشد درباره‌ی مکتب رمانتیک است و رمانتیسیسم مکتبی است که به طور تخصصی درباره‌ی آن به تحقیق و کار پرداخته ام.**

**همزمان با تحصیل اقدام به تأسیس یک موسسه فرهنگی هنری به نام آوای سرو شمال در شهر رشت نمودم.سالهای پایانی تحصیلات من مواجه شد با پیشنهاد کارهای سینمایی از طرف مرحوم سرهنگی که به حق از بهترین تهیه کنندگان سینمای فرهنگی ایران بود، ایشان تهیه کنند فیلمهای کوتاه و بلندی حول محور کردستان نیز بودند.اما بد از مرگ ایشان حوزه‌ی فعالیت من بیشتر متوجه فیلمهای کوتاه شد، که یکی از آنها فیلمی است به نام پنجره که من دستیار کارگردان بودم این فیلم در بی‌بی‌سی فارسی در برنامه‌ی آپارات هم به نمایش درامد است.و جوایزی هم برده.من در ادامه فعالیتها و تحصیلم موفق به دریافت پذیرش دکترا از دانشگاه حاجت تپه در شهر آنکارا شدم، آنجا هم یکی از فعالیتهای من ساخت ساز و کمک به دوستان جوانتر فیلمساز بود.اما به دلایلی موفق به ادامه تحصیل نشدم و دوره‌ی دکترای من نیمه کار رها شد.پس از مراجعت به ایران مجددا به کار پژوهش و مستند درباره‌ی زنان روی آوردم. در این زمینه همیشه با فعالین زنان ،سازمانهای مرتبط با زنان و کودکان در ارتباط بودم.از جمله کارهایی که آغاز نمودیم کار و فعالیت مستند در باره زنانی بود که در زندانها مورد تجاوز و بی‌حرمتی جنسی و روحی قرار گرفته بودند که متاسفانه ناتمام ماند.**



**روژه عزیزی: خانم کیوانی، به چه دلایلی زنان فعال ایران به خارج از کشور روی می اورند؟**

**فرزانه کیوانی:** مردم در ایران خسته‌اند . با توجه به سیستم ناپایدار و قوانینی که همیشه از امروز به فردا متفاوت است ،انسانها دچار یک سردرگمی روز افزون هستند، همه‌ی عقاید، رفتارها و حرکت شما باید در چهار چوب این نظام قرون وسطایی باشد اگرنه، نه در سیستم جا خواهید افتاد و نه به شما اجازه ابراز وجود میدهند،اما با تمام این تفاسیر زنان در جامعه ایران همیشه نقش بزرگی ایفا کرده‌اند. اما توهینها،تحقیرها، بایدها و نبایدهای مضاعف که همه‌ی وجوهات زندگی شمارا مورد حمله قرار میدهد،گروه بزرگی از زنان کشور من (ایران) را وادار به کوچ اجباری کرده است،به ویژه اگر شما به عنوان یک زن اهل خاموشی نباشید و به مسائل پیرامون خود واکنش نشان دهید،آنوقت است که جامعه مرد سالار و حکومت زن ستیز ایران توان تحمل شما را نخواهد داشت، و عرصه را بر شما تنگ خواهد کرد.من همیشه از زمان دانشجویی و در کارهای گروهی مختلف در بحثها و گفت و شنودهای آن زمان تا امروز بر این باور بودم و هستم که آنچه ایشان با آن سر جنگ دارند چیزی نیست .جز باورها و اندیشه هایی که مارا به حقایق جهان اشنا می‌کند.دلیل مبارزه این رژیم با اندیشه ورزان،که به خصوص این روزها در مبارزه با علوم انسانی و فرهنگ بسیار جلوه گری می‌کند ترس از مسائلی است ،که مبارزه با آن اگر چند صباحی به زور زندان و خفقان امکان پذیر باشد اما تیر بر ماه افکندن است،حالا شما بیائید جنسیت من و زنان همچون من را به این فعالیتها پیوند بزنید.نتیجه چه خواهد شد،یا ماندن بها دادن و مبارزه نفس گیر، یا رفتن رها شدن از تهدیدهای همیشگی و تحمل فرازو نشیبهای غربت ، که در هر دو صورت این بهای سنگینی است که یک نظام تمامیت خواه بر گرده‌ی زنان ایران گذاشته است.همین روزها که باهم در حال گفتگو هستیم، حتما خبر تعطیلی و انحلال خانه سینما به گوشتان خورده است حلقه‌ی محاصره بر علیه گروه فرهنگ و هنر ایران روز به روز تنگ تر میشود،این حذفها تا کجا ادامه خواهد داشت و چه عواقبی برای فعالین این گروه دارد تنها چیزی است که برای تصمیم گیران این سیاست اهمیتی ندارد.

**روژه عزیزی: فعالیتهای شما در داخل ایران به چه شیوه‌ای بود؟ ایا متمرکز شیوه‌ای خاصی بود؟**

**فرزانه کیوانی:** از آنجایی که من همیشه در حوزه‌های فرهنگی و هنری کار کردم، همیشه مدیای فرهنگی را به عنوان راهی برای گسترش آگاهی در بین مردم انتخاب میکردیم،حالا این ابزار گاه تئاتر بود گاه سینما و گاه مقاله نویسی. در پژوهش و مستند سازی راجع به زنان با گروهای دیگر همکاری داشتم ، در زمانهای‌های خاصی از شرایط ایران یا در اقلیمهای متفاوت گاهای این مستندات رنگ و بوی خاصی می‌گرفتند.که همیشه هم موفق به ارایه این آثار نبودیم.

**روژه عزیزی: ازادی زنان در ایران از دیدگاه شما چه تعریفی دارد؟**

**فرزانه کیوانی:** هرگاه که وارد چنین گفتگوهایی میشویم ،از جوابهای خودم هم آزرده میشوم.اما با توجه به تجربه‌های تلخی که در این مدت داشتیم، باید راجع به کدام آزادی و در کدام ایران حرف بزنیم،کدام تعریف میتواند روشنگر وضعیت حاد و نابسامان ایران باشد ،البته این شرایط تازه به وجود نیامده محصول یک تفکر ۳۳ ساله زن ستیز است،اما هرچه جامعه بیشتر رشد کرد و به خصوص

زنان بیشتر از لحاظ سطح سواد به جایگاهای بالاتری رسیدند ،بیشتر متوجه نابسامانیهای فردی و اجتماعی و حقوقی خود شدند.من به این امر اعتقاد راسخ دارم که اگر امروز در غرب زنان دارای حقوق حقه بیشتری هستند ، برای آن مبارزه کردند ،اما از طرف دیگر چون آزادی را محصول تولیدی که در دست دیگران باشد نمی‌دانم و معتقدم با انسان این حق زاده شده است ،استحقاق زنان کشورم را از هر ملیتی که باشند ،کم از ایشان نمی‌دانم که گاه به این نتیجه می‌رسم که زنان سرزمینم به جهت فشارهای بیش از حد با هر مانعی جنگیده اند و تحلیلها و شناختشان از جهان پیرامون اگر بیشتر نباشد از دیگران کمتر نیست.در ایران هیچ کس از خانواده بگیرید تا مذهب و دولت هیچ گاه تعریفی از آزادی برای جامعه زنان نداده است، همیشه مانع بوده، و این شما هستید که باید بر این موانع پیروز شوید همیشه بدون آنکه زنان در قانون گذاری سهیم باشند برایشان قوانین و بایدها و نبایدهای ریزو درشت نوشته شده است حال این قوانین می‌خواهد خانوادگی باشد،مذهبی یا دولتی .و به حق با تمامی سختی‌ها زنان سرزمین خورشید توانسته‌اند در به دست آوردن آنچه که از آنها ربوده شده است ، موانع سختی را کنار بزنند،کم نیستند زنان بزرگ و نامدار ایرانی که در راه آزادی شکنجه شدند، از خانه و خانواده دور افتادند ولی همچنان بر اعتقاد خود ایستاده‌اند.ولی این راه راه دشواری است ، از موانع نباید هراسید در هر کجای جهان که هستیم به خصوص اگر در کشورهای نسبتا امنتری زندگی می‌کنیم وظیفه و باری که بر دوش ماست سنگین تر است و این مبارزه ادامه دارد. باید به نسلهای آینده که از ما باقی خواهند ماند میراث بزرگتری بسپاریم.

**روژه عزیزی: شما یکی از فعالان سینمای ایران بودید ،نقش زنان در سینمای ایران و رسانها به چه شیوه‌ای است؟ ایا در ایران جایگاه خاصی برای زنان در هنر وجود دارد؟**

**فرزانه کیوانی:** کاملا به حق و بجاست که از زنان بزرگ این عرصه یاد کنیم و باور کنیم که این عرصه هنری در ایران زنان با ارزشی را به خانواده فرهنگی جامعه ما معرفی کرده است، زنان بزرگ و عزیزی چون خانم رخشان بنی اعتماد، فاطمه معتمد آریا،و خیلیهای دیگر که ما اینجا هدفمان لیست کردن اسامی نیست. زنان در عرصهای مختلف هنری چه نمایشی، چه تجسمی و چه هنرهای مستظرفه همیشه در ایران صاحب فکر ، و خلاقیت بوده‌اند.ببینید یک مساله باید روشن شود که هیچ جایگاهی توسط هیچ شخصی به دیگری اعطا نمی‌شود به خصوص که این جامعه مفروض جامعه ایران باشد.. .اما آنچه امروز با تمام فشارها سختی‌ها و از همه مهمتر خطرات جلوه گری می‌کند،حضور زنان و دختران جوان در عرصه‌ی سینمای کشور است و بخصوص سینمای مستند.اما رسانه‌های دولتی،چون وقتی از رسانه‌ها میگوئیم ناخوداگاه ذهن به سمت رسانه‌های دولتی میرود مسلم است که زنان کارشناس و فن سالار بسیاری در رسانه دولتی مشغول به کار هستند، اما آنچه که تولیدات این رسانه هارا احاطه کرده چندان قابل ارزش گذاری نیست. به نظر شما رسانه ای که چند سالی است تمام تلاشش شده تبلیغ چند همسری چه جایگاهی میتواند برای زن در نظر بگیرد؟

**روژه عزیزی: نظرتان راجع به زنان کورد در کوردستان چیست؟ تا چه‌ند از انان شناخت دارید؟**

فرزانه کیوانی: کردستان برای من از کودکی معنا داشت ،همانطور که گفتم من در خانواده آذری تبار متولد شدم،کردستان و آذربایجان دارای شرایط و مشترکات فرهنگی ،مرزی و جغرافیایی فراوانی هستند،از کودکی همیشه شاهد اختلاط این دو قوم در بین اقوام دور و نزدیک بودم.زنان و مردانی که وارد خانواده ما شده بودند،جدای از این روابط پدرم شخصیت نیکی داشت بسیار از و سپاسگزارم که هیچ گاه تعصبات خشک ملی را به ما آموزش نداد.همیشه به ترک بودنمان افتخار کردیم، اما در سایه احترام به همه ملت ایران،در کودکی کردستان زیبا را گشتم و در بزرگسالی به فراخور کار و گاها سفر مجددا به این سرزمین سفر کردم،در طی تحصیل دوستان و عزیزان بسیاری را از کردستان شناختم، که بعضا در زندگی من تاثیر گذار بودند،از بهترین اساتید رشته‌های ما در حوزه‌ی تئاتر دکتر قطب الدین صادقی هستند.که شاگردی ایشان برای ما افتخاری بزرگ بود،من تلاش کردم به این باور برسم که ایران با این تکثر فرهنگی زیباست،و هر ملتی حقوقی دارد که باید محترم شمرده شود، اما متاسفانه تبلیغات به شدت منفی حکومت مرکزی ملتها را از هم دور کرده است، پیشداوریهای سخیفانه درباره ترک و کرد و عرب بقدری آزار

دهند هستند که همگی را در یک بی‌خبری و بی تفاوتی عجیب نسبت به یکدیگر فرو برده است.من با تمام آشنای که با شرایط اجتماعی و سیاسی کردستان دارم،در زمینه ارتباط با زنان کرد به شدت دچار کمبود هستم، و آشنایی زیادی با شرایط فرهنگی ،کاری و دلمشغولیهای زنان این سرزمین ندارم.در شکل حرفه‌ای اگر بخواهیم بحث کنیم.اما دوستان کرد بسیاری دارم که در ارتباط با آنها هستم، و از دریچه‌ی ارتباط با آنها کرد و کردستان همدم روزهای سخت تنهایی غربتم شدند،فارغ از دلمشغولی‌های سیاسی و در دل خانواده .

**روژه عزیزی: اکنون فعالیت هایتان در خارج از ایران بر چه اساسی است و در چه زمینه‌ای است؟**

**فرزانه کیوانی:** این روزها با توجه به شرایط سختی که در ایران هست و مسئولیت‌هایی که من به عنوان یک انسان برای خود قائلم،به همکاری با امنستی مشغول هستم در شهر استاوانگر نروژ،و کماکان به این امید که فعالیتهای ما بتواند گرهی از مسائل انسانهای دربند ودردمند در ایران باز کند. از زمان حضورم در نروژ دو مقاله نوشته‌ام یکی به نام :زنان سرزمینم، زنان سرزمینش و دیگری به نام: زنان و اسلام سیاسی،که عنوان اول در اخبار روز و عنوان دوم در نشریه حزب دمکرات کردستان و به زبان انگلیسی چاپ شد.،از دیگر کارهای که به همراه دوست گرامیم آقای سعدیه به آن پرداختیم ساخت یک مستند بود که اکنون در مرحله تدوین است و امیدواریم به زودی آماده شود. لازم به ذکر است که این فیلم با کمترین امکانات و بدون هیچگونه حمایتی ساخته شد،که یاد آور روزهای کار در ایران بود، حتا در مواردی سخت تر

**روژه عزیزی: ایا تا بحال اتحادیه‌ی زنان آذری خارج از ایران در راستای دوستی و بر قرار کردن رابطه با زنان کورد در خارج از ایران اقدامی انجام شده؟**

**فرزانه کیوانی:** یکی از بهترین اتفاقاتی که میتواند برای رسیدن به این منظوربیفتد. ارتباط بین زنان این دو ملیت بزرگ ایرانی است، همانطور که بهتر از من مستحضرید،ارتباط در حوزه‌ی زنان میتواند تاثیرات بزرگی بر کلیات ساخت روابط دو ملت داشته باشد،ارتباطاتی گرفتم، که هنوز متاسفانه جوابی دریافت نکردم از جانب دوستان عزیزم،اما این کار حوصله‌ی بیشتری می‌طلبد که من کماکان بر آن اصرار دارم.آنچه که بر آن اصرار داریم تشکیل گروهایی جوانتر نه از لحاظ سنی ،بلکه از لحاظه کاری است که بتوانند به مسائل مشترک و دردهای مشترک بپردازند،برای مثال ما یک صفحه‌ی بهمراه دوستان کرد در فیسبوک باز کردیم به نام اتحاد کردستان و آذربایجان برای نجات دریاچه‌ی ارومیه،شاید قدمی کوچک بود اما قرار گرفتن نام این دو در کنار هم فرخنده بود.در پی ارتباطات گسترده‌تری هستیم که امیدواریم فضای بهتری برای این دو گروه ایجاد کند و بتوانیم با نظرات و دیدگاهای بهتر وارد ارتباط سازنده تری با اتحادیه زنان کردستان شویم.

سپاس و درود بی پایان جهت قبول کردن انجام این مصاحبه

**با سپاس فراوان از شما دوست گرامی برای ایجاد فضای این گفت و گو**

# “The international mother language day”



In February 21 of 1952 the Bangladesh nation protested against the racistice policy of the government of Pakistan, and demanded freedom of mother language. But they faced threatening and violence by the government of Pakistan, and many people were killed .Despite this events, Bangladesh nation were insisting on accomplishing their rights, and finally they achieved the freedom of reading and writing in their native language,and they saved their country from oppression.after that the united nations organization announced February 21 as mother language day.

Language is the history and identity of all ethnic groups, separating people from their mother language means destroying the sense of humanity and dignity. Mother language is one of the fundamental rights and it’s a fundamental base for societies and nations to develop their culture and identity.

Kurdish nation had been deprived from this fundamental right and had been opprressed many times because of using its’ native language. After establishing pahlawi regime in Iran, they tried to create a united language so as to be used as an official language, which it’s (Persian language). In this way using the other languages of other nations reduced.

According to language criteria, Kurdish language is one of the live languages that spoken by 40 million people around the world. Kurdish language was marginalized because of many varied reasons.

According to United Nations Organization charter: its every ones right to study in his own native language and no one has right to prevent it.

Unfortunately the people in power always tried to spoil Kurdish identity and their language. In Iran the opportunities of using Kurdish language is very limited, even according to Iran’s constitution , using varied languages in magazines , schools and universities is allowed beside Persian language, But until now it hasn’t been implemented.

Loosing language means loosing a significant base of all nations, that’s why each nation loves its language and tries to protect it. According to many language experts, Kurdish language has many specifications, that’s why it has been well known as an old language.

Language is a way of expression and it’s a creative of identity of human beings. But in Iran the only language that is used in schools is (Persian). Kurdish children are deprived of using their own mother language.

We hope that one day we could release from oppression and get freedom in all aspects.

Written by: editor
Translate by: Begard alipour

# womens
# گەنجینەی وێنە



کلارا زێتکین

تێکۆشەری کومۆنیست و سووسیالیستی مافی مرۆڤ و

لە پێشرەوانی بزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوەی فیمینیستی



گوڵتان کشاناک

ژنە کوردی پارلمانتاری بەدەپە لە پارلەمانی تورکیە



نەسرین ستودە

گەورە ژنی ئێرانی و یەکێک لەو پارێزەرانەیە کە دوای هەڵبژاردنی

2009 لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر فشار دایە و

ژیانی ئەو ژنە لێهاتووە لە مەترسی دایە



سیمین دانشوەر

نووسەر، وەرگێڕ و هاوسەری نووسەری ئێرانی جەلالی ئالی ئەحمەد

# WOMEN

**Democratic Women Union Of Kurdistan**
**No: 33**
**Date: March 2012**

## نەورۆزتان پیرۆز

